# کورته مێژووی پەرەسەندنی دەسەڵاتدارێتیی ئاینیی لە ئێران

**لە "سەفەوی" یەوە،**

**تا**

**رووخانی رژێمی حەمەرەزاشای پەهلەوی!**

**نووسەر: سیروان کاوسی**

**نۆرویژ: مانگی گوڵانی ۲۰۰۷**

# A Short History of the Evolution of Religious Rule in Iran

## From the Safavids To The Fall of Mihemmed Reza Shah Pahlavi

By: Sirwan Kawsi

May - 2007

**پێشکێش:**

**بە: نەتەوەی کۆیلە و خۆڕاگری کورد!**

**بە: شەهیدانی بێئەژماری نەتەوەی کورد!**

**بە: هەموو ئەو تێکۆشەرانەی بۆ سەربەزریی نەتەوەی کورد و،**
**بۆ کوردستانێکی ئازاد و سەربەخۆ تێدەکۆشن!**

**بە: هەموو هاوبیرانی کۆنگرەی نیشتمانیی کوردستان!**

**بە: برا و هاوبیری دلسۆز و نیشتمانپەروەر،**
**مامۆستا محەمەد ئەحمەدیان!**

# ناوەرۆك


وتەیەک لەبارەی ئەم پەرتووکەوە ........................ مامۆستا کامیل ژیر ل ٥

سەرەتا ..................................................................... ل ٨

ڕەگەز و ڕەچەڵەکی بنەماڵەی سەفەویی........................................ ل ١٠

ڕۆڵی کۆلۆنیالیزمی جیهانیی لە پەرەپێدانی ئاینی شیعەگەرێتیی لە ئێران ........ ل ١٨

چۆنێتی دامەزرانی حکوومەتی پەهلەوی، لەزمانی "تاج الملوک" ەوە ............ ل ٣١

بزاڤی دوکتۆر موسەدق و دەرکردنی ئینگلیز لەئێران .............................. ل ٣٧

پیلان و نەخشەی سێ کوچکەی (ئینگلیز – ئەمریکا – مەلاکان ............... ل ٤٠

ڕۆحوڵڵا خومەینی، لەنووسینی "کشف الاسرار" ەوە تا بزاڤی ٤١ی هەتاوی ..... ل ٤٥

هۆکاری دژایەتیکردنی پرۆژەی "شۆڕشی سپی" لەلایەن مەلاکانەوە .............. ل ٥٠

هۆکارەکانی سەرهەڵدانی قەیرانی ئابووری و سیاسیی ............................ ل ٥٣

بارودۆخی ئۆپۆزسیۆن و، پێکهاتەی بەرەی دژ بە ڕژێمی شا ........................ ل ٦١

بارودۆخی سیاسیی کوردستان لەسەردەمی ڕژێمی حەمەڕەزاشا .................. ل ٦٩

تووشبوونی شا بە نەخۆشی "شێرپەنجە" و هەڵوێستی هاوپەیمانانی، ڕاپەڕینی سەرتاسەری و ڕووخانی یەکجاریی ڕژێمی پاشایەتیی ............................ ل ٧٩

ڕۆژهەڵاتی کوردستان، لە دوایین ساڵی تەمەنی ڕژێمی پەهلەویی ................ ل ٨٥

سەرچاوە ................................................................... ل ٩٠

# وتەیەك لەبارەی ئەم پەرتووكەوە

## كامیل ژیر



ئەم پەرتووكەی هاوبیری هێژام، مامۆستا سیروان كاوسی، جگە لەوەی بەهایەكی زۆری مێژوویی هەیە و گەلێ زانیاری ئەوتۆی تێدایە كە ئەشێ لای ژمارەیەك ڕەمەكی خەڵك و ڕۆشنبیریش نەزانراوبێ، گەلێ وانەی نەتەوەییانەی ئەوتۆشمان ئەداتێ كە پەند و ئامۆژگارین بۆ نەوەكانی ئەمڕۆی نەتەوە ستەمدیدەكەمان و چراوگی ڕووكەرەوەی كاروانی خەباتی كوردایەتیمانن، لەوانە:

١- نووسەر ئاماژە بۆ ڕۆڵی كۆلۆنیالیزمی جیهانی ئەكات لە پەرەپێدانی ئاینزای شیعەگەرێتیدا. ڕاستییەكەی، كۆلۆنیالیزمی جیهانی هەر تەنیا لەپشتی پەرەپێدانی شیعەگەرێتییەوە نییە، بەڵكو لەپشتی پەرەپێدانی هەموو ئاین و ئاینزاكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوەیە. مەبەستیش لەم كردەوەیە، جگە لە دژایەتیكردنی بەرەی چەپ لەسەردەمی سۆڤێتیدا، دانیشتوانی ئەم ناوچانە، زیاتر بۆ ئەو دنیای هەتا هەتایی بژین (بەپێی ئاین) و ئەوەندە بایەخ بە ئەم دنیای كاتی نەدەن. بەوەش، ئەم كۆمەڵگا ئاینیانە، هەمیشە لە كەش و هەوای نەزانیندا، تەمەنە كورتەكەی ئەم دنیا بەسەر ئەبەن و بەلای زانست و تەكنەلۆجیادا ناچن. واتا، زانست وتەكنەلۆجیا، كە كۆڵەكەی هەرە ئەستووری ئابووریی ڕۆژئاڤایە، هەر پاوان ئەبێ بۆ خۆیان. بازاڕەكانی ولات و ناوچە ئاینییەكانیش، بازاڕی فرۆشتنی كاڵا و بەروبوومی زانست و تەكنەلۆجیایان ئەبێ. بەڵگە نەویستیشە كە سەرچاوەی دەسەلاتی سیاسی و هێزی سەربازیش لەمڕۆدا، هەر زانست و تەكنەلۆجیایە. بۆ ڕاستیی ئەم دید و بۆچوونەش، ئەگەر سەرنج بدەین، ئەبینین، هەتا ئەم چەرخی بیست و یەكەمینەش هیچ كام لە كۆمەڵگا ئاینییەكان، بە بێ مەكینە و ئامێر و ئەندازیار وشارەزای ڕۆژئاڤا، دەرزییەكیان بۆ دروستناكرێ. ئەوە لە كاتێكدا كە لە كۆمەڵگاكانی خۆیاندا، نەدەسەڵاتی سیاسی كەنیسەیان هێشت، نە ڕۆڵێكی ئەوتۆشیان بۆ ئاین هێشتەوە لە فەرمانڕەواییكردنی ولات و ئاراستەی كۆمەڵگەكانیاندا.

٢- كاك سیروان، ئەوەی پێشانداوە كە نزیكەی هەشت سەدە لەمەوبەر، توركمانەكانی ئێران، یاریدەدەری مەغۆلەكان بوون بۆ داگیركردنی ڕۆژهەڵاتی كوردستان وتیا نیشتەجێبوون و كوردیان لەزێدی باوباپیرانیان دەركردووە، لەوانە: ئەو ئازەباجانەی لەمێژووی كۆندا بە ولاتی مادی گەورە

دەناسرا. ئەمە پەندێکە، وریامان ئەکاتەوە کە ئەبێ هەمیشە بە ئاگابین لەو کەمینانەی لە کوردستاندا ئەژین. ئینجا خۆ ئەم وڵاتانەی دنیا، هیچیان بە بێ کەمینە نین، بەڵام جیاوازی لەنێوان کەمینەیەک و کەمینەیەکیتردا هەیە. ڕاستییەکەی هەموو کەمینەیەک، هەمیشە دڵی بۆ نەتەوە دایکەکەی خۆی لێئەدا. کوردیش هەروایە، لەهەر جێگەیەکبێ. ئەمە تایبەتمەندییەکی سروشتییە لە مرۆڤدا و ئاساییە، بەڵام کاتێک سنووری ئەو نەتەوەی دایکە نووسابێ بە سنووری ئەو وڵاتەی کەمینەی تیایە، مەترسییەک دروست ئەبێ. ئەگینا کەمینەیەک کە لە ولاتێکی دووردا بژی، مەترسییەکی نابێ بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی ئەو ولاتە. بۆ نموونە: کەمینە فرەجۆرەکانی کە لە بەریتانیا ئەژین و ئەمڕۆ خەریکە لە پایتەختێکی وەک لەندەندا زۆرینەی دانیشتوانی ئەو پایتەختە پێکئەهێنن، مەترسییەکیان بۆ ئاسایشی نەتەوەیی بەریتانیا نییە. چۆنکە سنووری هیچکام لە هێندستان و پاکستان و عەرەبستان و ئەفریقا، بەسنووری بەریتانیاوە نەلکاوە. بەڵام کەمینە تورکمان و عەرەب و فارسەکان لە کوردستان، جێگەی مەترسین و پێویستە ڕێگەیان نەدرێ سیخۆڕی ونۆکەری و چاوساغی بۆ نەتەوە دایکەکانیان بکەن.

٣- نووسەر، ئەوەمان پێئەڵێ: بنەچەی سەفەوییەکان، نەتەوەی کورد بووە. بەڵام ئەو سەرچاوانەی لەسەردەمی شاکانی سەفەویدا نووسراون، بنەچەی سەفەوییەکان ئەبەنەوە سەر پەیامبەری ئیسلام و ئەسحابەکانی و ئیمامی عەلی، بەبێ هیچ بنەمایەکی زانستی. بەوەش، ئەگەر وابێ. واتا بنەچەی سەفەوییەکان، نەتەوەی عەرەبە. ئینجا وەنەبێ هەر سەفەوییەکان، بەڵکو هەرچی بنەماڵەی شێخ و سەید لە کوردستاندا هەیە، شەجەرەکەی خۆیان بردۆتەوە سەر پایامبەری ئیسلام. بەو پێیە، نزیکەی نیوەی کوردستان کە بە شێخ و سەید ناو ئەبرێن، ئەبێ عەرەب بن!! کە ئەوە هیچ ڕاستییەکەی تێدا نییە، بەڵکو (وەک کاک سیروانیش ئەڵێ) لەو سەردەمانەدا، ئەو بنەماڵانە ویستوویانە لای خەڵکی ڕەشوڕووتی کوردستان، وەک بنەماڵەیەکی پیرۆز خۆیان بنوێنن، هەر یەکە و بۆ مەبەستێک. ئەوانەی دەسەڵاتیان بەدەستبووە، ویستوویانە سەرپێچیکردن لە بڕیارەکانیان، بە سەرپێچیکردنی لە فەرمانی خوا لەقەڵەم بدەن! ئەوانەشی دەسەڵاتیان بەدەست نەبووە، ویستووتانە لەسەر ڕەنجی خەڵکی ڕەشوڕووت بژین، بەوەی ئەو خەڵکە هەمیشە زیارەتی تەکێکانیان بکەن و دیارییان پێشکێش بکەن و کوڕنۆشیان بۆ بەرن. ڕاستییەکەی هیچ بنەمالەیەکی شێخ و سەید لە کوردستاندا، ناچنەوە سەر عەرەب، بەم بەڵگانە:

أ- لەپەیدابوونی پەیامبەرەوە، ئەندامەکانی نەتەوەی عەرەب، خۆیان بە هاوڵاتی پلە یەک زانیوە و بێزیان نەهاتووە خۆیان لەناو نەتەوەکانیتر بتوێننەوە.

ب- نەتەوەی کورد، لەپەیدابوونی ئەو پەیامبەرەوە، دەولەت و دەسەلاتی سەربەخۆی خۆی نەبووە تا ئەو ژمارە عەرەبە، کە گوایە ئەبنە باپیرانی شێخ و سەیدەکان، لەناو خۆیدا

بتوێنێتەوە. بە پێچەوانەوە، ئەو عەرەبانەی بەناوی فەتح و غەزاوە هاتوونەتە کوردستان، هەنگاو بە هەنگاو، زەوی کوردیان داگیرکردووە، یان کوردەکانیان قەڵاچۆ کردووە و راوناوە، یان ئەو داماوانەی مابنەوە، تەعریبیان کردوون. نەک هەر ئەوانە، بەڵکو هەزارانی وەک شەوقی و عەقاد و زەهاوی و هەموو نەتەوەکانی سەلاحەدینی ئەیوبی و ... هتد لەناو عەرەبدا تواونەتەوە.

ج- تا ئێستا و لەم سەردەمی عەولەمەیەشدا، ماڵە کوردێک کچی خۆی نادا بە عەرەبێک. کە واتە ئەو دیاردەی شێخێتییە، لەرێگەی ژنخواستنیشەوە نەبووە. ئینجا ئەگەر تاکوتەرایەک کچی کورد شووی بە عەرەبێک کردبێ، مەرج نییە ئەو عەرەبە لە نەوەی پەیامبەر بووبێ.

من نامەوێ لەمە زیاتر، لە گەوهەرەکانی ئەم پەرتووکە بدوێم ئەوەی ماوە، بەجێیدەهێڵم بۆ سەرنج و بیروهۆشیاریی خوێنەرەوە خۆشەویستەکانی ئەم بەرهەمە.

**لە کۆتاییدا، دەسخۆشانە و پیرۆزبایی لە کاکە سیروان کاوسی ئەکەم بۆ ئەم بەرهەمەی و بۆ ئەو هەموو بەرهەمە بیرمەندییانەیتری لەنێوان هەوڵە زۆرەکانی بۆ کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان و تێکرِا وشە و رێبازی کوردایەتی.**

**هەر سەرکەوتووبێ.**

**کامیل ژیر**

**سلێمانی ٢٠٠٧/٨/١**

## سوپاس و پێزانین!

**سوپاسی پڕبەدڵی مامۆستای گەورە و بەڕێزم، مامۆستا جەمال نەبەز دەکەم، کە ئەرکی پێداچوونەوە و، بژارکردنی هەڵەی تایپی ئەم بەرهەمەیان ئەنجامدا!**

## سەرەتا

سەبارەت بە مێژووی سەرهەڵدان و، چۆنێتیی هۆکاری راستینەی سازبوونی دووبەرەکی لەنێوان سوننە و شیعەدا، بیروراکان یەک نین و، هەرلایەنێکیان رەوایەتیی (شرعیت) بە رێبازەکەی خۆیدەدا و، لایەنەکەی دیکە، بە لادەر و هەڵە و ناڕاست نێوناس دەکات. هەموو ئەو سەرچاوانەی لەلایەن زانایانی شیعەوە نووسراون، چاوکانیی ناکۆکیی نێوانیان لەگەڵ پێڕەوانی سوننە، دەبەنەوە بۆ چاخ و سەرەتاکانی ئیسلام. گەڕان بەدوای هۆکاری راستینەیان، شرۆڤەی جیاواز و تایبەت بەخۆیان دەوێ و، دایدەنێین بۆ لێکۆڵەوەر و زانایانی سەر بە هەردوو رێبازەکە. ئەوەی لێرەدا مەبەستمانە و دەمانەوێ لەسەری بدوێین، هۆکارەکانی پەرەسەندنی دەسەڵاتدارێتیی ئاینییە لە ئێران، لەسەفەوییەوە تا هاتنەکایەی کۆلۆنیالیزمی جیهانی و، رۆڵی ئاین لە سیاستی دەولەتەکانی زلهێزی جیهان لە نێوچەکە و، لەئێران.

سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژەی پێدەکەن، لەپێش بەدەسەڵاتگەیشتنی بنەماڵەی سەفەویی، کە رێبازی شیعەگەرێتیی کردە ئاینی رەسمی لە ئێران و وڵاتانی بندەستیدا، لە هێندێ شار و نێوچەی ئێران، لەوانە **قۆم و کاشان** و، لە **مازندەران و گێلان** و، تەنانەت لەنێو ترکمانەکانی باکووری رۆژهەڵاتی ئێران، بەرێژەیەکی کەم پێڕەوانی شیعەیان لێ ژیاوە، بەڵام زۆرینەی دانیشتووانی پەلاتی ئێران بەهەموو گەل و رەگەزی جیاجیاوە، موسڵمانی سوننە بوون. لەبەر ئەوە بۆچوونێکی هەڵە و نابابەتانە دەبێت ئەگەر، دامەزراندنی حکوومەتی سەفەوی بە سەرەتای بیری شیعەگەرێتیی لە ئێران دابنرێت، دواتر لەسەر ئەم بابەتە زیاتر دەدوێین، بەڵام جارێ با بزانین، بنەماڵەی سەفەویی، خەڵکی کوێ بوون و، لەچ رەگەز و تیرەیەک بوون.

پێش چوونە نێو کاکڵی باسەکەمانەوە سەبارەت بە بنەماڵەی سەفەویی، پێویستە سەرەتا هێندێک لەبارەی لەشکرکێشی مەغۆل و ترکمانەکان بۆ سەر ئازەربایجان و کوردستان بدوێین، چۆنکە هاتنی مەغۆل و ترکمانەکان بۆ ئازەربایجان (کوردستانی ئەوکات)، پێوەندییەکی راستەوخۆی بەباتەکەوە هەیە.

**چەنگێزخانی مەغۆل، سەرۆکی هۆزی مەغۆل**، ساڵی ٦١٦ی هەتاوی بەرامبەر بە (١٢٣٧ی زاینی) **(١*)** بەرەو پەلاتی ئێران هێرشێکی گەورەی خستەڕێ و، پاش تێکشکاندنی سوپای خوارەزمشا **(نێوەکە کوردییە و، مانای: شای ئازا و دلێر و خودێی نەبەردیی دەگەیەنێت!)**، ئێرانی داگیرگرد و، هەرچی شار وگوند و، حەشیمەت وزیندەوەر هاتەسەر رێی، لەنێوی برد و، دەستیکرد بە سووتاندن و وێرانکردن و تالانکردنی سامانی دانیشتووانی شار و گوندەکان. چەنگێز پاش داگیرکردنی ئێران گەڕایەوە بۆ مەغۆلستان و، لەوێ کۆچی دوایی کرد. پاش مردنی چەنگێز، ولاتانی داگیرکراو لەنێوان چوار کوڕەکەیدا دابەشکران و، کورە گەورەکەی کەنێوی **"ئۆکتای"** بوو، بوو بە جێنشینی. **"ئۆکتای"** و سێ براکەی لەگەڵ سەردارەکانی سوپای مەغۆل، بڕیاریاندا

بۆ تەواوکردنی هێرشەکەی چەنگێز، هێرش بۆ دوو لایەن بەرن. لایەکیان هێرش بەرنە سەر وڵاتی چین و، سوپاکەی دیکەشیان بەرەو داگیرکردنی باکووری رۆژهەڵاتی کوردستان (ئازەربایجانی ئێستا) هێرش بەرێت. نێوی ئەو سەرکردەی سوپای مەغۆل، کە بۆ هێرشکردنە سەر ئازەربایجان دەستنیشان کرا، "جرماغون نویان" بوو. جرماغون لەئەنجامی چەندین شەڕ و پێکدادانی گەورە و گران و خوێناویدا، توانی بەسەر سوپای کورد و ئەو نێوچانەی فارسیان لێدەژیا سەرکەوێ و، هەموو ئێران و سەرتاسەری ئازەربایجان و بەشێکی زۆر لە خاکی کوردستانی ئێستا داگیر بکات و، لەوێشەوە ئەرمەنستان و گورجستان و ئاسیای بچووک (ترکیای ئێستا) بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە. سوپای مەغۆل لەگەڵ داگیرکردنی هەر شار و نێوچەیەک، بەوپەڕی دڕندەییەوە دانیشتووانیان قڕدەکرد و، لەو رێگەوە بە سەتان هەزار مرۆڤیان لەنیو برد و. سەروەت و سامانیشیان بەتاڵان بردن. **شاری تەورێز کە لەو سەردەمەدا، یەکێک بوو لە شارە گەورەکانی کوردەواری و، زۆرینەی دانیشتووانی لە کورد پێکهاتبوون، لەلایەن مەغۆلەوە کرایە پێتەختی دەسەڵاتدارێتییەکەیان. بەشێکی زۆر لە خێڵ و هۆزە ترکمانەکان و، هۆزەکانی باکووری رۆژهەڵاتی ئێران، بە هۆز و چەکی خۆیانەوە، لە نێو سوپای مەغۆل و لەژێر فەرماندەیەتیی مەغۆلەکاندا، رۆڵی گرنگ وسەرەکییان لە داگیرکردنی ئەو وڵات و نێوچانەدا گێڕا.**

دەسەڵاتدارێتیی مەغۆلەکان لە ئێران و کوردستان، بە مردنی دوایین پاشای مەغۆل، کە نێوی **"سوڵتان ئەبوو سەعید"** بوو، لە شاری تەورێز لەساڵی ٧٣٦ی هەتاوی ، کۆتایی هات و، بۆ ماوەی ١٢٠ ساڵ حوکمڕانیی سەرتاسەری ئاسیایان بەدەست بوو. لەپاش مەغۆلەکان، ئیمپراتۆریی **"تەیمووریی" لەلایەن "تەیموور" نێوێکەوە، کە بە (تەیموورە شەل)** ناسرابوو، دامەزرا و، بۆ ماوەی پتر لە سەت ساڵ، لەلایەن خۆی و کوڕ و نەوەکانییەوە بەسەر هەموو کوردستان و ئێران و، بەشێکی زۆر لە ئاسیادا حکوومەتیان کرد. تەیموور و کوڕ و نەوەکانی، بەڕچەڵەک مەغۆل و لە نەوەی **"جۆغتای" (ئۆکتای)**، کوڕە گەورەکەی چەنگێز بوون. بەدرێژایی حکوومەتی مەغۆلەکان و، تەیمووریەکان، رەگەزەکانی ناکورد، وەکو مەغۆلەکان و ترکمانەکان و، خەڵکانی باکووری رۆژهەڵاتی ئاسیا، بەهۆی دەوڵەمەندیی نێوچەکە لەرووی ئاو و بەروبوومی کشتوکاڵی و، جوانی سروشتییەوە، روویان لە ئازەربایجان و ترکیای ئێستا و وڵاتانی دیکە کرد و، دانیشتووانی رەسەنی ئەو نێوچانەیان قڕکرد و، ئەوەشی کە مایەوە، لەسەر خاک و زێدی خۆی، بوو بە کرێکار و بەردەست و کەنیزەکی داگیرکەرانی و، لەدرێژخایەندا بەهۆی زاووزێ و، گۆڕینی زمان و کەلتوورییەوە، لەنێویاندا توایەوە.

لەسالانی کۆتایی سەدەی حەوتەمی هەتاویدا، دوو هۆزی"ترکمان"ی، **قەرەقویوونلو (پەزی رەش)** و، **ئاققویوونلوو (پەزی سپی)**، بەرە بەرە هەموو ئێران و، بەشیکی زۆر لە خاکی کوردستانیان خستە ژێردەسەڵاتی خۆیانەوە. هەروەک ئاماژەمان کردپێی،

ترکمانەکان پێشتر لەنێو سوپای مەغۆلدا، رۆڵ و دەوری بەرچاویان گێرابوو. دواتریش لەسەردەمی حکوومەتی بنەماڵەی "ئال بویە" دا، سەرۆکی خێڵی قەرەقویوونلووی ترکمان، کە نێوی "قەرە محەمەد" بوو، بەخۆی و هۆزەکەیەوە، خزمەتی گەورەیان بە بنەماڵە و پارێزگاریکردن لەدەسەڵاتی "ئال بویە" کردبوو. سوڵتانی ئال بویەش لە پاداشی چاکەی قەرە محەمەد، فەرمانڕەوایەتیی ئازەربایجانی دایەدەستی. قەرە محەمەد و خێڵەکەی سەر بە رێبازی شیعە بوون و، لەگەڵ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵاتی ئازەربایجان، دەسەڵاتەکەیان پەرەپێدا و، گوشاریان خستەسەر دانیشتووانی نێوچەکانی ژێردەستیان، بۆ ئەوەی رێبازی شیعەگەرێتی هەلبژێرن. پاش مردنی قەرە محەمەد، کوڕەکەی بەنێوی **قەرە یۆسف** و، کوڕەزاکەی، تا ساڵی ٨٧٢ی هەتاوی، شاری تەورێز و دەسەلاتی هەموو ئازەربایجانیان بەدەست بوو. لەسەردەمی دەسەڵاتدارێتیی ترکمانەکان، کۆچی هۆزی ترکمانی لە نێوچەکانی خۆیانەوە بەرەو ئازەربایجان، پەرەی زیاتری سەند. پاش هۆزی "پەزی ڕەش"، هۆزی "پەزی سپی" ، کە موسڵمانی سوننە بوون، دەسەڵاتی ئێرانیان خستە ژێردەستی خۆیانەوە و، بەتوندی دژایەتیی پێڕەوانی شیعەیان دەکرد.

بەکورتی، ئەمە مێژووی راستینەی ئازەربایجانە و، نێزیک بە هەشت سەدەیە کە رەگەزی مەغۆل و ترکمان، لە وڵاتی کوردستان نیشتەجێ بوونە و، بەرە بەرە، جێ پێی خۆیان قایمکردووە و کوردیان لە گەلێک نێوچەی بەپیت و بەرەکەتی باوباپیرانی، لەوانە ئازەربایجان راماڵداوە، ئەو ئازەربایجانەی کە لەمێژووی کۆندا بە ولاتی "مادی گەورە دەناسرا!". پاش ئەو رۆنکردنەوەیە، دەگەڕێینەوە سەر درێژەی باسەکەمان سەبارەت بە شێخ سەفییەدین و بنەماڵەکەی.

## رەگەز و رەچەڵەکی بنەماڵەی سەفەویی!

سەبارەت بە بنەچە و رەچەڵەکی بنەماڵەی سەفەویی، سەرچاوەکانی ئێرانی، بەتایبەتی هەموو ئەو سەرچاوانەی لەسەردەمی شاکانی سەفەویدا نووسراون، بنەچە و رەچەڵەکیان، بردووەتەوە سەر بنەماڵەی پەیامهێنەری ئیسلام و، ئەسحابەکانی پێڕەوی ئیمامی عەلی، بەلام ئەو سەرچاوانە، لای زانایان و پسپۆڕانی بواری مێژووناسی و، ئێراننناسیی، هەمیشە جێی شک و گومان بووە، چۆنکە هیچ بنەمایەکی زانستییان نەبووە و نییە و، پاشاکانی سەفەوی لەو سەردەمەدا ویستوویانە، لای خەڵکی رەشورووت، وەک بنەماڵەیەکی پیرۆز جێ بکەون کە جێنشینی پەیامهێنەری موسڵمانان و، ئیمامەکانی شیعەن لەسەرڕووی زەوین و، سەرپێچیکردن لە فەرمان و، بڕیارەکانیان، بە سەرپێچیکردن لە فەرمانی خودێ و پیاوچاکانی خودێ بدرێتە قەلەم.

**بەپێی دوایین لێکۆڵینەوە زانراوە کە ئەم بنەماڵەیە لە کوردەکانی "کۆیە" ی باشووری کوردستانن کە بەرەو ئازەربایجان و نێوچەی "ئەردەوێڵ" کۆچیان کردووە (*٢).**

کەسایەتیی گەورەی بنەماڵەکە نێوی "شێخ سەفییەدین" بووە. شێخ سەفییەدین شێخی دەروێشان بوو کە، نێوبانگی پاکی و راستی و خودێپەرستی و، ژیانی سادە و ساکاری بەهەموو لایەکدا بڵاوببووەوە. شێخ سەفی بەرەو ئازەربایجان کۆچ دەکا و، لە گەڵ گەیشتنی بە ئەردەوێڵ، لەماوەیەکی کەمدا بەدەیان هەزار دەبنە تۆبەکار ودەروێش و پێرەوی رێبازەکەی. واپێدەچی هۆی کۆچکردنی شێخ سەفی و بنەماڵەکەی لە باشووری کوردستانەوە بەرەو ئازەربایجان، بەهۆی داوا و تکای دەروێش و پێڕەوانییەوە بووبێت لە ئازەربایجان، هەروەک لەم سەردەمەشدا زۆرجار، شێخەکانی کوردستان، لەسەر داوا و تکای جێگر (خەلیفە) و دەروێشەکانیان، یان بە پێی هەڵسەنگاندنی خۆیان، وایان بەباش و گونجاو زانیوە، شوێنی نیشتەجێبوونیان بگۆڕن و بەرەو نێوچەیەکی دیکە کۆچ بکەن. شایانی باسە لەو سەردەمەدا زۆرینەی دانیشتووانی ئازەربایجان موسڵمانی سوننە و کورد بوون...

شێخ سەفییەدین، ساڵی ٦٥٠ی هەتاوی (١٢٧١ی زایینی) هاتووەتە دنیاوە و، لەساڵی ٧٣٥ی هەتاوی لەشاری ئەردەوێڵی ئازەربایجان کۆچیکردووە و، ئێستاش مەزارەکەی لەو شارەیە. "حەمدوڵلای مستەوفی" کە لەسەردەمی شێخ سەفیدا ژیاوە و، سەردانی کۆشک و بارگەی میر و سەردارانی سەردەمی خۆی کردووە و، مێژووی ڕووداوەکانی سەردەمی خۆی نووسیوەتەوە، سەبارەت بە شێخ سەفی دەڵێ:

"زۆربەی هەرە زۆری دانیشتوانی شاری ئەردەوێڵ و دەوروبەری موسڵمانی سوننە و، پێرەوی "ئیمامی شافعی" ن. زۆرینەی موسڵمانانی دەڤەرەکە دەروێشی شێخ سەفین و، بەرێزیان بە پێشەوای ئاینی و گەورەی خۆیان دەزانن و، رێزێکی بەرز و تایبەتی لای

هەمووان هەیە. شێخ سەفی خۆشەویستی هەموولایەکە، بە گەورە و بچووک و، ڕەبەن وزەنگین و سەردار و سوڵتانەوە. شێخ سەفی تاکاتی مردنی، هەموو ژیانی بە ساکاری و پاکی و ڕاستی و، دوور لەماڵپەرستی و، بانگهێشتنی خەڵک بۆ خودێناسی و خودێپەرستی بردەسەر **(٣*)**".

پاش مردنی شێخ سەفییەدین، کوڕەکەی **بەنێوی شێخ سەدرەدین مووسا**، بوو بە جێنشینی. لەسەردەمی شێخ سەدرەدین دا، خەڵکێکی زیاتر بوونە دەروێش و تۆبەکار و، نێوچە و سنووری لایەنگران و پێڕەوانی بەرینتر و فراوانتر کرد. پاش مردنی شێخ سەدرەدین، کوڕ و کوڕەزاکانی، ئیدی نێوبانگی شێخایەتییان بۆ خۆیان بەکەمدەزانی. ئەوە بوو شێخ برایم – کوڕە گەورەی شێخ عەلی – کوڕی شێخ سەدرەدین، داوای لە دەروێش و دەستوپێوەندەکانی کرد تا بە ئاشکرا و لەنێو خەڵکدا، نێوی بە "شا ئیبراهیم" بهێنن. لەوەبەدوا، کوڕ و کوڕەزاکانی شێخ ئیبراهیم، بە "شێخ شا" نێویان دەبرا و، ئەوانیش هەوڵیاندەدا پلەوپایەی خۆیان و نێوبانگی بنەماڵەکەیان بەکاربێنن بۆ دەسەلاتی زیاتر. کوڕە گەورەی شا ئیبراهیم بەنێوی جونەید، نێوی سوڵتانی ئەردەوێلی لەخۆی نا. ئەوجا کوڕەکەی جونەید، کە نێوی **"حەیدەر پاشا"** بوو، کاتێ بوو بە جێنشینی باوکی، ڕێکخراوەیەکی ئاینی دامەزراند و ناوی لێنا "ڕێبازی ئاینی حەیدەرییە". چاوکانیی بیری ئەم ڕێکخراوەیە لەسەر ڕێبازی "شیعەگەرێتیی توندڕەوانە و دژ بە ئاینی سوننە"، دامەزرا.

**لێکۆڵەوەران و مێژووناسان، زۆربەیان لەسەر ئەوە ڕێک و هاودەنگن کە سەرهەڵدانی بیری "شیعەگەرێتیی" لەنێو بنەماڵەی سەفەویدا، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکات کە سوڵتان حەیدەر بوو بە جێنشینی باوکی و، بوو بە شیعە و، بە ئاشکرا دەستیکرد بە دژایەتیکردنی سوننەگەرێتی، بەڵام تا ئەوڕۆ، هۆی ئەوە نەزانراوە لەژێر کاریگەرێتی چ کەس و لایەنێکدا، وازی لە ڕێبازی سوننەگەرێتیی باوباپیرانی هێنا و، بوو بە شیعە؟!**

**سوڵتان حەیدەر سوپایەکی ڕێکوپێکی لە دەروێش و پێڕەوانی پێکهێنا و، "کڵاوی سۆر" کە تایبەت بوو بە ترکمانەکان، کرد بە کڵاوی ڕەسمیی سوپاکەی. ئیدی لەوەبەدوا، سوپای سوڵتان حەیدەر بە "قزڵباشەکان" (سەرسۆرەکان) نێوبانگیان دەرکرد.** سوڵتان حەیدەر سێ کوڕی بوو، بەنێوی **"سوڵتانعەلی، ئیبراهیم و ئیسماعیل"**. سوڵتان حەیدەر ویستی پەرەی زیاتر بدات بە دەسەلاتی و، نێوچەی حوکمڕانییەکەی فراوانتر بکات، ئەوە بوو لەساڵی ١٤٧٢ی زاینی، هێرشیکردە سەر نێوچەی بندەسەلاتی ترکمانەکانی ئاققویوونلوو، کە موسڵمانی سوننە بوون. سوڵتان حەیدەر لەو هێرشەیدا شکستی خوارد و، سەری خۆی و کوڕە گەورەکەشی تێدا برد. دەروێش و دەستوپێوەند و لایەنگرانی حەیدەرپاشا، دوو کوڕەکەی دیکەی حەیدەر پاشا، (ئیبراهیم و ئیسماعیل) یان شاردەوە و، بردیانن بۆ نێوچەی گێلان و مازندەران و، بەرەو باکووری ئێران دووریان خستنەوە.

شایانی باسکردنە، باکووری ئێران و، لێوارەکانی زەریاچەی مازندەران، بەلای باشوورییەوە، ریزە شاخی رژد و بەرز و هەڵەموتی بەنێوبانگی "ئەلبورز" ی لێهەڵکەوتووە و، بەرزایی چیاکانی لە هێندێ شوێن لە چوار — پێنج هەزار میتر تێدەپەڕێ. سەرتاسەری نێوچەکە بەدرێژایی سەتان کیلۆمەتر، بێشە و دارسانی چڕوپڕن و، کەسێک زۆر شارەزای نێوچەکە و دارسانەکانی نەبێت، ناوێری سەر بەنێویدا بکات. لەکاتی هێرشی سوپای عەرەب و داگیرکردنی ئێران، ئەو ئێرانییانەی کە دژی دەسەڵاتدارێتیی عەرەب بوون و، نەیاندەوێرا بە ئاشکرا دژایەتییان بکەن، بەشێکیان بەرەو هێندستان کۆچیان کرد، بەشێکی دیکەیان دەبوون بە شیعە، ئەوەش ڕاستەوخۆ، بیانوویەک بوو بۆ دژایەتیکردنیان لەگەڵ عەرەب کە سەننە بوون و بەدەگمەن شیعەیان تێدابوو. لەکاتی رووداني هەر مەترسییەک بۆ سەر گیانیان، بەرەو نێو ئەم دارسانانەی باکووری ئێران رایاندەکرد. عەرەبەکانیش هیچ جۆرە شارەزایی و ئەزموونێکی شەڕی نێو جەنگەڵیان نەبوو و، نەیاندەوێرا قەرەی دارسانەکان بکەون. لەبەر ئەوە نێوچەکە، ببووە مەکۆ و حەشارگەی نەیاران و یاخیبووان لە دژی دەسەڵاتداران. ئەوە بوو، کاتێ حەیدەر پاشا و کوڕە گەورەکەی بەدەستی ترکمانەکانی ئاققویوونلووی ترکمان کوژران و، لەشکرەکەیان تێکشکا، دەروێشەکانی سەفەویی، بۆ رزگارکردنی "ئیسماعیل" و "ئیبراهیم"، بەرەو قووڵایی گێڵان و مازندەران دووریان خستنەوە.

ئیسماعیل، لەنێو دارسانەکانی باکووری ئێران تەمەنی منداڵی و مێردمنداڵی تێپەڕکرد و لەلایەن دەستوپێوەند و، نێزیکانی بنەماڵەکەیانەوە، لەگەڵ کۆمەڵێک شەڕکەری دیکە، بە شێوەکانی جەنگی سەردەم راهێنرا. ئیسماعیل لە نێوان سالانی ١٤٩١ – ١٤٩٢ زاینی، ژمارەیەکی کەم شەڕکەری ئازا و نەترسی کۆکردەوە و، بەمەبەستی سەندنەوەی تۆڵەی باوک و برای کوژراوی و، وەرگرتنەوەی دەسەڵاتی لەدەستچووی باوباپیرانی، بەرەو ئازەربایجان کەوتەڕێ. کاتێ پێینایە خاکی ئازەربایجانەوە، بە هەزاران هەزار، دەروێش و لایەنگرانی بنەماڵەکەیان پشتیوانییان کردلێی و، لەماوەیەکی کەمدا، توانی هەموو ئازەربایجان بگرێتەوە و، کۆتایی بە دەسەلاتی ترکمانەکانی ئاقویوونلوو بهێنێت کە بۆ ماوەی دووسەت ساڵ بەسەر ئێران و هەموو کوردستان و چەندین نێوچە و ولاتی دیکەشدا حکوومەتیان کرد. هۆزە ترکمانەکەی دیکە کە نێوی قەرەقویوونلوو (پەزی رەش) بوون، شانبەشانی سوپای شائیسماعیل، لەرووخان و تێکشکانی حکوومەتی ئاقویوونلووی ترکمان بەشدارییان کرد. ئەم هۆزە کە وەک پێشتریش باسمان کرد شیعەبوون، بەرامبەر پێڕەوانی سوننە، زۆر بێبەزەیی بوون و، لە هێرشەکانیاندا، تەنانەت منداڵی نێولانکی سوننەشیان دەکوشت. ئەم هۆزە، لە نێو سوپای شائیسماعیلدا، لەبڵاوکردنەوەی ئاینی شیعە لە ئێران و لە نێوچەکە، رۆڵێکی گەورە و گرنگیان گێڕا .

شائیسماعیل، پاش ئازادکردنی ئازەربایجان، چووە شاری تەورێز. لەپێشدا هەموو ئەو فەرماندە و سەرۆکهۆز و کەسایەتییانەی شاری کۆکردەوە کە لە کوشتنی باوک و براکەیدا دەستیان هەبوو و، یارمەتی ترکمانە سوننەکانیان دابوو، ئەوجا چەند سەت ژنی لەشفرۆشی خستە پێشیانەوە و، بۆ سووککردنیان، سواری کەریان کردن و، بەنێو شاردا گێڕایانن. هەروەها فەرمانیدا، ئەو سەردار و کەسایەتییانەی دیکەش کە لە تەورێز و نێوچەکە دەژیان و، نەماون و مردوون و، کاتی خۆی پشتیوانییان لە هۆزی ئاقویوونلوو کردووە، ئێسک و پروسکیان لە گۆڕەکانیان بهێننە دەرەوە و، لەگەڵ زیندووەکان لە گۆڕەپانی شاردا هەڵیانواسن. ژن و کچان و کوڕانی مێردمنداڵیشیانی بەخشی بە فەرماندە و سەربازەکانی سوپاکەی. بۆ خۆشی دەستدرێژیی کردە سەر کوڕی ژمارەیەک لە کەسایەتییەکانی شار کە تەمەنیان لەنێوان ١٣ و ١٦ ساڵدا بوون. پاشان فەرمانیدا، دایکی بهێننە گۆڕەپانەکەوە و، بەدەستی خۆی، بەشمشێر سەری دایکی لەلەشی جیاکردەوە، چۆنکە پاش کوژرانی باوکی، مێردی بە یەکێک لە فەرماندەکانی سوپای ترکمانەکان کردبوو. شائیسماعیل، لە تەورێز ماوەی چەندین رۆژ بە کاری تۆڵەسەندنەوە لە ترکانی ئاقویوونلوو و، هاودەستەکانی و، چەسپاندنی دەسەڵاتییەوە سەرقاڵ بوو. ئەوجا، کەسایەتی و ردێنسپییەکانی شاری کۆکردەوە و، گوتی پێیان:

"ئێوەم بۆیە بانگێشت کردووە، تا پێتانی بڵێم، هەموو دانیشتوانی تەورێز دەبێ ببن بە شیعە!".

کەسایەتی و گەورەکانی شار کەوتنە تکا و پارانەوە و داوایان کردلێی، لە بڕیارەکەی خۆی پەژیوان ببێتەوە، چۆنکە جگە لە ژمارەیەکی کەم نەبێ، هەموو دانیشتووانی شار و دەوروبەری موسڵمانی سوننەن! بەڵام شائیسماعیل لە وەرامیاندا گوتی:

**"خودێی گەورە و، ئیمامەکانی شیعە، رایانگەیاندووە پێم، تا داوا لەخەڵک بکەم، ببن بە شیعە، سەرپێچیکردن لە فەرمانی من، سەرپێچیکردنە لە فەرمانی پیرۆزی خودا و پیاوچاکان و، ئیمامانی ئیسلام. لەبەر ئەوە ناچارم بێئەملا و ئەولا، فەرمانی خودێ و، گەورەکانی ئیسلام جێبەجێ بکەم!".**

پاش ئاگادارکردنی خەڵک لە مەبەستەکەی، ئەوجا کەوتە جێبەجێکردنی بڕیارەکەی و، بەهەزاران کەسی هەڵواسی، یان بەشمشێر سەری بڕین. ئەوە بوو. زۆربەی دانیشتووانی شار وگوندەکان، لەترس و ناچاریدا بوون بە شیعە. بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان، ژمارەی دانیشتووانی شاری تەورێز لەوکاتەدا سێ سەت هەزارکەس بووە. شا ئیسماعیل، پاش گرتنی ئازەربایجان، بەماوەیەکی کەم، هەموو ئێرانی خستە ژێردەستی خۆیەوە، ئەوجا بەرەو کوردستان هێرشیهێنا و، بەشێکی زۆر لەنێوچەکانی کوردستان، وەک کرماشان و، خانەقین و، لۆڕستانی گەورە، تا دەگاتە کەنداو، بەزۆر و زەوی شمشێر و، کوشتنی هەزاران کەس، کردنی بە موسڵمانی شیعە **(٤*)**.

شائیسماعیل، خۆی وەک نوێنەری خودا لەسەررووی زەوین دەبینی و، خۆی لەسەرووی هەموو کەسایەتییەکی ئاینییەوە دادەنا. دوای مردنی شائیسماعیل، کوڕ و نەوەکانی، لەنیو خەڵکدا، خۆیان بەنوێنەری ئیمامی زەمان دەدایەقەلەم. شائیسماعیل، لەنێو فەرماندە و سوپا و دەروێش و پێڕەوانی بنەماڵەکەیدا زۆر خۆشەویست بوو، چۆنکە جگە لەئازایەتیی لەرادەبەدەری، هەروەها لەبنەماڵەی شێخانی گەورەی سەفەوی بوو. **گەڕۆکی بەنێوبانگی ئۆتریشی کە ناوی (کاترینۆ زینۆ)** یە و، لە نێزیکەوە ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەی شاری تەورێز و نێوچەکەی بەچاوی خۆی بینیوە و، لە پەرتۆکێکدا بەنێوی "**سەفەرنامە**" تۆماریکردوون، نووسیویەتی:

"**زۆربەی شەڕکەرانی شائیسماعیل، لەشەڕەکاندا، زرێ و جلکی تایبەتی جەنگ لەبەر ناکەن و، ئامادەن بکوژرێن، چۆنکە دەڵێن، دەبن بە "شەهید". لەبەرئەوە بە پەلە و راکردن بەرەو سوپای دوژمنیان هێرش دەبەن و، لەمردن سڵناکەنەوە. لەکاتی هێرشکردنیشدا، هاوار دەکەن "یا شێخ ئیسماعیل!". لێرە خەڵک نێوی خودایان لەبیر چووەتەوە! ئەگەر کەسێک لەسەر ئەسپەکەی بکەوێتەخوارەوە، هاوار دەکا "یا شێخ ئیسماعیل فریام کەوە!". موسڵمانان لە وڵاتانی دیکەدا دەڵێن: "لاالە الاالله - محەمەد رسول الله"، بەڵام ئێرانییەکان دەڵێن: "لا اله الا الله - ئیسماعیل رسول الله". شا ئیسماعیل دوای ئازەربایجان، ئەوجا بیرەکەی لەهەموو ئێران پەرەپێدا و، بەنواندنی زۆروزەنگ و ترساندنی خەڵک، ڕێبازی شیعەگەرێتیی بەهەموو ئێراندا بڵاوکردەوە.**"

شائیسماعیل، ڕێبازی شیعەگەرێتیی کردە ئاینی رەسمی وڵات. فەرمانیدا لە شارەکان، نێوەند و قوتابخانەی ئاینیی دامەزرێنن و، دەستکرا بە نووسینی پەرتۆک و بڵاوکراوە و پرۆپاگەندەکردن بۆ ئاینی شیعە. کۆمەڵێک وەک مامۆستای ئاینی دەستنیشانکران و، ئەرکی پەروەردە و ڕاهێنانی منداڵ و لاو و تێکڕای خەڵکەکەیان پێسپێردرا. بەوەش چینێکی نوێ لەنێو کۆمەڵدا چەکەرەی کرد و سەریهەلدا، کە مانەوە و ژیان و بژێویی، گرێدرا بە پرۆپاگەندە و بڵاوکردنەوەی زانیاری و بیروباوەڕی ئیسلامی – شیعە لەنێوخەڵکدا و، نێوی "ئاخوند" (مەلا) یان لێنرا.

دژایەتی بێسنووری شائیسماعیل لەگەڵ ئاینی سوننە و، کوشتن و تالانکردنی ماڵ و سامانیان، زەوینەی خۆشکرد لەبەردەم هەڵگیرسانی شەڕێکی گەورە و گران، لەنێوان سوپای سوڵتان سەلیمی عوسمانی و سوپای سەفەویدا. سوڵتان سەلیمی عوسمانی، بەڕواڵەت بەنێوی تۆڵەسەندنەوە، بەڵام لەنێوەرۆکدا ئەمیش بەوێنەی شائیسماعیل، بەئامانجی داگیرکردنی خاک و ولاتانی زیاتر، دەستیکرد بە قەڵاچۆکردنی پێڕەوانی شیعە و، لەهێرشێکدا چل هەزار شیعەی لەنێوبرد. لەگەڵ پەرەسەندنی جەنگی نێوان عوسمانی و سەفەویی، چینی مەلا، لەهەردوولا، بوونە زوڕناژەنی دەسەڵات و، بەنێوی ئاینەوە، "فتوای جیهاد" یان لەدژی لایەنەکەی دیکە دەرکرد و، ئاگری شەڕەکەیان زیاتر خۆشدەکرد و، هانی خەڵکی ڕەشورووتیان دەدا بۆ بەشداریکردن لە جەنگ. کوردستان کرا بە

گۆڕەپان و نێوەندی ئەو جەنگە ماڵوێرانکەرە و، زیانێکی زۆری گیانی و ماڵی لە خەڵکەکەی درا، تا لەئەنجامدا، لە شەڕی بەنێوبانگی "چاڵدێران" لەساڵی ١٥١٤ی زاینی، سوپای شائیسماعیل شکستی خوارد و، سنووری نێوانیان بەڕەسمی دیاریکرد و، کوردستانیان لەنیوان خۆیاندا دابەشکرد... بەڵام هەردوولایان بەئەنجامی ڕێککەوتنەکە رازی نەبوون. سوڵتانی عوسمانی، بەردەوام دنەی کوردی سوننە و، ئەمارەتە کوردەکانی دەدا کە دژی دەسەڵاتداریێتیی سەفەویی شیعە راپەڕن و، لەهەوڵی ئەوەدابوو، تا وڵاتی ئێرانیش داگیربکات. شائیسماعیلی سەفەویش، بەشکانی سوپاکەی لەجەنگی "چاڵدێران"، زۆر پەشێو و خەمبار بوو. لەهەل و دەرفەت دەگەڕا، قەرەبووی شکستەکەی بکاتەوە. لەبەر ئەوە، سەرلەنوێ، هێرشیان کردەوە سەر یەک و، جەنگ و لێدانی نێوانیان پاش نەمانی سوڵتان سەلیم و شائیسماعیل، لەلایەن کوڕ و نەوەکانیانەوە، بۆماوەی ١٢٠ ساڵ درێژەی کێشا و، سوڵتانێکی عوسمانی کەنێوی **"سوڵتان مورادی چوارەم"** بوو، سوپای ئێرانی سەفەویی لە بەغدا تێکشکاند و، بەغدای داگیرکرد و، لە شاری قەسری شیرین، لەساڵی ١٦٣٩ی زاینی، پەیمانی راوەستانی شەڕ و، دیاریکردنی سنووری نێوانیان جارێکی دیکە مۆر کردەوە. بەپێی پەیمانی قەسری شیرین، باشوور و باکوور و رۆژاوای کوردستان بەر عوسمانی کەوت، رۆژهەڵاتی کوردستانیش بەر ئێران. چیای بەرزی ئاگری و، زنجیرە چیای سەرکێشی **(زاگرۆس)** یش وەک هێڵی سنووری نێوانیان دەستنیشان کرا. سنووری نێوان ترکیا و ئێران، تا ئەورۆکەش هەر بەپێی پەیمانی **"قەسری شیرین"**ە. پەیمانی قەسری شیرین، لەمێژووی نەتەوەی کورددا، بە دووەمین دابەشکردنی رەسمی دەژمێردرێت، کە بە هۆیەوە کوردستان، کرا بە دوو پارچەوە...

لەوساتە بەدواوە، بەدرێژایی ئیمپراتۆریی سەفەوی و، حکوومەتەکانی پاش سەفەویی، وەکو ئەفشاری و زەند و قاجاری و، هەتاکو دامەزراندنی حکوومەتی پەهلەویی لەلایەن رەزاشاوە، چینی مەلاکان، ببوونە بەشێکی جیانەکراوە لە کۆمەڵگەی ئێران. هەر بەهۆی بوونی ئەم چینەشەوە، بەدرێژایی ئەم سەتان ساڵە، فەرهەنگ و کولتوور و داونەریتی ئیسلامیی – شیعە، بەتەواوەتیی لەنێو بنج و بناخەی سەرتاپێی کۆمەڵگەکەدا رەگ و ریشەی داکوتا.

**بە هەڵدانەوەی ئەو چەند لاپەڕەیە لە مێژووی چەند سەدساڵی رابوردووی ئێران و نێوچەکە، بۆمان رۆنبووەوە کە شیعەگەرێتی و چینی مەلا، لەسەردەمی شائیسماعیلی سەفەوی بەملاوە، پێکەوە چرۆ و باڵایان کرد و، بەدرێژایی ئەم سەدان ساڵە، بەدوور لە جەنگ و کێبەرکێ و، رووخان، یان بەدەسەڵاتگەیشتنی شا و میر و سەردارەکانی خۆیی و بێگانە، ئاینی شیعەگەری و چینی مەلا، لە گەشە و تەشەنەسەندنی بەردەوامدا بوو. چینی مەلا و ئاینی شیعە، بەپێچەوانەی زۆر ئاین و دیاردەی دیکە، لەگەڵ تێپەڕبوونی زەمان، لەنێو کۆمەڵگەی ئێران و، نێوچە شیعەنشینەکانی ولاتانی دیکەدا زیاتر رەگ و**

**ریشەی دادەکوتا. چینی مەلا، بەدرێژایی ئەو سەتان ساڵە، لەلاوە و، لە پەنای حکوومەتی شا و میرەکانی خۆیی و بێگانە، وەک بەشێک لەدەسەڵات کاری دەکرد. ئەرک و پیشەیان، راستەوخۆ، پارێزگاریکردن لەدەسەڵاتی میر و پاشاکان بوو. شانبەشانی ئەوەش، بۆ پەرەپێدان و سەقامگیرکردنی زیاتری دەسەڵاتی چینایەتی و کۆمەڵایەتییان تێدەکۆشین.**

چاخ و سەدەکان تێپەڕین و، کۆمەڵگەی ئێران پێینایە سەتەی بیستەمەوە. دەوڵەمەندیی سروشت و دۆزینەوەی نەوت، هەروەها گرنگیی وڵاتی ئێران لەڕووی هەڵکەوتوویی جوگرافییەوە، هەرزوو سەرنجی وڵاتانی کۆلۆنیالیستیی جیهانیی، لەسەروویانەوە "بریتانیا" و "رووسیا"، ی بەرەولای خۆی راکێشا. ئەو دوو دەسەڵاتە جیهانییە، بوونە دوو لایەنی رکەبەر و دژەبەر لەئێران و، بەشێوازی جۆراوجۆر هەوڵی داگیرکردنی ئێرانیان دەدا. لەبەر ئەوە، ئەو دوو وڵاتە، بەتایبەتیی بەریتانیا، لە رووداوەکان و دیاریکردنی چارەنووسی سیاسیی سەدساڵی رابوردووی ئێران و نێوچەکە، راستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ رۆڵی دیار و گرنگیان هەبوو.

# رۆڵی کۆلۆنیالیزمی جیهانیی،

# لە پەرەپێدانی ئاینی شیعەگەرێتیی لە ئێران

گەلیک لە لێکۆڵەوەرانی سەردەم، کاتێ دەیانەوێ مێژووی بزاڤی ئیسلامی سیاسی بنچینەگر لە ئێران شرۆڤە بکەن، چاوکانی وسەرەتاکەی دەبەنەوە بۆ ساڵرۆژی بزووتنەوەی مەلاکان، لە مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٣٤١ی هەتاوی (١٩٦٣ی زاینی)، بەسەرۆکایەتی ئایەتوڵڵا خومەینی. لەکاتێکدا ئەم بۆچوونە هەڵەیە و لە راستییەوە دوورە و، ئەو ساڵ و سەردەمە بە سەرەتای بیری بنچینەگرانەی ئیسلامیی ناژمێردرێت. شرۆڤە و هەڵسەنگاندنی چۆنێتی هاتنەسەرکاری خومەینی، بە بێ ڕەچاوکردنی پێشزەوینەی مێژوویی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی و، هۆکارەکانی سەرهەڵدانی دیاردەی "خومەینیزم" لە ئێران، دەبێتە هەڵسەنگاندنێکی نابابەتانە و، نازانستانە و، نیوە و نیوەچڵ.

پێشتر، زەوینەی مێژوویی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی پەرەگرتنی چینی مەلا و ئاینی شیعەمان لە ئێران، خستەڕوو. لەدرێژەی باسەکەماندا، لەوە دەدوێین کە هۆی چی بوو، یان ئەو لایەن و هۆکارەکانەی لە سەرهەڵدانی ئیسلامی سیاسیی لەئێران رۆڵ و کارکردیان هەبوو، کامانە بوون؟!

بناخە و چاوکانیی مێژووی ئیسلامی بنچینەگر، بە زاراوە سیاسییەکەی (فۆندامێنتالیستی ئیسلامیی) لە ئێران، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی و، سەرهەڵدانی دیاردەیەک بەنێوی **"جەنگی سارد"** لە جیهان – لەنێوان دوو بلۆکی رۆژهەڵات و رۆژاڤا، بە سەرکردەیەتیی **یەکێتیی سۆڤێت و ئەمریکا.**

سەرکەوتنی **سوپای سۆری یەکێتیی سۆڤێت**، بەسەر سوپای **ئەڵمانی نازی** لە جەنگی بەنێوبانگی **"ستالینگراد"**، لە مانگی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢١ی هەتاوی (١٩٤٢ی زاینی) و، پاشان رووخانی دەوڵەتی نازێتی لە ئەڵمان، کە گەلانی سۆڤێت و سوپای سۆر، رۆڵێکی گرنگ و بەرچاویان تێیدا گێڕا، هەست و رێز و خۆشەویستیی گەلانی بندەست و ئازادیخوازان و شۆرشگێڕانی جیهانی بۆلای سۆڤێت و بیروباوەڕی کۆمۆنیستی راکێشا و، ڕەوتی گەشە و پەرەسەندنی بیروباوەڕی کۆمۆنیستی لە جیهان، خێراتر کرد.

گرنگیی هەڵکەوتوویی ئێران لە باری ژیۆپۆلیتیکەوە، ترسی خستە دڵی دەوڵەتانی رۆژاڤایی، بەتایبەتی بریتانیای مەزن، کە لەو سەردەمەدا گەورەترین دەوڵەتی کۆلۆنیالیستی جیهان بوو، هۆی ترسەکەشیان لەوەوە سەرچاوەی دەگرت، کە پەرەسەندنی بیری کۆمۆنیستیی، ببێتە هۆی گۆڕینی سیستەمی سیاسی و، هاتنەسەر کاری رژێمێکی کۆمۆنیستیی لایەنگری سۆڤێت لە ئێران. بێگومان، ئەوەش دەبووە کارەسات بۆیان و، بەرژەوەندییەکانیان لە کەنداو و، لەنێوچەکە بەگشتیی، بەرەوڕووی مەترسییەکی گەورە دەبووەوە. حیزبی توودەی ئێران کە پێڕەوەیی لە ڕێبازی کۆمۆنیستی

دەکرد و، جێبەجێکەری سیاسەتەکانی رژێمی سۆڤێت بوو لە ئێران، پاش دامەزرانی، دەستیکرد بە بڵاوکردنەوەی بیری یەکسانی و ئازادیخوازی و، درۆشمی نۆژەنکردنی وڵات و چاککردنی باری گوزەران و بژێوی و ئاسایشی خەڵک و، دەیگوت، جێبەجێکردنی ئەم داخوازی و ئامانجانە، بە نەهێڵانی ئیمپریالیزم و برینی دەستی رژێمی وابەستە و کۆنەپەرستی نێوخۆ، مسۆگەر دەکرێن. بەرنامە و درۆشمەکانی حیزبی توودە، ئەندام و لایەنگرێکی زۆری لێ کۆکردەوە و لەماوەیەکی کەمدا بوو بە گەورەترین رێکخراوەی سیاسی و جەماوەریی لە ئێران. ئەو ئاڵوگۆرانە، کاربەدەستانی بریتانیای ناچار کرد تا خێراتر بکەونە هەوڵ، بۆ پێشگرتن لە تەشەنەسەندنی زیاتری بیروباوەڕی کۆمۆنیستیی لە ئێران.

بەماوەی مانگێک پاش شکستپێهێنانی سوپای نازیزم لە شاری ستالینگراد، باڵوێژی ئەوسەردەمەی بەریتانیا لە ئێران بەنێوی **بۆلارد Bolard**، لەگەڵ نامەیەکدا، گەڵاڵەی بەرنامەیەکی پێشنیازکراوی دا بە **عەلی سوهەیلی سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتی ئێران**. بەرنامەکە لەلایەن دەوڵەتی بریتانیاوە ئامادە کرابوو و، تێیدا نووسیبوویان: "بەمەبەستی پێشگرتن و پووچەڵکردنەوەی درۆشمەکانی چاکسازی (رێفۆرم)ی حیزبی توودەی ئێران، بەپێویستی دەزانین کە دەوڵەتی ئێران، هێندی رێفۆرم لەنێوخۆی ولاتدا ئەنجامبدات" **(*٥).**

بابەتێکی گرنگ کە لە بەرنامەکەی حکوومەتی ئینگلیزدا جەختی کرابووەسەر، ئەوە بوو، داوا لە حکوومەتی ئێران کرابوو تا "**ئاین**" وەک چەکێکی گرنگ و کاریگەر، بەرامبەر گەشەکردنی بیری کۆمۆنیستی بەکار بهێنرێت.

**"بۆلارد"، هەروەها لە رێکەوتی ٢٧ی رەشەممەی ساڵی ١٣٢١ی هەتاوی (١٩٤٢زاینی)، راپۆرتێک لەبارەی بارودۆخی ئێرانەوە دەنێرێ بۆ سەرۆکوەزیرانی بریتانیا و، تێیدا دەنووسێت: "حیزبی توودەی ئێران، لەهەڵبژاردنەکانی خولی چواردەی پەرلەمانیدا، پێشانیدا خاوەنی رێکخستن و پێگەی جەماوەریی یەکجار گەورەیە و، بەرادەیەکی زۆر توانیویەتی هەست و بیروباوەڕی چین و توێژەکانی خوارەوەی کۆمەڵ بوروژێنێت و، دەنگی نارەزایەتییان لەدژی حکوومەت و دەسەڵاتدارانی ئێران، یەکبخات..".**

شایانی باسە، لەسەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانیشدا، لە ئاینی ئیسلام ، بەمەبەستی هاندان و کۆکردنەوەی کۆمەڵانی موسڵمان و بەشداریکردنیان لە بەرەکانی جەنگ، کەڵکوەرگیرابوو. بۆنموونە ولاتانی یەکگرتوو **(ئەڵمان و عوسمانی)**، هەست و بیروباوەڕی ئاینیی موسڵمانانیان لەدژی حکوومەتەکانی هاوپەیمان **(بەریتانیا و ئینگلیز و فەرەنسا و رووس)**، بەکار دەهێنا و، بەنێوی **جەنگی بەرەی ئیسلام لەدژی کافران**، لای خەڵکی رەشورووتی ولاتانی ئیسلامی، رواڵەتێکی پیرۆز و رەوایان بە جەنگەکەیان دەبەخشی. لەلایەن دەولەتی ئەڵمانەوە رێکخراوەیەکی ئیسلامی دامەزرابوو بەنێوی "**یەکێتیی ئیسلام**".

بووجه و دارایی ئەم ڕێکخراوەیە لە لایەن دەولەتی ئەڵمانەوە دابینیدەکرا و، کاری ئەوە بوو گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین، کە زۆرینەی موسڵمانن، لەدژی بریتانیا و ولاتانی هاوپەیمانی هانبدات. هەر لەو پێوەندەدا گۆڤاری "کاوە" بە سەرپەرشتیکردنی حەسەن تەقیزادە و، گۆڤاری مانگانەی "جیهانی ئیسلام"، لە مانگی نۆڤەمبەری ساڵی ١٩١٦ی زاینی، بەسەرپەرشتیکردنی شێخ عەبدولعەزیز چاویش میسری و عەبدولمەلیک حەمزە لە شاری بەرلین بە عەرەبی و ترکی و فارسی دەستیان بەوەشان کرد.

حەسەن تەقیزادە سەرنووسەر و بەرپرسیاری گۆڤاری "کاوە" سەبارەت بە نێوەرۆکی پرۆژەکە دەڵێ:

(گۆڤاری کاوە، بەو مەبەستە دەنووسرا و بلاودەکرایەوە تا ببێت بە گۆڤارێکی سیاسی لەدژی دوژمنەکانی ئەڵمان و، پرۆپاگەندەی بۆ سەربەخۆیی ئێران دەکرد و، بیری هاوپەیمانێتی و، هاوڕەگەزیی ئێرانی و ئەڵمانی، بڵاودەکردەوە. دیارە دەولەتی ئەڵمان بەزمانەکانی دیکەی ڕۆژهەلاتی ناڤینیش ڕۆژنامە و گۆڤاری بڵاودەکردەوە و، بووجەی هەمووشی دەولەتی ئەڵمان دابینیدەکرد).

ئەم کۆپلەیەی خوارەوە لە هەموو ژمارەکانی گۆڤاری "کاوە" دا دەنووسرا:

**"پێویستە ئێرانییەکان ئەم ڕاستییە بزانن، خودێ گەورە بەدەستی پیرۆزی خۆی، لە "غیب" (پێوار) دوە، پشتیوان و هاریکاری سوپای عوسمانییە لە جەنگیدا بەرامبەر کافران. سوپای عوسمانی برای موسڵمانی ئێرانییەکانن. تێکڕای ئەندامانی سوپای عوسمانی لە فریشتە و مرۆڤچاکانی خودێ و، لە پەری و مەلایکە پێکهاتوون و، بۆ یارمەتی و ڕزگارکردنی براموسڵمانەکانیان لە ئێران، شەڕی کوفر و دوژمنی ئیسلام و خودا دەکەن. خوێنی سەربازی عوسمانی کە لەداوێنی چیاکانی ئەڵوەند و بێستوون دەڕژێنە سەرزەوین، خوێنی پاکی نەتەوەیەکی بەڕێز و پاگژ و نەجیب و خانەدانە کە لەپێناو ئازادکردنی برایانی موسڵمانی خۆیان و، ڕزگارکردنیان لەبندەستیی ئەنجامدەدرێت...." (٦*).**

هەروەها دەولەتی ئینگلیزیش، پاش سەرکەوتنی شۆرشی کۆمۆنیستی ١٧ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩١٧ ی زاینی و، هەڵگیرسانی شەڕی نێوخۆیی لە ڕووسیا، ژمارەیەکی زۆر لەمەلاکان و موسڵمانانی دژ بە بیری کۆمۆنیستییان لە نێوچەی "ترکمەنستان" کۆکردەوە بۆ تێکدانی بارودۆخی نێوخۆی ڕووسیا و، دژایەتیکردنی کۆمۆنیستەکان کە تازە دەسەڵاتیان گرتبووەدەست. لەبەر ئەوە، ئینگلیز پێشتر ئەو تاقیکردنەوە و ئەزموونەی هەبوو و، دەیزانی لەنێو ولاتانی ئیسلامیی، کاریگەرترین چەک لەبەرامبەر گەشەی بیری کۆمۆنیستی، تەنێ چەکی ئاینە. ئەوە بوو، پرۆژەیەکیان لە ئێران دارشت، کە دواتر پرۆژەکە بە "پشتوێنی کەسک" نێوبانگی دەرکرد.

لەمانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٢٢ی هەتاوی (١٩٤٤ی زاینی)، فەرمانبەرێکی دەزگەی سیخوڕیی بریتانیا بەنێوی "رابین زینر" لە پلەی ئەندامی جێگری ڕاگەیاندنی باڵوێژخانەی

ئینگلیز، گەیشتە تاران. دوو حەفتە پاش هاتنی رابین بۆ تاران، دوو کەسایەتی ناسرا و بەنێوبانگی ئاینیی، بەنێوی **"سید ضیاالدین طباطبایی"** و **"ئایت الە قمی"** کە لە عێراق و فەلەستین دەژیان، لەلایەن ئینگلیزەوە هێنرانەوە بۆ ئێران.

**سەید زیائەدینی تەباتەبایی، کە لەسەردەمی دەسەلاتی رەزاشادا ماوەیەک لەخزمەت رەزاشادا بوو، دوایی خۆی لێتۆراند و ولاتی بەجێهێشت و روویکردە نێوچەی ژێردەسەلاتی بەریتانیا وەک فەلەستین، ئەوجا هاوکات لەگەڵ گەرانەوەی بۆ ئێران، دەستیکرد بە بانگەشە و بلاوکردنەوەی درۆشمی ئاینی و نەتەوەیی و، حەشیمەتێکی زۆر موسڵمان و نەتەوەپەرستی لەخۆی کۆکردەوە. ئەوجا لەهەڵبژاردنی پەرلەمانی، کە لەریکەوتی ١٦ی مانگی رەشەممەی ساڵی ١٣٢٢ی هەتاوی (١٩٤٤ زاینی) دا بەرێوەچوو، بەنوێنەرێتی دانیشتووانی شاری "یەزد" بوو بە ئەندام پەرلەمان. لەنێو "مجلس" (پەرلەمانی ئێران) یشدا، بەزۆرینەی دەنگ هەڵبژێردرا بۆ "سەرۆکی بەرەی ئیسلامیی". بەوەش، هەر دوو بەرەی "جبهە ملی ایران" (بەرەی نیشتمانیی ئێران - بەسەرۆکایەتی دوکتۆر محمەمەد موسەدق کە سیکۆلار بوون) و ، "حیزبی توودەی ئێران" ی سەر بە سۆڤێت، کە تا پێش هاتنەوەی سەید زیا و ئایەتوڵلا قۆمی، زۆرینەی خەڵکیان لە پشت بوو، کەوتنە کەمایەتی و، ئۆپۆزسیۆن لە نێو پەرلەمان.**

"ژۆرژ لنچافسکی" کە لە ساڵانی نێوان ١٣٢٠- ١٣٢٢ی هەتاوی (١٩٤٢- ١٩٤٤ زاینی)، لەتاران ئەندامی بەشی راگەیاندنی باڵوێزخانەی کۆماری کۆمۆنیستی لهستان (پۆلۆنیا) بوو، لەساڵەکانی پاش جەنگی دووەمی جیهانی، لەلایەن وەزارەتی دەرەوەی ولاتەکەیەوە، کرا بە بەرپرسی لێکۆڵینەوە و چاودێریکردنی جموجوڵ و چالاکی سیاسی و دیپلۆماسیی ئەمریکا و رۆژاڤا لە ئێران. ژرژ لنچافسکی لەراپۆرتێکیدا سەبارەت بە گەرانەوەی "سەی زیائەدینی تەباتەبایی" بۆ ئێران، نووسیبووی:

**"سەید زیائەدین، کارتی براوە و، جۆکەری دەستی ئینگلیزەکانە لەدژی کۆمۆنیستەکان. سەید زیائەدین پێش گەرانەوەی بۆ ئێران، لە شاری "حەیفا" ی فەلەستین دەژیا، کە ئەوکات کۆلۆنی ئینگلیز بوو. ئینگلیزەکان لەوێوە هێنایانەوە بۆ ئێران و، بە ماوەیەکی کەم، حیزبی "وطن" (ولات)ی دامەزراند. پاشان بەنوێنەرێتی شارەکەیان (یەزد)، بوو بە ئەندام پەرلەمان و، نێوی حیزبەکەی گۆری و، نێوی نا "ارادە ملی" (ڤینی نەتەوەیی). بەرنامەی حیزبەکەی بریتیبوو لە: پارێزگاریکردن لەئیسلام و، پەرەپیدانی ئاینی ئیسلام و، پێرەویکردن لە یاسا و دەستووری ئیسلامی لەنێو کۆمەڵ و، کردنەوەی قوتابخانەی ئاینی (٧*)".**

هاوکات، ئایەتوڵلا قۆمی، کە ئینگلیزەکان لە تاراوگە، لە (نەجەف و کەربەلا) وە هێنایانەوە بۆ ئێران، ئەویش، پشتیوانیی خۆی لە بەرنامە و درۆشمەکانی سەید زیائەدین تەباتەباییەوە دەربری و، رایگەیاند:

**"دەنگی خۆم دەخەمە پاڵ دەنگی زانای گەورەی ئیسلام سەید زیائەدین و، دەبێ دەستوور و داونەریتی ئیسلامی بەتەواوەتیی لەنێو کۆمەڵدا بەرێوەبچن".** شایانی باسە

ئایەتوڵڵا قۆمی، لەسەردەمی رژێمی رەزاشا لە ئێران دوور خرابووەوە، هۆکەشی ئەوە بوو، ئایەتوڵڵا قۆمی دژایەتی ئەو یاسایەی کردبوو کە رەزاشا دەریکردبوو کە: "دەبوا هەموو پیاوێک کڵاو وجل و بەرگی ئوروپایی لەبەر بکات و، ژنانیش چارشێو و رووبەندیان لابەرن!".

پشتیوانیکردنی هاوبەشیی ئینگلیز و حکوومەتی دەستکردی حەمەڕەزاشا لە چینی مەلاکان، بارودۆخێکی زۆر گونجاو و لەباری رەخساندبوو بۆیان. ئایەتوڵڵا قۆمی لە شاری **"مەشهەد"** ەوە، لەنامەکەیدا بۆ سەرۆکوەزیران (سوهەیلی)، چەند خاڵی دەستنیشان کردبوو و، داوای کردبوو کە پێویستە دەولەت جێبەجێیان بکات. پاشان کۆمەڵێک لە مەلاکانی شاری "خومەین"، لە مانگی خەرمانانی ساڵی ١٩٤٤ی زاینی، نامەیەکیان نارد بۆ سەرۆکوەزیران عەلی سوهەیلی و، تێیدا نووسییان:

**"ئێمە هەموومان، کە پێرەوی لە ئاینی پیرۆزی ئیسلام دەکەین، خوازیاری ئەوەین تا وتە و فەرموودەکانی پێشڕەوان و زانایانی گەورەی ئیسلام، لەنێو یاسای بنچینەیی ئێراندا بگونجێ و، داوونەرێت و فەرهەنگ و رێبازی ئیسلامی لە کۆمەڵگەدا بچێت بەڕێوە. ئێمە خوازیاری ئەوەین تا چارشێو و رووبەند، بەسەر ژناندا تەوزیمی (اجباری) بکرێت....".**

**لەنێو ئەو مەلایانەی کە ژێری نامەکەیان ئیمزاکردبوو، نێوی "سید مرتضی پسندیدە" (برا گەورەکەی رۆح الله خومەینی)** تێدابوو.

کابینەکەی سەرۆکوەزیران (عەلی سوهەیلی)، پاش وەرگرتنی پێشنیاز و داخوازییەکانی ئایەتوڵڵا قۆمی و مەلاکانی دیکەی ئێران، کۆبووەوە و، بڕیاریدا پەروەردەی ئاینی، ببێت بە بەشێک لە وانەی قوتابخانە و خوێندنگەکانی سەرتاسەری وڵات و، بەشێوەی فەرمی بچێت بەڕیوە و،بخرێتە بواری جێبەجێکردنەوە. ئەوجا عەلی سوهەیلی، بۆ دڵنیاکردنی ئائەتوڵڵا قۆمی، دەقی بڕیارەکانی کۆبوونەوەی دەوڵەتی ناردبۆی کە بەمجۆرەیە:

## تصويبنامه هيئت وزيران

بتاريخ١٢ – ٦– ٢٢ ــــــــــــــــــــ شماره ١١٣٢٦

حضرت آيت الله قمى
ــــــــــــــــــــــــــــــــ

**(٨*) در جواب تلگرافيه كه از مشهد مقدس مخابره فرموده بوديد، محترما زحمت ميدهد**

**تلگراف در هيئت وزيران مطرح و تصويب دولت بشرح زير اشعار مى شود**

**١– آنچه راجع به حجاب زنان تذكر فرموده‌اند دولت عملا اين نظريه را تامين نموده است و دەستور داده شده كه متعرض نشوند.**

٢– در موضوع ارجاع موقوفات خاصه اوقاف مدارس دینیه به مصارف مقرره آن از چند ماه قبل دولت تصمیم گرفته است که بر طبق قانون اوقاف و مفادها عمل نماید و ترتیب این کار هم دادهشده و این تصمیم دولت تعقیب خواهد شد.

٣– در باب تدریس شرعیات و علم به آداب دینی، برنامههای آموزشی با نظر اشخاص مجتهد و جامع الشرایط چنانچه در قانون شورای عالی فرهنگ قید شده منظور خواهد شد و راجع به مدارسی که عنوان مختلط دارند در اول ازمنه امکان پسران و دختران از یکدیگر تفکیک خواهند شد.

٤– در باب تعمیر بقاع مطهره بقیع به وزارت امور خارجه دستور مؤکد دادهشده که اقدامات خودشان را تعقیب و نتیجه را بعدا باطلاع خاطر شریف خواهد رسید.

٥– در باب اصلاح ارزاق عمومی کشور دولت مشغول اقدام است که از هر حیث آسایش عامه تامین شود.

نخست وزیر: علی سهیلی

## "بڕیارنامەی دەستەی وەزیران"

**نامەی ژمارە:( ١١٣٢٦)**

---

**ڕێکەوتی: ١٣٢٢/٦/١٢ی هەتاوی (١٩٤٤ی زاینی)**

حەزرەتی ئایەتۆڵڵا قومی

**لەوەڕامی بروسکەی بەڕێزتان کە ئەرکتان کێشابوو، لە شاری "مەشهەد" ی پیرۆزەوە ناردبووتان، لەمبارەیەوە بەڕێزتان ئاگادار دەکەین، بروسکەکەتان لە کابینەی وەزیران خوێندرایەوە و، بەتێکڕای دەنگ پەسند کرا و، بڕیارماندا:**

**١- ئەوەی کە بەڕێزتان سەبارەت بە بەکارهێنانی چارشێو و ڕووبەند بۆ ژنان پێشنیازتان کردبوو، پێشنیاز و فەرموودەکەتان پەسندکرا و، دەستوور دراوە پێش بە هەر جۆرە ناڕەزایەتی دەربڕینێک بگیرێت.**

**٢- هەموو موڵک و داهاتی مەزاری ئیمامەکان و ئەسحابەکان، بەتایبەتیی بووجە و پێداویستیی قوتابخانە ئاینییەکان، لە چەند مانگی ڕابوردوودا، دەوڵەت بڕیاری لەبارەیانەوە داوە و، بەپێی یاسا، دەوڵەت دابینی دەکات. هەروەها داهات و بووجەی ئەو نێوەندانە، لەلایەن زانایانی ئاینی خۆیانەوە کۆنترۆڵ و سەرپەرشتی بکرێن.**

**٣- هەر بەو جۆرەی لەیاسای کۆمیسیۆنی بەرزی فەرهەنگیی وڵاتدا هاتووە، پاش راوێژکردن و بیرورراوەرگرتن لە گەڵ زانایانی ئاینیی کە مەرج و پێوانەکانی زانابوونیان تێدابێت، خوێندنی دەستوور و رێسای ئاینیی، لە قوتابخانەکاندا بەرێوە دەچن. سەبارەت بە تێکەڵاویی کوڕان وکچان لە قوتابخانەکاندا،بڕیارماندا بەزووترین کات، قوتابخانەکانی کوڕان و کچان لەیەکدی جیا بکرێنەوە.**

**٤- سەبارەت بە ئاوەدانکردنەوە و نۆژەنکردنەوەی ئاسەوار و مەزاری ئیمامان و ئەسحابە و شوێنە پیرۆزەکان لەسەرتاسەری وڵات و، لەدەرەوە، بە وەزارەتی دەرەوەمان راگەیاند، تا پاش لێکۆڵینەوەی هورد لەسەریان، بووجە و ژمارەیان بەراورد بکات و، راپۆرتەکەشی پێشکێشی بەرێزتان بکەن.**

**٥- لەبارەی چاککردنی باری ژیان و گوزەران و ئاسایشی دانیشتووانی وڵات و،جێبەجێکردنی خواردەمەنی وپێداویستییەکانی تێکڕای خەڵکی ئێران، دەوڵەت سەرقاڵی جێبەجێکردنیانە.**

**سەرۆکوەزیران: عەلی سوهەیلی**

کاتێک **ئایەتوڵڵا قۆمی، لە نەجەف و کەربەلاوە** گەڕایەوە بۆ ئێران، دەستبەجێ درۆشمی دژەکۆمۆنیستیی بەرز کردەوە و، رایگەیاند: "دژی هەبوونی حیزبی توودەی ئێران و، بیروباوەڕەکەیەتی، چۆنکە ئەو حیزبە لەگەڵ دەستوور و یاسای ئیسلام دژایەتی دەکا و، لە ئیسلامەوە زۆر دوورە ....".

ئایەتوڵڵا قۆمی، ماوەی دوو ساڵ و نیو لە ئێران مایەوە و، پاش دڵنیابوون لە ئەنجامی سەرکەوتووانەی کار و ئەرکەکانی، گەڕایەوە بۆ نەجەف و کەربەلا لە عێراق.

بەڵام حیزبی توودە، بەپێچەوانەی هەڵوێست و دژایەتیی توندی ئایۆتوڵڵا قۆمی لەگەڵی، لە راگەیاندنەکانیدا، بەشان و باهۆ و نوور و کەرامەتی قۆمی و تەباتەبایيان هەڵدەدا. سەرکردەیەتی حیزبی توودەی ئێران، کە هەر لەسەرەتای دامەزرانییەوە، وەک حیزبێکی چەپی ئێرانی - سەربەخۆ کاری نەدەکرد و، گرێدراو و پاشکۆی سیاسەتەکانی یەکێتیی سۆڤێت بوو لە ئێران، ئەو بوێری و سەربەخۆییەشی لە بڕیارداندا تێدا نەبوو کە بەرامبەر ئەو دیاردانە هەڵوێستی رۆن و ئاشکرا بنوێنێ، کە دەبوونە هۆی پاشخستنی کۆمەڵگەی ئێران. حیزبی توودە، لە رۆژنامەکەیدا **(رهبر)** پیرۆزبایی گەرمیان ئاراستەی هاتنەوەی ئایەتوڵڵا قۆمی و تەباتەبایی دەکرد. جگە لەوەش هەلپەرستانە، بۆ فریودان و راکێشانی خەڵک بەلای حیزبی توودەدا، هەوڵیاندەدا، خۆیان لەگەڵ درۆشمەکانی ئایەتوڵڵا قۆمی و بیروباوەڕی ئاینیی خەڵکەکەدا رێکبخەن و بگونجێنن.

بۆ نموونە: رۆژنامەی **"رهبر یزد" ( ارگان کمیته ولایتی حزب توده ایران – یزد، سال اول شماره ۳۰، مورخ ۱۳۲۲ ) (١٩٤٤ی زاینی)**، لە ساڵرۆژی کوشتنی ئیمامی عەلی، (ئیمامی یەکەمی شیعەکان)، وتارێکی نووسی کە بەشێکی بەمجۆرە بوو:

**"هزار و سیصد و بیست و دو سال پیش، روز بیست و یکم ماه رمضان یک ضایعه عظیمی در جهان اسلام اتفاق افتاد و علی پیشوای مسلمین، راد مرد بزرگ راه آزادی بشر پس از ٦٣ سال عمر که همه آن را ده راه آزادی و نجات مردم صرف کرده بود، در مسجد کوفه ...... شهید شد....نه فقط علی بلکه همه پیشوایان مذهب مقدس اسلام در تمام مدت عمر مشقت و زحمت تحمل نمودند.... (*٩).**

قانوونناس، مێژوونووس و لێکۆڵەوەری ئێرانی بەنێوی ئەحمەد کەسرەوی (*١٠)، کە لە نێزیکەوە چاودێری بارودۆخ و رووداوە سیاسییەکانی ئەودەمی ئێران بوو، لەرۆژنامەی (پرچم) کە خۆی سەرپەرشتیی دەکرد، روانگەی خۆی بەم چەشنە خستوەتەڕوو:



کۆمەڵناس و سیاسەتکار ئەحمەد کەسرەوی

**"وەک بڵێی ئەم بەڕێزە (ئایەتۆڵڵا حسێنی قۆمی) قارەمانی جەنگی ستالینگرادە و، بە سەرکەوتوویی لەشەڕ گەڕاوەتەوە کە رادیۆی ئێران بەم چەشنە بەشان و باهۆیدا هەڵدەڵێ و زلی دەکاتەوە و رێی بۆ خۆشدەکات. کەسێک نەیپرسی، رۆیشتن و هاتنەوەی "ئاخوندێک" (مەلایەک) چ نرخ و سوودێکی بۆ خەڵک هەیە کە رادیۆی ئێران هێندەی لەسەر دەڕوات؟!؟ ئەرێ! هاتنەوەی مەلایەک لەوانەیە سوودی هەبێت! ئەویش ئەوەیە، حاجییە دەوڵەمەندە بەڕێز و پیرۆزەکان و مەشهەدییە نوێژخوێنەکانی نێو بازاڕ، کە لەم چەند ساڵەی رابوردوودا توانیویانە دانەوێڵە و پێداویستی و خواردەمەنیی لە هەمارەکانیان بشارنەوە و، پاشان بەنرخی گرانتر بیانفرۆشنەوە بە خەڵکی رەشورووت و کەمدەرامەت و، لەو رێگەوە بە هەزاران بنەماڵەی هەژار و رەبەن و برسی، لەبەر یەک هەڵوەشێنن و، لەبن دیواری کۆڵاناندا بکەونە سواڵکردن لێیان، بۆ خۆشیان ملیۆنان تمەن پووڵ پاشەکەوت بکەن و، بڕۆن بۆ خزمەتی ئاغایان کە ئەم ئایەتۆڵڵا قۆمییەیە، بە بەخشینی هێندێ پووڵ و یارمەتی بە سنووقی "ئیمام"، خۆیان لە تاوان و ناپاکی، دەشۆنەوە و، ئیدی هیچ جۆرە پەژارە و هەستی شەرمەزارییەک لەدڵیاندا نەمێنێت!! ئەوە بوو دیتمان، ئایەتۆڵڵا قومی پێینایە هەر شارێکەوە، ئەم توێژە دەوڵەمەندە گیرفانبڕە - ماڵی هەژارخورە، چوونە پێشوازی و، چەک و دەستەی "ئەسکەناس" (پارەی کاغەز) یان پێشکێش کرد و، دڵ و ویژدانی خۆیانیان ئاسوودە کرد...".**

ئەحمەد کەسرەوی هەروەها رەخنەی توندی ئاراستەی حیزبی توودەی ئێران کرد و، لە رۆژنامەی (پرچم) دا، نووسی:

**"ئێمە ئەوەمان لەبیر نەچووەتەوە، کاتێ "ئایەتۆڵڵا قۆمی"یان بەوشێوە تایبەتییە، بۆ بەهێزترکردنی کۆنەپەرستی دەهێنایەوە بۆ ئێران، ئێوە (حیزبی توودە) لە رۆژنامەکەتاندا زۆرتان بە باڵای بێ شان و شکۆی ئایەتۆڵڵا قۆمیدا هەڵگوت و، بە یەکەمین و گەورەترین زانا و کەسایەتیی ئایینی نێوتان هێنا... ئایە ئەمە بەهێزکردنی کۆنەپەرستی نییە؟! ئەگەر ئێوە بەم هەڵوێستە هەڵە و نابەجێیەی خۆتاندا نەچنەوە و رەخنە لەخۆتان نەگرن، ئەوکات ناچار دەبم پێتان بڵێم، ئێوە لە مانا و نێوەرۆکی کۆنەپەرستی تێنەگەیشتوون..!.**

بەرە بەرە، مەلاکان، لە نێو مزگەوت وقوتابخانە ئایینییەکاندا، دەستیان کرد بە پرۆپاگەندەکردن دژی ئازادیخوازان و، رۆشنبیران و، دژایەتیکردن لە گەڵ خوێندنی کچان لە قوتابخانە و، خوتبەدان لە مزگەوتەکان دژی کارکردنی ژنان و سینەما و مۆسیقا و شانۆگەری و.. هتد. ئەوەش بوو بە هەوێنی نووسینی پەرتۆکێک لەلایەن، ئەحمەد کەسرەوی، بەنیوی "**شیعەگەریێتی**" و، تیایدا سیاسەتی مەلاکانی بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەلات و، هێشتنەوەی کۆمەڵگەی ئێران لەنێو پاشکەوتووی و نەزانی و نەخویندەواریی دایە بەر رەخنەی توند.

**ئەحمەد کەسرەوی، لەبەشێکی پەرتۆکی "شیعەگەریێتی" دا نووسی:**

**"ئایا ئێوە مەلا ناناسن؟! ئەوانە خەڵکانێکن لەنێو ئەو ولاتەدا بێکار و بەتاڵ، دەخۆن و دەنوون و، توانای ئەنجامدانی هیچ کارێکیان نییە. هەموو بیر و توانایەکیان لەو پێناوەدا دەخەنەگەڕ تا پێش بە زانست و پێشکەوتنی کۆمەڵ بگرن. هەر هەنگاوێک کۆمەڵ بۆ پێشکەوتنی خۆی هەڵیدەگرێ، خێڵی مەلا بەربەرەکانێی دەکەن... ئایا لەبیرمان دەچێتەوە کە لەگەڵ "انقلاب مشروطە" دا چییان کرد و، چەندەیان خوێن رشت؟! ئەمانە ساڵانێکی زۆر لەدژی چوونی کچان و کوڕان بوون بۆ قوتابخانە و، مێشک و بیری خەڵکیان دەشۆردەوە و، دەیانگوت: "منداڵەکانتان مەنێرن بۆ قوتابخانە، با فێری وانەی بێدینی نەبن!" بەڵام ئێستا دەبینین کچ و کوڕەکانی خۆیان دەنێرن بۆ قوتابخانە!! ئەگەر بەهوردی لەهۆی بیری خەڵکئازاردانی چینی مەلا بکۆڵینەوە، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە هۆکەی ئەوەیە، مەلا هیچ کار و پیشەیەکی ناسراو و رەواپێدراوی لەنێو کۆمەڵدا نییە. نەتوانای دروون و رستنی هەیە، نەتوانای کڕین وفرۆشتن و کاسپی کردن. نەدەتوانێ لە کارگەیەک کاربکات، نەدەتوانی شتێک بێنێتەبەرهەم. قانوونی وڵاتیش هیچ جێگەیەکی لەنێوکۆمەڵدا بۆ دیاری نەکردوون و، لێی رانەدیون کاریان پێبسپێرێ. لەخۆیان دەپرسیی، دەڵێن: "ئێمەی مەلا، پێشڕەو و رێپێشاندەری خەڵکین و، رێی ئاین و خودێناسی فێری گەل دەکەین!". بەڵام ئەوەشیان "درۆیە!".**

ئەحمەد کەسرەوی، پەرتۆکی "شیعەگەریێتیی" لە مانگی رێبەندانی ساڵی ١٩٤٣ی زاینی دا بلاوکردەوە، بەلام کاربەدەستانی ئێران پێشییان بە بلاوبوونەوەی پەرتۆکەکە گرت. کەسرەویش لەو پێوەندەدا، وتارێکی رەخنەگرانەی ئاراستەی دەوڵەت کرد و، پەرتۆکێکی تازەی بەنێوی (بەهاییگەری، شیعەگەری، سۆفیگەریی)، لەچاپدا و، لە پێشەکییەکەیدا نووسی:

**"... ئەگەر حکوومەت، حکوومەتێکی خێرخواز و دڵسۆزی خەڵک بوایە، پێشی بە بڵاوبوونەوەی ئەم پەرتۆکە نەدەگرت و، لەگەڵ مەلاکاندا بۆ دژایەتیکردنی من کۆبوونەوەی سازنەدەکرد، چۆنکە من لەو پەرتۆکەمدا لەگیروگرۆ و چارەڕەشی کۆمەلانی رەشوڕووتی ئێران دواوم. ئەم پەرتۆکەی من پڕە لە وشەی بەپێز و بەنرخ و، تێیدا رێگەی راست و رۆناکم پێشانی خەڵکی چەوساوەی ئێران داوە. ئەم پەرتۆکەم لەوە دەدوێ کە چلۆن خەڵکی ئێران بە تێنەگەیشتوویی و بەنەزانی، کەوتوونەتە داوی کۆمەڵێک بیرچەوت و فێڵزانەوە. تا زەمانێکیش ئەم دواکەوتووییە لەنیو کۆمەڵدا ریشەکێش نەکرێن، بارودۆخی کۆمەڵگەی ئێران، لەوە باشتر نابێ و، بگرە خراپتریش دەبێ".**

لەو سەروبەندەدا، مەلایەک بەنێوی رۆحوڵڵا خومەینی، کە لە قوتابخانەی پەروەردەی ئاینی لە شاری قۆم، مامۆستای فەلسەفە بوو، لەمانگی گوڵانی ١٣٢٣ی هەتاوی (١٩٤٤ی زاینی)، نامیلکەیەکی بەنێوی "بخوان و بەکار ببند" (بیخوێننەوە و، بیبەن بەڕێوە!) نووسی و، لەنیو فەقێ و خوێندکارەکانی قوتابخانە ئاینییەکاندا بڵاویکردەوە. خومەینی، لە نووسراوەکەیدا فتوای کوشتنی ئەحمەد کەسرەوی دەرکرد و، بە **"مفسد فی الارض"** نێوی برد. داواشی لە دەولەتی ئێران کرد، پێش بە بڵاوبوونەوەی پەرتۆکی دژ بە ئاین بگرێ و، نووسەرەکانیان لەسێدارە بدات. لێرەدا دوو کۆپلە لە سیپارەکەی رۆح الله خۆمەینی بەنموونە دەهێنینەوە:

**"... هەمووتان بینیتان کە چۆن تەورێزییەکی بەرەڵلا و سەرسەری لە پەرتۆکەکانیدا ئەو هەمووە جنێوەی داوە بە ئێوە و، سووکایەتی بەرامبەر جیهانی شیعە و ئیمامانی شیعە نواندووە و، بە ئاشکرا گاڵتەی بەهەموو بەهاپیرۆزەکانمان کردووە، بەڵام ئێوە مەلاکان، متەقتان لەخۆتان بڕیوە و، بێدەنگ ماون! ئێوە سستی و بێباوەڕی و بێدەرەتانی بەسەرتاندا زاڵبووە. کۆمەڵێک سەرلێشێواوی بێشەرم، لە چوارقوڕنەی وڵاتدا کەوتوونەتە دژایەتیکردنی ئاینی پیرۆزی ئیسلام و، بیری بێدینی بڵاودەکەنەوە. ئەم بێدەنگییەی ئێوە مەلاکان، بارودۆخێک سازدەکا کە حاڵ و گوزەرانمان لەسەردەمی حکوومەتی رەزاخان خراپتری بەسەردێت و، سەرلێشێواوی بەسەرماندا زاڵ دەبێت و، بێدەرەتان دەمێنینەوە.... پێویستە کارێکی وابکرێت، ئەگەر لەهەر شار و گوند و قوژبنێکی ئەم وڵاتە، بێڕێزی و سووکایەتییەک بەرامبەر ئاین کرا، چینی مەلاکان یەکدڵ و یەکدەنگ، بەنێوی پارێزگاریکردن لە نیشتمان، لەدژی راپەڕن..... دەبی رابین! بزووتن و رابوون لەپێناوی خودێ و دەستووری خودێ، دەبێتە بزاڤێکی خودایی (قیام اله). تەنیا ئەم وشەی "قیام اله" یە کە جیهان بەرەو رێگەی راست و رزگاریی دەبات.... داوا لە دەوڵەتی ئێران دەکەین، رێگە لە بڵاوبوونەوەی پەرتۆک و بڵاوکراوەی دژ بە ئاین بگرێت. ئێمە چاوەڕوانین کە حکوومەتی ئیسلام لەگەڵ ئەو کەسانەی کە لە پەرتۆک و گۆڤار و نووسراوەکانیاندا دژایەتیی ئیسلام دەکەن، بەپێی دەستوور و بڕیارەکانی ئاینی ئیسلام لەگەڵیاندا هەڵسوکەوت بکات. ئەو کەسانەی نووسینی ژەهراوی بڵاودەکەنەوە، لەپێش چاوی موسڵمانان لەسێدارەیان بدات. پێویستە ئەم ئاژاوەگێڕانە کە بێرەوشتترین مرۆڤی سەرڕووی زەوینن، لەسەر گۆی زەوین پاک بکرێنەوە و، لەنێوببرێن، بۆئەوەی**

**پیلانگێڕان نەتوانن ئاگری ئاژاوە و چەندبەرەکی بڵاوبکەنەوە و، نەوێرن دەستی خیانەتکارانەیان بەرەو دیاردە و نێوەپیرۆزەکانی ئیسلام درێژبکەن.... والسلام...  رۆح الە خومەینی".**

بەڵام کەسرەوی، سەرباری فتوا و هەڕەشەی کوشتنی، بەردەوامبوو لەسەر نووسینەکانی و، نەترسانە رەخنەی توندی ئاراستەی کاربەدەستانی دەولەت و، مەلاکان و، دەستێوەردانی بریتانیا و رووس، لە کاروباری نێوخۆی ئێراندا دەکرد. ئەوەش شەپۆلێکی ناڕەزایەتی توندی لەنێو مەلاکان و ئایەتوڵلاکان و، کاربەدەستانی ئێران لەدژی کەسرەوی پێکهێنا. مەلاکان، لەهەموو لایەکەوە کەوتنە ورووژاندن و، بزواندنی هەستی ئاینیی خەڵکەکە و، بڵاوبانکردەوە، **کەسرەوی قورئانی سووتاندووە!** ئەوجا گوشاریشیان خستەسەر حکوومەت، تا پێش بەبڵاوبوونەوەی زیاتری پەرتۆکەکانی  بگرێ و، لەبەرامبەریدا بێدەنگ نەبێت.

**موحسین سەدر - سەرۆکوەزیرانی ئێران، کە لە سەردەمی "انقلاب مشروطیت" (شۆرشی نوێخوازیی)** (١١*) **بەهۆی کوشتن و بڕینی لایەنگرانی بیری عیلمانییەوە، بە قەساوی "باخی شا"** (١٢*) **نێوبانگی دەرکردبوو،** لەرۆژی ٢٣ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی (١٩٤٥ی زایینی)، نامەیەکی نارد بۆ وەزیری دادی ئێران و، داوای گرتنی ئەحمەد کەسرەوی کرد. رۆژی دوایی (١٣٢٤/٣/٢٤ هەتاوی)، **محەمەد سادق تەباتەبایی سەرۆکی پەرلەمانی ئێران** نامەیەکی نووسی بۆ وەزیری داد. لە نامەکەیدا نووسیبووی پێویستە ئەحمەد کەسرەوی بگیرێت و، بدرێتە دادگە، چۆنکە بێڕێزی بە ئیسلام و ، زانایانی ئیسلام و پێشڕەوانی ئیسلام دەکات. هاوکات، **کۆمیتەی بازاڕی و بازرگانەکانی شاری تاران،** ناڕازینامەیەکیان سەبارەت بە نووسراوەکانی ئەحمەد کەسرەوی نارد بۆ وەزارەتی داد. رۆژنامەکانی حکوومەتی و سەر بە حیزب و کەسایەتییەکان، بەردەوام ئاڵوگۆڕکردنی نامەی نێوان مەلا پایەبەرزەکان و کاربەدەستان و، بیروڕای لایەنگرانی هەردوولایان بڵاودەکردەوە. کەسرەویش لە رۆژنامەی "پرچم" و، بەنووسینی پەرتۆک و وتار، بەرپەرچی دەدانەوە، کە بەنێوبانگترینیان **"بخوانند و داوری کنند" (بخوێننەوە و ادوەری بکەن)** ە  وایلێهات، دژایەتی نێوان کەسرەوی و، مەلاکان، بوو بە گەرمترین باسی نێو کۆڕ وکۆمەڵی سیاسی و رۆشنبیری و ئاینیی. لەئەنجامدا، مەلاکان کە دەست و پشتیوانێکی بەهێزیان لەنێو حکوومەت و کۆمەڵانی خەڵکدا هەبوو، گوشاریان خستەسەر دەوڵەت و، موحسین سەدر - سەرۆکوەزیران فەرمانیدا، هەموو پەرتۆکەکانی ئەحمەد کەسرەوی کە ژمارەیان ١٣ پەرتۆک بوون، کۆبکرێنەوە و، لەنێوببرێن. پەرتۆکی "شیعەگەرێتیی" لەریزی ئەو ١٣ پەرتۆکەدا بوو. دوابەدوای ئەوەش لەلایەن دادگەوە بانگێشت کرا بۆ لێپرسینەوەی.

پاش ئەم هەراوهۆریایە، ژمارەیەک لە زانایانی ئاینی و ئایەتوڵلا ناسراوەکانی شیعە، لەشاری نەجەف پلانی تێرۆرکردنی ئەحمەد کەسرەویی دادەرێژن کە چۆنێتییەکەی بەمجۆرە دەبێت:

رۆژێک لە شاری نەجەف، کۆمەڵێک لە مەلاکان و چەند فەقێیەک، لەوانە نەواب سەفەوی (١٣*)، دەچنەلای ئایەتۆڵڵا شێخ عەبدولحسێنی ئەمینی (١٤*). لەوێ سەبارەت بە نووسینەکانی ئەحمەد کەسرەوی قسە دەکەن... ئایۆتۆڵڵا شێخ عەبدولحسێنی ئەمینی، دەڵێ:

"پیاوێک نییە، ئەم دومەڵە شێرپەنجەیە لەنێو ببات کە هەموو رۆژێک سووکایەتیی بە ئیمامان و گەورەکانی ئیسلام دەکات؟!". نەواب سەفەوی، دەڵێ، من ئامادەم، ئەم فتوای ئێوە جێبەجێ بکەم!. مەلاکان لەگەڵی دەدوێن، کاتێ لە بڕیاردانەکەی دڵنیادەبن، پووڵی رێگەی بۆ کۆدەکەنەوە و رێنوێنیی پێویستی دەکەن. ئایەتۆڵڵا مەدەنی (١٣) دینار، ئایەتۆڵڵا حاجی سەید عەبدولقاسمی خۆیی (٢) دینار و، "ئایەتۆڵڵا ئەمینی" ش (٥٠) دیناری پێدەدەن، تا سەرفی گەڕانەوە و، پێداویستییەکانی ئەنجامدانی تیرۆرکردنی کەسرەوی بکات. "نەواب سەفەوی" ش بە وەرگرتنی فتوای رەسمی، بەرەو تاران دەگەڕێتەوە.


نەواب سەفەوی، سەرۆکی (ف. ئ)، لە ژووری دادگە

نەواب سەفەویی، لەسەروبەندی گەڕانەوەی بۆ ئێران، لەرێکەوتی ١٠ی رەشەممەی ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی، بەدەرکردنی راگەیاندراوەیەک لەژێر نێوی "دین وانتقام" (ئاین و تۆڵە)، پێکهێنانی رێکخراوەی "فیداییەکانی ئیسلام" رادەگەیەنێت. رۆژی ٢٠ی رەشەممەی ١٣٢٤ی هەتاوی (١٩٤٥ ی زاینی)، ئەحمەد کەسرەویی، لەگەڵ هاورێیەکی نووسەری بەنێوی "حەدادپوور"، کاتژمێر ١١ی پێشنیوەڕۆ دەگەنە نێو هۆڵی دادگەوە. لەکاتی دەستپێکردنی لێپرسینەوەدا، نەواب سەفەوی و برایانی ئیمامی و چەندین حیزبوڵڵایی دیکە، بە چەک و خەنجەر و قەمەوە دەرژێنە نێو ژووری دادگە و، کەسرەوی و هاورێکەی (حەدادپوور) دەدەنە بەردەسرێژی گوللە و دەیانکوژن. بەوەش وازیان لێناهێنن و، سنگ و لەشیان بە قەمە و چەقۆ لەتوکوت دەکەن... پۆلیسی تاران، بکوژانی کەسرەوی و، حەدادپوور دەگرێت، بەڵام پاش ماوەیەکی کورت، لەسەر داوای ئایەتۆڵڵاکان، لەزیندان ئازاد دەکرێن.

دوو مانگ پێش رووداوی تیرۆرکردنی کەسرەوی، سەرۆکوەزیرانی ئێران گۆڕا و، "قوام السلطنه" هاتەجێی موحسین سەدر، کە ئەمیش هەر جێی باوەر و دەستنیشانکراوی بریتانیا بوو. سەرۆکوەزیران، قەوامولسەڵتەنە، لە گەلاوێژی ساڵی ١٩٤٦ی زاینی،

ئالۆگۆڕی لە کابینەکەیدا کرد و، سەرۆکی حیزبی توودەی ئیران (ئیرەج ئەسکەندەری) و، دوو ئەندامی دیکەی کۆمیتەی سەرۆکایەتیی ئەو حیزبەی، بەنێوی دوکتۆر فەرەیدوون کەشاوەرز و دوکتۆر مورتەزا یەزدی لەنێو کابینەکەیدا جێکردەوە و، ئیرەج ئەسکەندەری بوو بە وەزیری "پیشە و هونەر". قەواموسەڵتەنە، پاش ئەوی بە نەخشەی ئینگلیز، توانی لە ئەنجامی ڕێککەوتنێکی ساختە، ستالین — دیکتاتۆری یەکێتیی سۆڤێت بخڵەتێنێ و، کۆماری سەربەخۆی کوردستان و، ئازەربایجان لەبەریەک هەڵوەشێنێتەوە و، دەسەلاتی حکوومەت و سوپای ئێران، بەسەر نێوخۆ و سنوورەکانیدا دابسەپێنیت، ئەوجا کەوتە هەوڵی لاوازکردنی حیزبی توودە و، پاش چەند مانگێک، کابینەکەی هەڵوەشاندەوە و وەزیرەکانی حیزبی توودە و، ئەندامێکی حیزبی ئێران — بەنێوی "ئەڵلایار ساڵح" ی لەکابینەکەی وەلانا و کەسانی دیکەی هێنایەجێیان، کە لەهێڵی سیاسی و ئامانج و بەرژەوەندیی بەریتانیا و مەلاکانەوە نێزیک بوون.

لەرۆژی ١٥ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٢٧ی هەتاوی، (١٩٤٩ی زاینی)، کەسێک بەنێوی "ناسر فەخر ئارائیی" لەنێو زانستگەی تاران، بە دەمانچە هەڵیکوتایە سەر شا و، لەنێزیکەوە شەش گوللەی نا بە شاوە، بەڵام بەوپەڕی سەرسووڕمانەوە شای نەپێکا و، تەنانەت برینداریشی نەکرد. ساواک و پاسەوانەکانی شا، دەستبەجێ ناسر "فەخرئارایی" یان کوشت. پاش ماوەیەک، ساواک و میدیای شا ڕایانگەیاند، تێرۆریستەکە، ئەندامی حیزبی توودەی ئێران بووە و، حیزبی توودە نەخشەی کوشتنی شای داڕشتووە. بەدوای بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵەدا، شاڵاوی گرتن و ئەشکەنجە و لەسێدارەدانی ئەندامانی حیزبی توودە دەستپێکرا و، ڕێی چالاکی سیاسیشیان لێگیرا. (شایانی باسە، پاش ڕووخانی ڕژێمی شا، ئاشکرابوو کە ناسر فەخرئارایی نەتەنیا پێوەندیی بە حیزبی توودەوە نەبووە، بەڵکو زۆر دژی حیزبی توودە و، بیروباوەڕی کۆمۆنیستیی بووە. حیزبی توودەش، نە ئەو کات و، نە دواتریش پێوەندیی حیزبەکەی بەو ڕووداوەوە نەگرتووەتە ئەستۆ. هەرچۆنێک بووبێت، بەلای ئینگلیز و هاودەستەکانییەوە لەنێو دەزگەی سیاسیی ئێراندا، گرنگ ئەوەبوو، ئۆپۆزسیۆنێکی بەهێزی وەک حیزبی توودە لەنێو ببرێت و، دەسەلاتی سیاسیی وڵات، یەکلایی بکرێتەوە).

لەنێوەرۆکی ئەو نامە و ڕاپۆرتانەی کە باڵوێژ و فەرمانبەرەکانی بەریتانیا لە تاران لەو سەردەمەدا، ناردوویانە بۆ وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا، نێوی چەندین سەرۆکوەزیرانی ئێران، لەوانە (عەلی سوهەیلی) و (موحسین سەدر) و (قەواموسەڵتەنە) یان هێناوە و، وەک کاربەدەستانی باوەڕپێکراو و پاسەوانی بەرژەوەندییەکانی بریتانیای مەزن لەقەڵەمیان داون (١٥*). حەمەڕەزاشای ئێرانیش، کە تازە هێنابوویانە سەردەسەلات و، هەمووی یەک — دوو ساڵێک بوو بەریتانیا، باوکی حەمەڕەزاشا (ڕەزاشا) ی بەتاوانی هاوکاری و پشتیوانیکردن لە هیتلەر و ئەڵمانی نازی، بۆ دورگەی موریس لە باشووری ئەفریقیا، دوورخستبوووەوە، هێندە بێدەسەڵات و لاواز بوو کە تەنێ چاودێری ڕەوتی ڕووداو و سیاسەتەکانی بەریتانیا بوو لەئێران.

## چۆنێتیی دامەزرانی حکوومەتی پەهلەویی لەزمانی هاوسەری رەزاشا (تاج الملوک) ەوە!

دایکی حەمەرەزاشا بەنێوی "تاج الملوک" لە پەرتۆکی بیرەوەرییەکانیدا (١٦*)، بەسەرهاتی خۆیان و، چۆنێتیی دانانی رەزاخانی مێردی لەسەرتەختی پاشایەتی و، دواتر، خستنی لەپاشایەتیی ئێران و، دوورخستنەوەی لەلایەن ئینگلیزەوە بۆ باشووری ئەفریقیا و، ئەوجا دانانی کوڕەکەی (حەمەڕەزاشا)، لەسەر کورسی پاشایەتیی، بەم چەشنە دەگێڕێتەوە:



"تاج الملوک" هاوسەری رەزاشا

**(شایانی باسە، کات و سەردەمی بەسەرهاتەکە دەگەڕێتەوە بۆ دوامانگ و رۆژەکانی تەمەنی حکوومەتی قاجارەکان و، بۆ ئەو سەردەمەی کە رەزاخان فەرماندەی بەشێک لە سوپای قەزاق بوو لە تاران – ن.)**

"..... رەزا لەسەرەتاوە، مرۆڤێکی خاوەن بیروباوەڕی ئاینی بوو، بەڵام دوایی باوەڕی سست بوو .... مانگی (محرم) و رۆژانی (عاشورا) و (تاسوعا)، هەر گەڕەکێک دەستە و دایرەی زنجیروەشاندن و لەخۆدان و شینگێڕانی تایبەتی هەبوو. گەلێک جار، لەنێو دەستە و تیپەکانی لەخۆدان و شینگێڕانی ئیمام حسێن دا، دەبووە مشت و مڕ و دەمەقاڵەیان، کە کام دەستەیان بکەوێتە پێشی دەستەکانی دیکەوە. گەلێک جار، دەمەقاڵە و مشومڕی نێوانیان دەبووە هۆی شەڕ و لێکدان و، بە چەقۆ و دار وبەرد لێک بەردەبوون. رەزا دەستەیەک قەزاقی رێکوپێکی تایبەت بەخۆی هەبوو، بە موزیک و باڵەبانەوە رێیان دەپێوا. دەستەی قەزاقیش وەک ئەوانی دی، قوریان دەساوییە روومەت و لەشیان و، رەزا لە پێش هەموویانەوە، باڵای بەرز و لەشی داکوتراو و بەسامی، بەو دەسرە سۆرەوە کە سەرتەوێڵ و نێوچاوانی پێدەبەست، هێندەی دیکە سەرنجی خەڵکەکەی بۆلای رەزا و دەستەی قەزاقەکان رادەکێشا. قەزاقەکان دروشمیان دەدا:

**ئەگەر کەربەلا قەزاقی لێ بوایە "حسێن" بەتەنێ نەدەمایەوە**

بەڵێ، لەوکات و سەردەمەدا، شێوەی بەڕێوەچوونی (عاشورا و تاسوعا)ی ئیمام حسێن بەو چەشنە بوو. ساڵێکیان، پێش رووخانی حکوومەتی قاجارەکان و، بەدەسەڵاتگەیشتنی رەزا، ئەحمەد شای قاجار بەسەرەدان چووبووە پاریس. لەنێوخۆی ئێران، ماوەیەک بوو، بانگەشەی ئەوە دەکرا کە گوایە "وەهابی" یەکانی سعوودی، پەلاماری "مەزاری پەیامهێنەری ئیسلام – حەزرەتی محەمەد" یانداوە و، وێرانیان کردووە. مانگی (محرم) دەستەکانی شینگێڕان لەهەموو لایەکەوە بەرەو گۆڕەپانی "تۆپخانە" (گۆڕەپانێکی بەنێوبانگی تارانە - ن.) کەوتنەڕێ. لەکاتی لەخۆدان و هاواری"یاحسێن

یا حسێن" دا، بەرە بەرە درۆشمەلان گۆڕا و بوو بە "ئەمان بۆ وەهابی!". ئەوجا کۆمەڵێک خەڵک، ڕەزایان گرتە قەلادۆشکان و، بەدەنگی بەرز هاواریان دەکرد: "بژی قەزاق، بژی قەزاق". "قەزاق حیجاز رزگار دەکا وەهابی وەدەر دەنێ"! بەوجۆرە تێکڕای دەستەکانی لەخۆدان، قەزاقەکانیان وەپێش خۆیان دا و، لەکاتێکدا ڕەزایان نابووە سەرشان و دەستیان، بەرەو پێشەوە دەڕۆیشتن. شینگێڕانی عاشورا، بوو بەخۆپێشاندان لەدژی وەهابییەکانی سعوودییە. لەوسەردەمەدا تەکنیک و پیشەی وێنەگرتن و فیلم هەڵگرتن و کامێرا، وەک ئەورۆکە پێشکەتوو نەبوو. فیلمێک کە دەگیرا، دەنگی لەسەر تۆمار نەدەکرا "سامت" (بێدەنگ) بوو. سەرتان نەیەشێنم، لەو ڕۆژەدا، کەسێک لە باڵوێزخانەی ئینگلیزەوە، هاتوچۆوی ئەو حەشیمەتە زۆرە لەسەر کامێرا تۆمار دەکات. پاشان ئینگلیزەکان فیلمەکە دەبەن بۆ پاریس و پیشانی ئەحمەد شای دەدەن. ئەحمەد شا دەبینێ بەدەیان هەزار خەڵک ڕژاونەتە سەر جادە و، هاواردەکەن و، دەستیان بەرز دەکەنەوە، بەلام نازانێت دەڵێن چی و، بۆچی ڕژاونەتە سەر جادە! لە کاربەدەستە ئینگلیزییەکە پرسیار دەکا، ئەو خەڵکە بۆ وادەکەن و، چییان دەوێت، ئەو کەسەیان بۆ کردووەتە قەلادۆشکان؟!

کابرای ئینگلیزیش دەڵێ: "قوربان ئەو خەڵکە لەدژی ئێوە درۆشم دەدەن و، دەڵێن، ئێمە "ئەحمەد شا" مان ناوێ! ئەو کابرایەش، سەردەستەی بەشێک لە هێزی قەزاقە و، خۆشتان دەیناسن، نێوی ڕەزاخانە. خەڵکەکە دەڵێن، ئێمە "ڕەزا خان" مان دەوێ! ئێمە ئەحمەد شامان ناوێت!!". ترس و پەژارە ئەحمەد شا دادەگرێ و، دەپرسێت: "ئێستا چارچییە و، دەبێ چ بکەین؟!". کاربەدەستە ئینگلیزییەکەش دەڵێ: "قوربان، بەداخەوە بارودۆخەکە شێواوە، لەبەر ئەوە داواتان لێدەکەین بیری گەڕانەوەی ئێران لە مێشکتان بهێننە دەرەوە. ئێمە دڵنیاین لەگەڕانەوەتاندا، گیانی خاوەن شکۆ دەکەوێتە مەترسییەوە. بەلام لەبابەت، داراییەکانتان، ژنەکان و کەنیژەکان و، ئەندامانی بنەماڵەتانەوە، ئێوە پەشێو و نگەران مەبن، ئێمە لەوبارەوە کارهاسانیی دەکەین و، یارمەتییان دەکەین تا بتوانن بگەنەلاتان....".

بەوشێوەیە، بەبێ کێشە و شەڕ و خوێنڕشتن "ڕەزا" بوو بە شای ئێران و، تانجی پاشایەتیی لەسەرنا.. دواتر کە ڕەزا دەسەلاتی ولاتی بەتەواوەتیی گرتەدەست خۆی، زۆرجار کەهەردووکمان بەتەنیا پێکەوە دەبووین، بە پێکەنین و، کەیف خۆشییەوە ، باسی ئەو ڕووداوەی دەگێڕایەوە کە بە هۆیەوە بوو بە شای ئێران و، هەردووکمان پێدەکەنین!!

"تاج‌الملوک" هەروەها لەبەشێکی دیکەی بیرەوەرییەکانیدا، سەبارەت بە لابردنی ڕەزاشا و، بەخشینی تەختی پاشایەتیی بە کوڕەکەی (حەمەڕەزا شا) دەڵێ:

"باید عرض کنم مردم نه تنها ازاستعفای رضا و رفتن او از مملکت ناراحت نشدند ودربرابر مداخله متفقین برای مجبورکردن رضا به استعفاء عکس العمل نشان ندادند، بلکه درکمال چشم سفیدی ابراز خوشوقتی وخوشحالی هم کردند و روزنامه ها هم که تا سوم شهریور1320، دعاگوی رضا بودند شروع به هتاکی وفحاشی نمودند! رضا ازاین تغییرحالت مردم خیلی ناراحت بود. آقای " محمود جم" که پیرمرد سرد و گرم چشیده‌ای بود به رضا گفت که نباید ناراحت باشد این خاصیت عوام است که در ایام قدرت حکام مجیزگوی آنها هستند ودرایام ضعف پنجه به روی آنها می‌کشند!

**دراین مسافرت "کلارمونت اسکرین" ازکارکنان کنسولگری انگلیس درکرمان که خیلی روان فارسی صحبت می‌کرد همراه ما بود و فوق العاده احترام و تکریم می‌کرد و تمام تلاش وسعی او این بود که رضا احساس راحتی کند. قرارما این بود که به جزیره موریس برویم. آقای کلارمونت اسکرین بعدها کنسول انگلستان درتهران و وزیرمختار انگلستان درتهران شد و از پادشاه انگلستان عنوان پرطمطراق "سر" گرفت. .... واقعا جالب است، یک انگلیسی مثل بچه های جنوب شهرتهران فارسی حرف بزند وبهترازهرایرانی تاریخ مملکت ما را بداند. رضا خیلی ازدامنه اطلاعات اسکرین تعجب کرده بود. یک شب به من گفت بیخود نیست که اینها بردنیا حکومت می‌کنند. اسکرین علاوه برفارسی به زبانهای اردو که مخصوص هندی ها بود وزبان پشتو که مخصوص افاغنه بود وزبان ترکی هم خیلی عالی حرف می‌زد.... چون خیلی با ما خودمانی شده بود. یک شب رضا روی عرشه کشتی ازاو پرسید چرا انگلیسی ها مصرا از او خواستند تا خاک ایران را ترک کند. اسکرین گفت: این کمترین تنبیهی است که لندن برای اعلیحضرت رضا شاه درنظر گرفته است. ما انگلیسی ها خیلی وفادارهستیم. با آنکه اعلیحضرت رضا شاه نسبت به انگلستان کم لطفی کرده و درمیانه راه خود را به آلمان نزدیک کردند معهذا انگلستان حاضرنشد اعلیحضرت را مجازات جدی کند. امیدوارم درآینده اعلیحضرت محمدرضا ولیعهد جبران مافات کرده و در برابر این گذشت و بزرگواری دولت فخیمه انگلستان خدمتگزارصادق پادشاه انگلستان باشند!**

**رضا مطابق عادت، صبح ها که ازخواب بلند می‌شد به اندازه یک پشت ناخن تریاک استعمال می‌کرد و ایضا" شب ها هم! ....... کاپیتان انگلیسی و یکی دو صاحب منصب عمده هم که با رضا طرح دوستی ریخته بودند به کابین او می‌رفتند و یکی دوبست می‌زدند. فایده این مسافرت یکی هم این بود که چند نفرازخدمه کشتی بندر تا رسیدن ما به مقصد تریاکی شدند!**

**کوردییەکەی:**

(شایانی باسە، کاتێک خەڵکی ئێران ئاگاداربوون ڕەزاشا لەدەسەڵات لابراوە و، لەلایەن ئینگلیزەوە بۆ دەرەوەی ئێران دەبرێت، نەتەنیا زیز و پەشێو نەبوون و، هیچ کاردانەوە و هەڵوێستێکیان دەرنەبڕی، بەڵکو بەوپەڕی رووقایمییەوە، شادمانی خۆیانیان دەردەبڕی و، خۆشحاڵ بوون کە دەیاندیت ڕەزاشا لەدەسەڵات لابراوە. هەروەها، ڕۆژنامەکانی ولات، کە تا ڕۆژی سێی خەرمانانی ١٣٢٠ (١٩٤١ی زاینی)، جگە لە پەسنبێژی و ستایشکردنی ڕەزاشا شتێکی دیکەیان نەدەنووسی، لەگەڵ دەستبەسەرداگرتنی لەلایەن ئینگلیزەوە،دەستیانکرد بە سووکایەتی و جنێودان پێی. ڕەزاشا لەم ڕووەرگەڕانەی خەڵک لێی، زۆر زیز و تووڕە بوو. بەڕێز "مەحموودی جەم" کە پیرێکی خاوەنئەزموون بوو، تاڵی و سوێری ڕۆژگاری چێشتبوو،بە ڕەزاشای گوت: "نابێ دڵت لە خەڵک برەنجێ، "خاصیت عوام" (تایبەتمەندیی خەڵکی نەخوێندەوار هەروایە). کاتێ خۆری دەسەلاتدار لە درەوشانەوەدایە، کڕنۆشی بۆدەبەن و، ستایشی دەکەن، کاتێکیش گلۆڵەی دەکەوێتە لێژیی، بەپلار دایدەگرن. لەو سەفەرەماندا، کاربەدەستێکی ئینگلیزیمان لەگەڵدا بوو بەنێوی "کلارمۆنت سکرین"، کە پێشتر لە کۆنسولگەریی بەریتانیا لە شاری کرمان

کاریدەکرد. سکرین فارسییەکی باشی دەزانی و، زۆر بەتۆرە بوو. زۆر ڕێزی لە ڕەزاشا دەگرت و، هەوڵێدەدا خەم و پەژارەی لەدەستدانی حکوومەت و، دوورخستنەوەی لە ئێران، لەدڵ بڕەوێنێ. بەپێی بڕیار، پاپۆڕەکەمان بەرەو دورگەی موریس دەچوو. بەڕێز کلارمۆنت سکرین، دواتر بوو بە سەرکۆنسول و وەزیرموختاری بەریتانیا لە ئێران و، نازناو و پلەی "سێر" (بەڕێز)ی لە پاشای ئینگلیز وەرگرت.... بەڕاستی سەرمان سووڕدەما، کاتێ دەمانديت "سکرین"، وەک کەسێکی بەڕەگەز و زمان فارس، کە هەر لە منداڵییەوە لە گەڕەکەکانی باشووری تاران لە دایکبووبێت، ئاوا بە فارسییەکی پاراو قسەی دەکرد و، لەهەر ئێرانییەک، پتر شارەزای مێژووی ئێران بوو. ڕەزا سەری لە زانیاری و هۆشیاریی سکرین سووڕمابوو. شەوێک گوتی پێم: "لەخۆڕایی نییە ئەمانە حوکمڕانیی دنیا دەکەن!". سکرین جگە لەفارسی، هەروەها زمانی ئۆردوو کە زمانی تایبەتی هێندییەکانە، زمانی پەشتوونەکانی ئەفغان و، هەروەها زمانی ترکیشی زۆر باشی دەزانی.... پێوەندییەکی دۆستانە لەنێوانماندا دروست ببوو. شەوێک ڕەزا لێی پرسی: "بۆچی ئینگلیزەکان، پێیان لەسەر ئەوە داگرت کە ئێران بەجێ بێڵێت!؟". سکرین لە وەرامی ڕەزاشادا گوتی:

**"ئەمە کەمترین سزایەکە، دەوڵەتی بەریتانیا بۆ خاوەن شکۆ ڕەزاشا هەڵیبژاردووە. ئێمە خەڵکی ئینگلیز، سۆز و پەیمانی خۆمان بەجێ دێنین. لەگەڵ ئەوەیکە ڕەزاشا بەرامبەر ئینگلیز ناسوپاسی نواند و، لەنیوەی ڕێدا بەرەولای ئەڵمان بای دایەوە، بەڵام سەرەڕای ئەوەش، دەوڵەتی بەریتانیا نەیویست، بەڕێزتان سزای توند بدات. هیوادارم لەداهاتوودا، "کوڕە گەورەتان" (اعلیحضرت محمد رضا - ولیعهد) قەرەبووی هەڵەی ڕابوردووی ئێوە بکاتەوە و، لە بەرامبەر ئەم لێبوردنەی دەولەتی گەورە و شایستە و بەشکۆی بەریتانیای مەزندا، خزمەتکارێکی بەئەمەگ بێت بۆ پاشای ئینگلیز".**

**ڕەزا، وا ڕاهاتبوو، بەیانییان کە لە خەو هەڵدەستا، بەقەدەر سەرەنینۆکێک تلیاکی دەکێشا. شەوانەش دیسان دەیکێشایەوە... کاپیتانی ئینگلیزی و، یەک – دوو کاربەدەست و خاوەن پلەوپایە، کە لەماوەی سەفەرەکەمان لەنێو پاپۆڕەکەدا، لە گەڵ ڕەزا ببوونە دۆست و، پێوەندییەکی باش لەنێوانیاندا دروست ببوو، دەچوونە ژوورەکەیەوە و، لەگەڵی تلیاکیان دەکێشا. سوودی ئەم سەفەرەمان ئەوە بوو، تا گەیشتنمان بە دورگەی مووریس، چەندین فەرمانبەری نێو پاپۆڕەکە بوونە تلیاکی!!!).**

**پاش گێڕانەوەی ئەم بەسەرهاتە مێژووییە، دەگەڕێینەوە سەر باسەکەمان!**

دەستپێکردنی حکوومەتی حەمەڕەزاشا، هاوکات بوو لەگەڵ گەرمتربوونی کێشە و ناکۆکیی نێوان ڕۆژاوا و ڕۆژهەڵات، بەنێوی **"جەنگی سارد"**. کۆسپ و گیروگرۆی سەردەمی ڕەزاشا لەسەر چینی مەلاکان لابران و، جارێکی دیکە، بەفەرمیی ڕێگەدرا تا موسڵمانانی شیعە، بەئاشکرا، ڕێوڕەسمی مانگی (محرم) و شینگێڕانی "عاشورا" و "تاسوعا" لەنێو مزگەوت و شەقام و، گۆڕەپانی شارەکاندا ببەن بەڕێوە. (شایانی باسە، ڕەزاشا، پاش ئەوەی دەسەڵاتی گرتەدەست، ڕێپێوان و لەخۆدانی موسڵمانانی شیعەی بەربەند کردبوو). ساڵی ۱۹۴۷، کۆمیتەیەکی دە کەسی لە کەسایەتیی ئاینی و

ئایەتۆڵلاکان و، نوێنەرانی حکوومەت پێکهاتن بۆ داڕشتنی بەرنامەیەکی ئاینی لەنێو قوتابخانە و، خوێندنگەکان، کە بەپێی یاسا و نەریت و دەستووری ئیسلامی — شیعە ببرێت بەڕێوە .

چینی مەلاکان، کاتێ لە پشتیوانی سیاسی و دارایی بەریتانیای مەزن و دەوڵەتی ئێران، بەتەواوەتیی دڵنیابوون، ئەوجا بەشێوەیەکی ئاشکرا و بەربلاوتر پەرەیان بە چالاکییەکانیان دا و، لەساڵی ١٩٤٧ی زاینی، "**مرکز تبلیغات اسلامی**" (**نێوەندی پرۆپاگەندەی ئیسلامیی**) لەشاری تاران دامەزرا و، چەندین لقی لە شارەکانی دیکەی ئێران کردەوە. ئەم نێوەندە یانزە پەرتۆکی سەبارەت بە ئیدیۆلۆژیی ئیسلامی لە شەست هەزار دانەدا بڵاوکردەوە. دوابەدوای ئەوە، دەستکرا بە وەشاندنی گۆڤارێکی حەفتانە بەنێوی "**نور دانش**" (**تیشکی زانست**). هەرلەو سالەدا، بەهۆی پشتیوانیکردنی زیاتری دەوڵەت لە نێوەندەکانی ئیسلامیی، حەفتەنامەیەکی نوێ بەناوی "**ئیسلام**" بڵاوکرایەوە. لەمانگی گوڵاندا، رۆژنامەیەکی دیکە بەناوی "**وظیفە**" (ئەرک) بڵاوکرایەوە. بابەتەکانی نێو ئەم رۆژنامەیە تایبەت بوون بە وتاری ئاینی و لێکدانەوەی کێشەکانی کۆمەڵگە و ناساندنی رەوشت و یاسا و داوونەریتی ئیسلامیی بە خەڵک.

بەم شێوەیە، پرۆژەی دەولەتی بریتانیا، کە بریتیبوو لە رێنوێنیکردنی دەوڵەتی ئێران و، بەکارهێنانی مەلاکان بۆ پێشگیریکردن و دژایەتیکردنی بیروباوەڕی کۆمۆنیستیی، سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو. هاوکات، دەرەتان و، کەش و هەوایەکی گونجاوتر ولەبارتریشی بۆ توێژێک لە مەلاکان رەخساند، تا بتوانن بەدوور لە چاوی ساواک، کار و پرۆپاگەندە بۆ بیری بنچینەگرانەی ئیسلامیی بکەن.

**دەتوانین بڵێین**، هەر لەسەرەتای ساڵی ١٩٤١ی زاینییەوە کە حکوومەتی ئێران بەهاندان و پێشنیازی بریتانیا و، لەڕێگەی مەلاکانەوە، پلانی داڕشت بۆ بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی ئیسلامی و، پەرەپێدانی کولتووری ئیسلامیی لەنێو کۆمەڵگەدا، لەنێو مەلاکان و نێوەندە ئاینییەکان لە ئێران و لەشارەکانی شیعەنشینی عێراق - وەک **نەجەف و کەربەلا**، بەرە بەرە، توێژێک لایەنگری بیری بنچینەگریی ئیسلامیی پێگەیشتن، کە بەشێوەیەکی بنەڕەتیی بیریان لە بەرژەوەندیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی درێژخایەنی چین و رێبازەکەیان دەکردەوە و، هاتبوونە سەر ئەو باوەڕەوە کە، ئەگەر دەیانەوێ خەڵک، گیرۆدەی دیاردەکانی فەرهەنگ و ژیانی رۆژئاڤایی نەبن و، لە ئیسلام دوور نەکەونەوە، دەبێ تێبکۆشن بۆ هێشتنەوەیان لەنێو بیروباوەڕ و فەرهەنگی ئیسلامیدا. هاوکات بەخشکەیی و بەنهێنیی، کاربکەن بۆ لاوازکردنی پشتگیریی خەڵک لە حکوومەتی نیوەندی و، بەهێزترکردنی پێگەی کۆمەڵایەتیی خۆیان لەنێو جەماوەردا، بۆ ئەوەی لەکاتی پێویست و بارودۆخی گونجاودا، پشتیوانیی خەڵک لە بەرامبەر حکوومەت و، گەیشتن بە ئامانجی سیاسی و کۆمەڵایەتییان بەکار بێنن. **بەڕێوەبەرێتیی پۆلیسی تاران لەساڵی**

١٩٤٧، راپۆرتێک دەنێرێت بۆ سەرۆکایەتیی پۆلیس و، بۆ دەزگەی پاراستنی ئێران (ساواک) و، تێیدا دەنووسێت:

**"بەپێی ئەو زانیارییانەی دەستمانکەوتوون، هێندێ لە مەلاکان لەم دواییانەدا لە (بین النهرین) ەوە پەڕیونەتەوە بۆ باشووری ئێران و، بەرەو ستانی فارس (مەبەست ستانی شیرازە) هاتوون و، لەمزگەوتی شارەکان و گوندەکان قسەیان بۆ خەڵک کردووە و گوتوویانە: دەبێ وڵاتەکەمان بەپێی یاسا و ڕێسای ئیسلامیی بچێت بەڕێوە. هەروەها نابێ ژنان بەبێ رووبەند و چارشێو لەماڵ بچنەدەرەوە. لەنێو خەڵکدا قسەیەکی وا بڵاوبووەتەوە، گوایە مەلاکان دەیانەوێ نامەیەک بۆ "شاهنشاه" (شای شاکان) بنووسن و داوای لێبکەن، تا ئەو ساڵ، لەباتی بەخشینی جەژنانە و نەورۆزانەی سەری ساڵ بۆ مەلاکان، باشترین جەژنانە ئەوەیە بۆیان، "شا فەرمان بدات، دەرگەی قوتابخانە و خوێندنگەکانی کچان و سینەماکان و شانۆگەرییەکان دابخرێن". هەروەها لەنێو خەڵکدا قاو بڵاوبووەتەوە و دەڵێن: "ئایەتوڵلا و مەلاکان و زانایانی ئاینیی، لە دەوڵەت و کاربەدەستان زیز و تووڕەن، چۆنکە دەبێژن، لەباوەڕی ئیسلامی و لێوەشاوەیی کاربەدەستان، کەوتوونەتە دڵەڕاوکە و گومانەوە و، لەوبارەڕەدان، دەوڵەت ناتوانێ و، نایەوێت، دەستوور و فەرهەنگی ئیسلامیی بەسەر ولاتدا بچەسپێنێ".**

لەنێو تێکڕای کاربەدەستانی حکوومەتی ئێران، لە ساڵانی ١٩٤١ — ١٩٥٣، واتە بۆ ماوەی ١٢ ساڵ، تاکەکەسێک، لەبەرامبەر لایەنگرانی توندڕەوی ئیسلامی — بەتایبەتیی، ڕێکخراوەی "فیداییەکانی ئیسلام" و نەهێشتنی دەسەلاتی ئینگلیز بەسەر ئێراندا، هەڵوێستی نواند و دژایەتیی کردن، تەنێ **دوکتۆر محەممەدی موسەدق** بوو.

## بزافی دوکتۆر محەممەدی موسەدق
## و دەرکردنی ئینگلیز لەئێران!

دوکتۆر محەممەدی موسەدق، خوێندنی لەبواری مافناسی لەوڵاتی فەرەنسا تەواوکردبوو. ساڵی ١٩١٥ی زاینی لەسەردەمی رژێمی قاجاریدا، بوو بە ئەندام پەرلەمانی ئێران. ساڵی ١٩٢٤ کرا بە وەزیری دەرەوەی ئێران. ساڵی ١٩٤٤ی زاینی، جارێکی دیکە بووەوە بە ئەندام پەرلەمان. لەنێو پەرلەماندا، سەرۆکایەتیی کۆمیسیۆنی نەوتی گرتەدەست و، داوای هەڵوەشاندنەوەی رێککەوتننامەی **"کۆمپانیای نەوتی ئینگلیز – ئێران"** (**بریتیش پێترۆلیۆم کۆمپانی**) ی کرد، و رایگەیاند: داهاتی ئێران لەلایەن ئینگیزەوە بەتاڵان دەبرێ. پێویستە داهات و سامانی ئێران سەرفی ئاوەدانکردنی وڵات بکرێ و، دەسەڵاتی بێگانەی بەسەرەوە نەمێنێت. پاشان کۆمەڵێک لە رۆشنبیران و، تێکنۆکراتەکانی نەتەوەپەرستی ئیرانی لەدەوری یەک کۆکردەوە و، رێکخراوەیەکی دامەزراند بەنێوی **"جبهه ملی ایران"** **(بەرەی ناسیۆناڵی ئێران)**. ساڵی ١٣٢٩ی هەتاوی (١٩٥٠ی زاینی)، سەرۆکوەزیران **"رەزم ئارا"** تێرۆرکرا و، بەهۆی پشتیوانیی گەرم وگوڕی خەڵک، لە دوکتۆر موسەدق، حەمەڕەزاشا بەناچاری و نابەدڵییەوە، "دوکتۆر موسەدق" ی بۆ سەرۆکوەزیرانی ئێران دەستنیشان کرد.

دەسەڵاتداری سەرەکیی لە ئێران، دەوڵەتی بەریتانیا بوو، کە دەستی بەسەر هەڵێنجان و داهاتی نەوت و سامانی ئێراندا گرتبوو. ئینگلیزەکان هەرلە جەنگی یەکەمی جیهانییەوە دەستیان بەسەر نەوتی ئێراندا گرت. سەرۆکوەزیرانی ئەوکاتی بەریتانیا **(وینستۆن چرچیل)**، گوتبووی، سووتەمەنیی پاپۆڕەکانی جەنگیی بەریتانیا لەئاستی هەموو جیهان، دەبێ لە نەوتی ئێران دابین بکرێت. دوکتۆر موسەدق راپەڕینێکی جەماوەریی لەدژی دەسەڵاتی ئینگلیزەکان لە ئێران بەرپا کرد و، پاش **"بە ناسیۆناڵکردنی نەوتی ئێران"**، لەژێر گوشاری سیاسیی دەوڵەتی موسەدق، و خۆپێشاندانی جەماوەریی خەڵک، ئینگلیزەکان لەئێران چوونە دەرەوە. دەولەتی ئینگلیز بۆ گوشارخستنەسەر موسەدق، چەندین پاپۆری جەنگیی هێنایە کەنداو و، رێی لەبەردەم فرۆشی نەوت و کەلوپەلی هاوردە و هەناردەی وڵات گرت، کە ئەوەش زیانی گەورەی لە ئابووریی ئێران گەیاند. بەڵام پشتیوانیی کۆمەڵانی خەڵک، لە موسەدق، کەش و هەوایەکی تەواو دژە کۆلۆنیالیستیی پێکهێنابوو. **وینستۆن چرچیل داوای هاوکاری لە ترۆمەن – سەرکۆماری ئەمریکا کرد**، بەڵام ترۆمەن بەهۆی بیری ئازادیخوازی و، پشتیوانیکردنی لە گەلانی بندەست، بەرپەرچی ئینگلیزی دایەوە. دەوڵەتی ئینگلیز یەکلایەنە دەستی بە پیلانگێڕان کرد. موسەدق پاش ئاگاداربوون لە نەخشە و پیلانی ئینگلیز بۆ تێکدانی دەوڵەتەکەی، لەساڵی ١٩٥٣دا باڵوێزخانەی ئینگلیزی لە تاران داخست. لەو نێوەدا، حەمەڕەزاشا کە بە یارمەتیی ئینگلیز، لەسەر تەختی پاشایەتیی دانیشتبوو، بەباشی لەو راستییە ئاگاداربوو

که نەمانی دەسەڵاتی ئینگلیز لە ئێران، هاوکات دەبێت لەگەڵ نەمانی خۆی و ڕژێمەکەی. لەبەر ئەوە، هاودەنگی و، هاوکاریی لەگەڵ سیاسەتی سەربەخۆییخوازانەی موسەدق دا نەکرد و، لەژێر گوشار و درۆشم و، جنێوی کۆمەڵانی خەڵکی خۆپێشاندەردا، لە ئێران رایکرد و، پەنای بۆ مەلیک فەیسەڵ - پادشای عێراق برد، کە ئەویش لەترسی هەڵگیرسانی ئاژاوەی نێوخۆ و، دەسەلاتی فراوانی بریتانیا لە عێراقدا، بەهانایەوە نەهات.

لەسەروبەندی سەرهەڵدانی ناکۆکیی نێوان دەوڵەتی دوکتۆر موسەدق و بەریتانیا، لەسەرەتاوە دەوڵەتی ئەمریکا، لایەنی دوکتۆر موسەدقی گرت و، پشتیوانی کردلێی و، چەکوچۆڵی جەنگیشی فرۆشت پێی. دوکتۆر موسەدق لە ساڵی ١٩٥١ دا، سەردانی واشنتۆنی کرد. سەرۆکی ئەمریکا (ترۆمەن) لە نامەیەکدا، بە رەسمی داوای لە ئینگلیز کرد، دەستدرێژی و هێرشی سەربازیی نەکاتەسەر ئێران. ڕۆژی ١٩٥٣/٧/٢٠، ئایزنهاور، بەرەسمیی خولی یەکەمی چوارساڵی سەرکۆمارێتیی دەستپێکرد. ئایزنهاور، سیاسەتی دەرەوەی، تەواو بەپێچەوانەی سایسەتی ترۆمەن دارشت. لەیەکەم مانگی دەستپێکردنی سەرکۆمارێتیی ئایزنهاور دا، "کریستۆفەر مۆنتاگ وودهاوس" (بەرپەرسیاری دەزگەی سیخوریی بریتانیا) سەردانی ئەمریکای کرد و، لەگەڵ دوو دیپلۆماتی ئەمریکایی بەنێوی "جان فاستر دالاس" (وەزیری دەرەوە) و "ئالێن دالاس" (سەرۆکی CIA)، کە هەردووکیان برا بوون، دیداری کرد. سیاسەتی دەوڵەتی نوێی ئەمریکا، لایەنگیرکردن بوو لە "جەنگی سارد" و، لەوباوەڕەدابوون: "ئەوی لەنێو بەرە و بلۆکی ئەواندا نەبێت، بە دوژمنی ئەمریکا لەقەڵەم دەدرێت!". بەتایبەتی ئێران، کە لەسەر زەریای زێڕی ڕەش هەڵکەوتووە و، بەسەدان کیلۆمێتر سنوور و خاکی هاوبەشی لەگەڵ یەکێتیی سۆڤێتدا هەیە، مانەوەی دەوڵەتی سەربەخۆ و دژبە ئیمپریالیستیی دوکتۆر موسەدق، مەترسی گەورەی بۆ سەر بلۆکی ڕۆژاوا لەنێوچەکە


دوکتۆر موسەدق لە نێو ئاپۆرەی خەڵک و لایەنگرانیدا

دروستدەکرد. ئەمریکاییەکان سەرەتا، داوایان لە موسەدق کرد،  سەرەتی (ئیمتیازی) چاڵە نەوتەکانی ئێران، بەنێوی کۆمپانیاکانی ئەمریکاوە مۆربکات. دوکتۆر موسەدق بەرپەرچی داواکەیانیدایەوە، هۆکەشی ئەوە بوو، دوکتۆر موسەدق دەیویست سیاسەتێکی سەربەخۆ لەبەرامبەر دنیای دەرەوەدا بگرێتەبەر و، نیازی ئەوەی نەبوو جێگۆڕکێ بەو دوو دەسەلاتە جیهانییە لەئێراندا بکات. پاشان ئەمەیکاییەکان لەگەڵ دەوڵەتی ئینگلیز پلانی رووخانی دەولەتی موسەدقیان دارِشت. بۆ ئەو مەبەستەش، نێوی رەمزی و نهێنیی **"ئاژاکس"** (TPAJAX) یان بۆ نەخشەکەیان هەڵبژارد.

لەنێوخۆی ئێراندا، کۆمەڵێک لە کەسایەتی و مەلا پایەبەرزەکان، کە سەرەتا پشتیوانییان لە موسەدق  دەکرد و، تێکەڵ بە بزووتنەوەی **"جبهه ملی ایران"** ببوون، هەر زوو لە بزووتنەوەکە کشانەوە و، پشتیان لە موسەدق کرد.  لەو چاخ و رۆژانەدا، لەنێو کۆڕ وکۆمەڵی ئاینی و جەماوەریدا، مەلایەک کەنێوی **ئایەتۆڵڵا کاشانی** بوو، نێوبانگ و رێز و پێگەی تایبەتیی هەبوو. ئایەتۆڵڵا کاشانی، لەگەڵ ژمارەیەک لە ئایەتۆڵڵاکانی دیکە، تا ساڵی ١٩٥٢ هاوپەیمانی موسەدق بوون، هەروەها لە **"جبهه ملی ایران"** یشدا راستەوخۆ بەشداربوون، بەڵام پاش ئاگاداربوون لە دژایەتیی هاوبەشی ئەمریکا و ئینگلیز لەدژی موسەدق، لە بەرەکە هاتنەدەرەوە و، چوونە نێو بەرەی دژ بە "موسەدق" ەوە.

## پیلان و نەخشەی سێ کوچکەی (بریتانیا - ئەمریکا - مەلاکان)، بۆ رووخاندنی دەولەتی دوکتۆر موسەدق!

لەنێوان سالآنی ١٩٥٢ – ١٩٥٣ی زاینی، هەردوو رێکخراوەی سیخوریی ئەمریکا و بریتانیا (CIA) و (M16)، لە **ئایەتۆللا کاشانی** و ژمارەیەکی دیکە لە ئایەتۆللا و مەلاکان، لەوانە **ئایەتۆللا بروجردی** و **بێهبەهانی** و... هتد، نێزیک بوونەوە. ئەمریکا کاربەدەستێکی خۆی بۆ کێشەی ئێران دیاریکرد کەنێوی "والێر" بوو. ئینگلیز لەنێو داوودەزگەی حکوومەتی و لەشکری و، کۆڕوکۆمەڵی ئاینی و عەشایری و، کەسایەتیی شارەکاندا رێکخستن و دۆست و لایەنگری زۆر بوون، ئەمریکاییەکانیش بەرێگەی والێر، پتر لە کاشانی نێزیکبوونەوە و، پلان و نەخشەی ئەوەیان بەدەستەوە بوو تا حکوومەتی موسەدق بڕووخێنن. نەخشەکە لەسەرەتاوە، بریتیبوو لە، بەشداریکردنی راستەوخۆی مەلاکان لەرێگەی مزگەوتەکانەوە بۆ هاندانی خەڵک لەدژی حیزبی توودەی ئێران و دوکتۆر موسەدق. پرۆپاگەندە لەدژی ئەو دوو لایەنە بکەن و، بڵێن، حیزبی توودە و بەرەی ناسیۆنالی ئێران بە سەرۆکایەتیی دوکتۆر موسەدق، پێکەوە دەیانەوێ، کۆمەڵگەی ئێران بەرەو بێدینی و بێڕەوشتیی بەرن. ئەوجا بەرێگەی **ژنەراڵ فەزلوللا زاهدی**، دیداریان لەگەڵ کۆمەڵێک لەژنەراڵ و ئەفسەرانی سوپای ئێران ئەنجامدا و، رازییان کردن تا پشتیوانیی لەنەخشەی کودەتا دژی دەولەتی موسەدق و حیزبی توودەی ئێران بکەن، چۆنکە دەیانەوێ ئێران بخەنە ژێردەستی رژێمی کۆمۆنیستیی روسیاوە. لەلایەکی دیکەشەوە، چاویان بە پالەوانی زۆرخانە و چەقۆکێشی بەنێوبانگ و سەردەستەی سەرسەری و باجسێن و دەستوەشێنەکانی تاران- بەنێوی **"شعبان جعفری"** کەوت، کە لەنێو جەماوەردا بە **"شعبان بی مخ" (شەعبان بێمێشک)**، بەنێوبانگ بوو. بەدانی پارە و بەرتیل، شەعبان بێمێشک و، داروودەستەکەیان رازی کرد، تا لەرۆژی



**ئایەتۆللا کاشانی**

دیاریکراودا، بەداروبەرد و چەقۆوە، پەلامار بەرنەسەر کۆمۆنیستەکان و لایەنگرانی موسەدق.

بەوتەی والێر، ئایەتۆڵلا کاشانی پووڵ و بووجەی پێویستی پێدرا تا بۆ جێبەجێکردنی نەخشەی پێسپێردراوی، بەنێو مەلاکان و دەستوپێوەندەکانیدا بڵاویبکاتەوە. ئایەتۆڵلا بێهبەهانی کە ئەویش لەلایەن ئەمریکاییەکانەوە پشتیوانیی دارایی کرابوو، راگەیاندراوەیەکی ساختەی بەنێوی حیزبی توودەی ئێرانەوە نووسی و، لەنێو شاری تاران بڵاویکردەوە. بۆ دڵنیاکردنی خەڵکیش کە باوەڕ بێنن راگەیاندراوەکە لەلایەن حیزبی توودەوە نووسراوە، بەقەڵەمی سۆر نووسی و بڵاویکردەوە، کە نیشانەی بیری کۆمۆنیستییە. ئایەتۆڵلا بێهبەهانی لە راگەیاندراوەکەدا، بەنێوی حیزبی توودەوە، هێرشی توندی کردبووەسەر چینی مەلا و، سووکایەتی زۆری بە ئاینی ئیسلام کردبوو، هەروەها نووسیبووی کە دەبێ هەموو ئایەتۆڵلاکان لەسێدارە بدرێن! ئاشکرایە ئەو کارە بەمەبەستی چەواشەکردن و شۆردنەوەی مێشکی خەڵک کرابوو، کە پێشانیدەن، دوکتۆر موسەدق و کۆمۆنیستەکان، دەیانەوێ زانایانی ئاینیی لەنێوببەن و، بیری بێخوایی بڵاوبکەنەوە. ئەمریکا و ئینگلیز، لەپلانێکی دیکەدا، حیزبێکی ساختەیان بەنێوی حیزبی توودەی ئێران سازکرد و، کۆمەڵێک خەڵکیان بەنیوی توودەیی و کۆمۆنیست راهێنا و، بەرێگەی مەلاکان، پەنجا هەزار دۆلار کە لەو زمانەدا پووڵێکی زۆر بوو، بەنێویاندا بڵاویانکردوە و، ئامۆژگارییان کردن، تا برژێنە سەر گۆرەپان و شەقامەکانی تاران و، بەدەنگی بەرز هاوار بکەن و درۆشم بدەن و، خۆیان بە لایەنگرانی بەرەی ناسیۆناڵی ئێران و، حیزبی توودەی ئێران بدەنە قەلەم و، جنێو و قسەی سووک بە زانایانی ئیسلامی بدەن و، درۆشمی بژی موسەدق و بژی کۆمۆنیست بدەن و، بەدار و بەرد پەلامار بەرنەسەر مزگەوتەکان و، شووشە و دەرگەی مزگەوتەکان بشکێنن. هەموو ئەم کارانەش بەو مەبەستە ئەنجامدەدران تا کەسایەتی و نێوبانگ و خۆشەویستیی دوکتۆر موسەدق لەنێو جەماوەری خەڵکدا بشکێنن و، زۆرینەی لایەنگرانی حیزبی توودەش، لەو حیزبە دوور بخەنەوە کە پتر لە خەڵکی ئاسایی و چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵ پێکهاتبوون، بۆ ئەوەی لەکاتی دەستپێکردنی نەخشەی کودەتا، خەڵک بێلان بوەستن، یان پشتیوانیی لە کودەتاچییەکان بکەن.

حیزبی توودەی ئێران کە لەنیو سوپا و داوودەزگەکانی حکوومەتیدا خاوەنی رێکخستنێکی بەهێزبوو، بەتەواوەتیی ئاگاداری ئەو چالاکی و جموجووڵانە بوو، کە لە لایەن ئەمریکا وئینگلیز و مەلاکانەوە ئەنجامدەدران. ئەوە بوو ئەمیش پلانی دژە کودەتای، بە ئەنجامدانی کودەتایەکی کۆمۆنیستیی دارِشت، کە رژێمی حەمەرەزاشا بە یەکجاریی نەهێڵێت و، رژێمێکی کۆمۆنیستیی لە ئێران دابمەزرێنێت، کە پشتیوان ولایەنگری یەکێتیی سۆڤێت بێت.

ئەمریکاییەکان بە نەخشەکەی حیزبی توودەیان زانی و، "دوکتۆر موسەدق"یان ئاگادار کردەوە کە حیزبی توودە نیازێکی وای هەیە و، هاوکاری نەکات لەگەڵیان! هاوکات، حیزبی توودەش لەگەڵ دوکتۆر موسەدق پێوەندییان گرت و، داوایان لێکرد، پشتیوانییان بکات بۆ رووخانی رژێمی حەمەڕەزاشا، بەڵام موسەدق رازی نەبوو لەگەڵ توودەییەکاندا هاوکاریی بکات، چۆنکە دامەزراندنی رژێمی کۆمۆنیستیی، لەگەڵ بۆچوون و بیروباوەڕی خۆی و بەرەی ناسیۆناڵی ئێران (جبهه ملی ایران) دا نەدەگونجا. موسەدق، وەک فارسێکی نەتەوەپەرستی تێکنۆکرات بیری دەکردەوە، دژی بوونی رژێمی پاشایەتیی نەبوو، تەنیا دەیویست شا و بنەماڵەکەی، وەک سیستەمی سیاسیی بەریتانیا و وڵاتانی رۆژئاڤایی، دەسەلاتی سیاسییان نەبێ و، دەسەڵاتی سەرەکیی لەدەستی سەرۆکوەزیران و، دەولەت و پەرلەماندا بێت. لەبەر ئەوە نەچووە ژێرباری داواکەی حیزبی توودە و، هاوکارییانی نەکرد!

چەند رۆژێک پێش ئەنجامدانی کودەتای هاوبەشی ئەمریکا و بەریتانیا و، لایەنگرانی رژێمی پاشایەتیی، کۆبوونەوەیەکی نهێنیی لەلایەن ئەفسەرانی ئەمریکا و ئینگلیز و ژنەراڵ فەزلوڵڵا زاهدی و کۆمەڵێک لە

ئەفسەرانی لایەنگری شا، لە باکووری تاران، لە ماڵی کەسایەتییەکی ئەو سەردەمەی شاری تاران بەنێوی **"مۆئتەمەنەلمولک"** ئەنجامدەدرێ. حیزبی توودە، لەڕێگەی رێکخستنییەوە لەنیو سوپا، ئاگاداری نەخشەکە دەبێ و، شوێن و ژمارەی بەشدارانی کۆبوونەوە، بەنێو و پلەی سەربازیشیانەوە، بە دوکتۆر موسەدق رادەگەیەنێ. موسەدق، سەرزارەکی، بەڵێنی لێکۆڵینەوە و، گرتنیان دەدات، بەڵام بەکردەوە هیچ بڕیارێک لە بارەیانەوە نادات...

نەخشەی کودەتا، لەرۆژی دیاریکراودا، لە ١٩ی گەلاوێژی ١٩٥٣ی زایینی (٢٨ مرداد ١٣٣٢ شمسی)، لەلایەن ئەمریکا و ئینگلیز، بەڕێگەی سوپای ئێران بە فەرماندەیەتیی ژنەراڵ زاهدی و، پشتیوانیی چینی مەلاکان و، دارودەستەی سەرسەری و شەلاتییەکانی تاران، لەدژی دەوڵەتەکەی موسەدق بەئەنجام گەیشت. پاش چەند رۆژ کە کودەتاچێیەکان کۆنترۆڵی وڵاتیان گرتەدەست، حەمەرەزاشا لە وڵاتی ئیتالیاوە، گەڕایەوە بۆ ئێران و، لەنێو ئاپۆرەی دەیان هەزار کەسی و، پێشوازی و چەپڵەڕێزان و فرمێسکی شادیی هەر ئەو خەڵکەی ساڵێک پێش لەوە، بە جنێو و قسەی سووک لە ئێران دەریانپەڕاندبوو، بەرەو کۆشکی پاشایەتیی **"گوڵستان"** بەڕێکرا.

چەند هەفتەیەک پاش کودەتا، ٦٠٠ ئەفسەر و مامۆستای زانستگە و، خوێندکاری زانسستگەکان کە لایەنگری دوکتۆر موسەدق بوون، لەلایەن هێزەکانی حەمەڕەزاشاوە گیران. لەنێویاندا ٦٠ کەسیان گوللە بارانکران. لەنێو وەزیرەکانی کابینەی دوکتۆر موسەدق، وەزیری دەرەوە بەنێوی **دوکتۆر حسێنی فاتمی** بەفەرمانی شا گوللەبارانکرا. فاتمی زۆر دژی شا و بنەماڵەکەی بوو، لەکاتی هەڵاتنی شا بۆ بەغدا، فاتمی قسەی کرد

و گوتی: "ئەو ترسنۆکەی بەرەو بەغدا هەڵاتووە، بەردەستێکی پیس و چڵکاوخۆری ئینگلیزە، کۆشکی بۆگەنی حەمەڕەزاشا و بنەماڵەکەی، ئێرانیان وێران کردووە و، کۆمەڵانی خەڵکیان تووشی هەژاری و برسێتی کردووە. ئەم شا بێدەمار و خۆفرۆشە، ئێرانی بە بێگانە فرۆشت. دەبێ بهێندرێتەوە بۆ ئێران و، لەلایەن خەڵکەوە بەتاوانی خیانەتی بە ئێران، لەسێدارە بدرێت!". ئەوە بوو شا، هەر لە یەکەم رۆژی گەڕانەوەی بۆ ئێران، داوای گرتنی دوکتۆر فاتمی و، لەسێدارەدانی کرد.

هەڵبەستڤان ونیشتمانپەروەری گەورەی کورد "مامۆستا هێمن" یش، ، لەکاتی هەڵاتنی شا بۆ بەغدا، هۆنراوەیەکی هۆنیوەتەوە و دەڵێ:

..............................

کەی سێبەری خودا بووی، ئەی سێبەری نەهاتی

لەسایەی تۆدا دیمان شەڕ و گرانی و قاتی

لەخزمەت باوکی خۆتدا لە پیاوکوشتن ڕاهاتی

هەر کە خەڵک لێت ڕاسا، بۆی دەرچووی و هەڵاتی

دەبڕۆ ئەی شاهی خاین، بەغدا نیوەی ڕێیەت بێ

..............................

پاش سەرکەوتنی کودەتا، ئەمریکا بوو بە شەریکی سەرەکی و، ٤٠% (لەسەتا چل) ی نەوتی ئێران بەباڵای پێنج کۆمپانیای ئەمریکایی برا. هۆکەشی ئەوە بوو، ئەمریکا بە تەرخانکردنی پووڵ و بووجەیەکی تایبەتیی بۆ سەرخستنی کودەتا، توانی زۆربەی ژنەڕاڵەکان و، ئایەتۆڵڵا گەورەکان بە پووڵ بکڕێت و، بەلای خۆیدا رایانبکێشێت. شیرکەتی نەوتی ئێران – ئینگلیز، پاش کودەتا نێوەکەی گۆڕی و بوو بە شیرکەتی نەوتی ئینگلیز، کە ئەمیش ٤٠%ی داهاتی بەرکەوت. ئەوجا کۆنسرسیۆمێکی نێودەوڵەتیی لەلایەن شیرکەتەکانی هۆڵەندی



دوکتۆر موسەدق، لەکاتی گیران و دەستبەسەرکردنی لەلایەن کودەتاچییەکانەوە

و فەرەنسایییەوە دامەزرا و، ٦٠ بیلیۆن دۆلاریان دا بە ئینگلیز تا ٦٠%ی رێککەوتننامەی

نەوت بەنێویانەوە مۆربکات. ئەوجا کۆنسرسیۆم لەگەڵ ئێراندا ڕێککەوتن کە ٥٠%ی داهاتی بدات بە دەولەتی ئێران، بەڵام هەتا ڕژێمی شا مابوو، کۆنسرسیۆم ڕێی بە ئێرانییەکان نەدەدا چاویان بە دەفتەر ودەستەک و حسێب و کتێبی کۆنسرسیۆم بکەوێ. لەبەر ئەوە کۆنسرسیۆم لەگۆترە و، کورد گوتەنی : (خوا وەکیلی)، لەگەڵ ئێران حسێبی دەکرد.

ئەنجامی کودەتا، بۆ وڵاتانی گەورەی ڕۆژاڤا سوودی گەورەی بەدواوە بوو، لەنێوخۆی ئێرانیش، برەوەی سەرەکیی ، مەلاکان بوون کە بەهۆی بەشداریی ڕاستەوخۆیان لە جێبەجێکردنی نەخشەی کودەتا، پێگەی خۆیان لەنێو داودەزگەی حکوومەتی و، کۆمەڵایەتیدا پتر قایم کرد. ئەمریکا و ئینگلیز، لەدوای لەنێوبردنی دەوڵەتی موسەدق و، خانەنشینکردنی موسەدق و، لێدان و گرتن و زیندانیکردنی ئەندامانی حیزبی توودە و، بەرەی ناسیۆناڵی ئێران و، لەسێدارەدانی ژمارەیەکیان لە داداگەکانی سەربازیی ڕژێم، ئیدی سەبارەت بە نێوخۆی ئێران دڵنیابوون کە هیچ مەترسییەک لەبەردەم ڕژێمی حەمەڕەزاشا و، بەرژەوەندییەکانی ئەوان، لەئێراندا نییە و نەماوە. لەبەر ئەوە کاری دەزگەکانی سیخوڕیی ئەو دوو وڵاتە لەئاستی نێوخۆی ئێران، بەرادەیەکی زۆر کەم بووەوە. ئەوەش دەرفەتێکی گونجاو و لەباری ڕەخساند بۆ مەلاکان تا دەسەڵاتی سیاسی و ئابووریيان لەنێو حکوومەت و کۆمەل پتر بچەسپێنن. هاوکات، ئەو کەش و هەوایە، دەرفەتی ڕەخساند بۆ ئەو بەشە لە مەلا و فەقێ و خوێندکارانی ئاینیی کە بیری سیاسی و بنچینەگرایانەیان هەبوو – لەوانە وەک ڕۆحوڵڵا خومەینی و، پاشماوەی ئەندامانی فیداییەکانی ئیسلام و ... هتد، تا بەسەربەستیی زیاترەوە، لەنێوخۆیان و، موسڵمانانی دەوربەریان، بەڕوانگەی سیاسییەوە کێشەکانی نێو کۆمەڵگەکەیان هەڵسەنگێنن و، لێکیبدەنەوە.

# ڕۆحوڵڵا خومەینی،
# لەنووسینی "کشف الاسرار" ەوە
# تا بزاڤی ٤١ی هەتاوی!

## چەند کۆپلەیەك لە "کشف الاسرار".
## سەبارەت بە یاسا و دەولەت و ژن و مۆسیقا!


ئایەتۆڵڵا ڕۆحوڵڵا خومەینی

ئێمە لەپێشدا، باسی ئەوەمان کرد، کە ڕۆحوڵڵا خومەینی، ساڵی ١٣٢٣ی هەتاوی (١٩٤٤ی ز)، پەرتۆکی "کشف الاسرار"ی بڵاوکردەوە. لەم پەرتۆکەدا، ڕوانگە وبۆچوونەکانی خومەینی سەبارەت بە دیاردەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و، ژیانی ڕۆژانەی کۆمەڵگە و، چۆنێتیی پێڕەویکردنی داونەرێت و کولتووری ئیسلامی نووسراوە. ئەوجا بە خوێندنەوەی بەرنامە وپێرەوپرۆگرامی ڕێکخراوەی "فیداییەکانی ئیسلام"، دەبینین، وێکچوون و نێزیکایەتییەکی زۆر لەنێوان بیروباوەڕی خومەینی و، نەواب وسەفەوی و، لایەنگرانیدا هەبووە. بەرنامە و پێڕەوی فیداییەکانی ئیسلام، لە مانگی گەلاڕێزانی ساڵی ١٣٢٩ی هەتاوی (١٩٥٠ی زاینی) لە ٩٠ لاپەڕە و، بەنێوی "ڕاهنمای حقایق" بڵاوکرایەوە.

لێرەدا، بۆ زانینی بیروڕای ڕۆحوڵڵا خومەینی و، پێوەندیی نێزیکی لەگەڵ بیروباوەڕی ڕێکخراوەی فیداییەکانی ئیسلام، دوو کۆپلە لە هەردوو پەرتۆکی "کشف الاسرار" و ڕاهنمانی حقایق" دەخەینەڕوو!

**لە کشف الاسرار ، سەبارەت بە نووسینی قانوونی بنچینەیی ولات و. کۆمەڵگە دەڵێت:**

**"هیچ کەسێک، جگە لە خودا مافی یاسادانانی نییە. تاکە یاسایەک کە مرۆڤ لەبەرمبەریدا دەبێ ملکەچ بێ و پێڕەویی لێ بکات و ڕێزی لێبگرێت، ئەو یاسایەیە کە لە "شرع" ەوە هاتبێت. هەموو ئەو قانوونانەی مرۆڤ دایڕشتوون، پووچ و بێکەڵکن. ئاینی ئیسلام، هەموو ئەو قانوونانەی کە لەدنیا، لەلایەن دەستەیەک مرۆڤی مێشکرزیو و نەزانەوە نووسراون، دەیانخاتە ژێرپێ و ڕەتیاندەکاتەوە و، هیچ یاسایەک لە جیهان بەیاسا دانانێت، جگە لە یاسای ئیسلام نەبێت، کە**

خودێ ناردوویەتی بۆ کۆمەڵی مرۆڤ. یاسای ئیسلام، بۆ ئێستا و داهاتوو و بۆ هەموو سەردەمەکان هاتووە. ئەگەر رۆژێک لە رۆژان، لەم وڵاتە بچکۆلەی ئێمە (ئێران)، قانوونی ئیسلام بچێت بەرێوە، رۆناکاییەکەی سەرتاسەری وڵات دادەگرێت و، ئێران دەبێتە سەرکاروانی پێشکەوتن و، پێشڕەوی شارستانێتیی لە هەموو جیهان..!".

**لە راهنمای حقایق، سەبارەت بە قانوون دەڵێ:**

"مافی یاسادارێشتن تەنیا لە ئەستۆی خودایە. یاسایەک کە لە مێشکی رزیو و بۆگەنی مرۆڤەوە سەرچاوە بگرێت، دژایەتی تەواوی دەبێت لەگەڵ زانست و هزر و بەها و بناخە پیرۆزەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام. لەبەر ئەوە نووسینی یاسا لەلایەن مرۆڤەوە، بەهیچ شێوەیەک "شرعیت" (رەوایەتیی) نییە. ئەگەر لە وڵاتی ئێراندا دەستووری ئیسلام بەرێوە دەچوو، بەدڵنیاییەوە کۆمەڵگەی ئێران هەر لەیەکەم رۆژی دروستبوونییەوە، تاکو دوارۆژەکانی کۆتایی جیهان، نوقمی تیشک ورۆناکی دەبوو....

**لە کشف الاسرار، سەبارەت بە دەوڵەت و پەرلەمان بەم شێوەیە نووسراوە:**

"شێوەی دامەزران و بەرێوەچوونی دەوڵەت و "مجلس" (پەرلەمان)، لەرۆژی ئەمڕۆدا، بەم شێوەیە، کە ئەم دەزگە دەسەلاتدارێتییانە، لەلایەن کۆمەڵێک مرۆڤی بیرنەخۆش و، بێدینەوە دادەمەزرێن. کۆپی یاسای وڵاتانی ئۆروپایی دەگرن و، بەلاساییکردنەوە لە وڵاتانی ئۆروپا، دەیانەوێت لە ئێران یاسای وڵاتانی ئۆروپایی ببەن بەرێوە، یان کەسانێک هەڵدەستن و، لەخۆیانەوە یاسا دادەتاشن. ئەوجا ئێوش کوێرکوێرانە، ئەو یاسایە دەپەرستن، کە بەهیچ شێوەیەک بارودۆخی وڵاتی ئێمە، لەگەڵ ئەو یاسایانەدا یەک ناگرێتەوە... بەڵام ئەگەر پەرلەمان لەلایەن زانایانی ئاینی و خاوەن ئیمانەوە پێک بێت، کە دادپەروەربن، لە پیسی و خراپەکارییەکانی ئەم دنیایە بێبەری بن، جگە لە خزمەتکردنی کۆمەڵ، بیر لە ئامانج و بەرژەوەندیی خۆیان نەکەنەوە، ئەوجا، پاشای وڵات و سوڵتانێک بۆ رێبەری وڵات هەڵبژێرن کە لەیاسای خودا لانەدات و، خۆی دوور بگرێت لە ستەم و چەوساندنەوەی خەڵک، ئایا دامەزرانی پەرلەمانێکی وا چ زەرەرێکی هەیە؟! "

**سەبارەت بە وەزارەتی داد و، دادپرسی لە "کشف الاسرار" دا هاتووە:**

..... ئەگەر تەنیا بۆ ماوەی یەک ساڵ، قانوونی (قصاص و دیات) و دەستووری ئیسلامی لەوڵاتدا بچن بەرێوە، تۆوی بێرەوشتی و دزی و لەشفرۆشیی ژنان وکردەوەی دزێو و ماڵوێرانکەر لە وڵاتدا نامینن و، بنبڕدەکرێن. کەسێک دزی دەکات، دەبێ دەستی ببڕدرێت. ژیانی مرۆڤ و کۆمەڵ بە "قصاص" (سزادانی تاوانکار) دەپارێزرێت. ئەگەر ژن و پیاوێک بێنامووسی دەکەن، بە قامچی بدرێ لێیان، ئیدی لەوڵاتدا هێندە نەخۆشی "جنسی" (سێکسی) نامێنێت. رۆحم و بەزەیی منداڵانە، نابێت لەنێو قانووندا جێی بۆ بکرێتەوە. بڕینی دەستی دز و تاوانکار، لەلایەک خزمەت بە چاککردنی هەست و رەوانی کەسە دەستبڕاوەکە دەکات، لەلایەکی دیکەشەوە خراپەکاری و بێرەوشتی لەنیو وڵاتدا ناهێڵێت.

**دادپرس (قاضی) ئیسلامی دەبێ ئەم مەرجانەی تێدابێت:**

١- کەسێکی خاوەن هۆش بێ و، تەمەنی هەرزەکاریی تێپەڕ کردبێت.

٢- بڕوا و باوەڕی تەواوی بە ئاینی ئیسلام هەبێت.

٣- زۆڵ (حەرامزادە) نەبێت.

٤- دەبێ پیاو بێت، واتە ژنان مافی ئەوەیان نییە ببن بە دادپرس و دادستان.

٥- دادپەروەر بێ و، لە یاسا لانەدا و، لەو یاسایانەی خودا دایناون، سەرپێچی نەکات.

٦- دەبێ زانا بێ و، یاسای تایبەت بە دادپرسی و یاساکانی ئیسلام بزانێت.

٧- پێویستە توانای وەرگرتن و لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی هەبێت.

وەک لێرەدا دەبینین، لەروانگەی خومەینییەوە، کە دواتر بوو بە ئایەتوڵڵا (*١٧) و ئیمام، ژن و زۆڵ و ناموسڵمان، ناتوانن ببن بە دادپرس!!.

**لە"کشف الاسرار". سەبارەت بە "منکرات" (ئەو دیاردانەی دزێو و ناپەسندن)، و لەنێو کۆمەڵدا دەبێت ڕێ لە بڵاوبوونەوەیان بگیرێت. بریتین لە:**

"ژنان، بێ ڕووبەند و چارشێو نەبن و، دەبێ خۆیان داپۆشن. کارکردنی ژنان لەدەرەوە و، لەنێو دەزگەکانی خزمەتگوزاری و هتد،موسیقی، شانۆگەریی، سینەما، سەمای بالە، هەڵپەڕکێ و خواردنەوە و، کڕین و فرۆشتنی خواردەمەنیی ئەلکۆلی، هەروەها هێندێ لە ڕۆمانەکان، شیعری گۆرانی و، گۆرانی خوێندن، ئەمانە "حەرام" ن و، دەبێ پێش بە بڵاوبوونەوەیان بگیرێت".

**هەروەها سەبارەت بە کارکردنی ژنانلە "کشف الاسرار" دا هاتووە:**

"ژنان دەتوانن لەنێو کۆمەڵ و، لەنێو کارگە، یان لە نێوەندەکانی خزمەتگوزاری کاربکەن، بەمەرجێک سەرۆک و بەڕێوەبەر و، هەموو فەرمانبەرەکانی شوێنەکە، ژن بن و، پیاویان تێدا نەبێت. هەروەها نێوەندەکانی پەروەردە و قوتابخانە و خوێندنگەکانی کچان و ژنان، پێویستە مامۆستا و بەڕێوەبەرەکانیان هەموویان ژن بن. بەشداریکردنی ژن لە قوتابخانەی کوڕان و، لەگەڵ پیاوانی دیکەدا، کارێکی زۆر هەڵەیە. مەلاکان دەیانەوێ پێش بە ئارەزوو و حەزی شەیتانیی ئێوە بگرن. ئەو ژنە جوانانەی کە لە پشتی کورسی فەرمانگەکانەوە، مەلاکان دەزانن ئەو شوێنانە سەرچاوە و بنکەی بێڕەوشتین، لەبەر ئەوە دەیانەوێ پێشی لێبگرن...".

لەبارەی تەمەنی بەمێرددانی کچ، نووسراوە: "کچ لەتەمەنی (٩ ساڵ) دەتوانێ مێرد بکات. کوڕیش لە تەمەنی ١٤/٥ (چواردەساڵ و شەش مانگ) دەتوانێت ژن بهێنێت..".

سەبارەت بە موزیک، هاتووە: "ڕێگە بە کاری سینەما و مووسیقی دەدرێ، بەمەرجێک، پێوانە و پرنسیپەکانی ئیسلامی تێدا ڕەچاو بکرێت. دوو جۆرە مووسیقی هەن. جۆرێکیان مووسیقی "مشروع" (ڕێپێدراو) ە و، جۆرەکەی دیکەشیان، مووسیقای "غیرمشروع" (ڕێپێنەدراو) ە.

- مۆسیقا "غیرمشروع"، مێشک و دەمار و هێزوتوانای ڕۆح و ڕەوانی مرۆڤ سست و بێهێز دەکا و، لەو ڕێگەوە زیانێکی گەورە لە مرۆڤ و لە کۆمەڵگە دەدات. ئەوانەی گوێ لە مۆسیقای نامشروع دەگرن، یان لەوبوارەدا کاردەکەن، ئەندامەکانی لەشیان، وەک ئەندامەکانی لەشی ژنان ناسک و

**لووس و لاواز دەبێت. لەبەر ئەوەیە کە زۆربەی هەرەزۆری پسپۆڕان و مۆسیقاناسانی گەورەی دنیا، زۆر لاواز و ناسک و ترسنۆکن و، مێشکێکی ئاڵۆزیان هەیە و، دەچنە ریزی ترسنۆکترین ژنانەوە و مێشکیان لە سەرچاوەی زانستی و بەکەڵک بەتاڵ دەبێت. لەبەر ئەوە پێویستە روو بکرێتە مۆسیقا "مشروع".**

**- مۆسیقای (مشروع) بریتییە لە: "خوێندنەوەی وشەکانی شیرین و "فضیلت پرور" (زانست و هۆشپەروەر) ی قورئان. گوێگرتن لە بانگی نوێژ و، بانگ و سەلاو و لاڵانەوە و سکاڵای ئاینی بەدەنگی بەرز، ئەمانە پەرە بە زانست دەدەن و، راستییەکان فێری مرۆڤ دەکەن و، لەگەڵ رەوانی کۆمەڵگەشدا دەگونجێ و هاودەنگیی دەبێت لەگەڵی...".**

بەکورتی، هەموو بەند و لاپەڕەکانی دەستوور و پرۆگرامی رێکخراوەی فیداییەکانی ئیسلام بەنیوی "راهنمای حقایق" (رێنوێنیی راستییەکان)، لەگەڵ پەرتۆکی "کشف الاسرار" ی خومەینیی، وەک یەکن و هیچ جیاوازییەک لە روانگە و بۆچوونەکانیاندا نابیندرێت. داڕێژەر و بناخەدانەری ئەم بیرە بنچینەگرانەیەش لەنێو مەلاکاندا، کەسێک بوو بەنێوی "شیخ فضل اله نوری"، کە لەسەردەمی "انقلاب مشروطه" (شۆرشی نوێخوازیی)، دژ بە لایەنگرانی مۆدێرنیتە و شۆرشی مەشرووتە وەستا، کە لایەنگرانی مەشروتە خوازیاری رێفۆرم و گۆڕانکاریی سیاسی و کۆمەڵایەتیی بوون. شێخ فەزلەڵلا نووری، بزاڤێکی رێخست بەنیوی "انقلاب مشروعه" و، خوازیاری ئەوە بوو حکوومەتێکی ئیسلامیی پێکبێت، کە مەلاکان و ئایەتۆڵلاکان بیبەن بەڕێوە و، یاسا و دەستووری ئیسلامی لە وڵاتدا پێڕەوبکرێت.

پاش لەسێدارەدانی شێخ فەزلەڵلا نووری و سەرکوتکردنی لایەنگرانی شۆرشی مەشروتە و مەشروعە، لەلایەن حکوومەتی قاجا ر و هێزی چەکداری ئینگلیز و رووسیاوە، خومەینیی، روانگە و ئامانجەکانی سیاسیی شیخ فەزلوڵلای نووری لە پەرتۆکێکدا کۆکردەوە و، نێوی نا "کشف الاسرار" (دۆزینەوەی نهێنییەکان). ساڵێک پاش نووسینی ئەم پەرتۆکە، لە کاتێکدا هێشتا مەلایەکی نەناسراو بوو و، هێشتا نەگەیشتبووە پلەی ئایەتۆڵلا و "مرجع تقلید"، بەنووسینی نامیلکەیەک بەنێوی "**بیخوێنەوە و بەکاری بهێنا**"، فتوای کوشتنی ئەحمەد کەسرەوی دەرکرد، کە ئەوەش لەو سەردەمەدا، بەپێچەوانەی دەستووری ئاینی شیعەوە بوو، چۆنکە مەلایەک نەگەیشتبێتە پلەی ئایەتۆڵلا و "مرجع تقلید"، ناتوانێ فتوای کوشتنی کەسێک دەربکات! خومەینی، لەوسەردەمەدا هەر دوو پەرتۆکەکەی بەبێ نێو بڵاوکردەوە. دوای ئەوەش ئیدی دەنگی نەما و هیچ جۆرە جالاکییەکی لێنەبینرا، بەڵام ئەو بێدەنگییەی خومەینی، بەمانای کشانەوەی لە بیروباوەری توندڕۆیانەی نەبوو. سالانی نێوان ١٩٤١ — ١٩٥١، بۆ خومەینی، ساڵانێکی گرنگ و پڕبەها بوون و، لە پێگەیاندن و، دەولەمەندکردنی ئەزموون و بیروباوەڕیدا کارکردی زۆریان هەبوو. لەو سالانەدا، خومەینی لەرووی بیروباوەڕەوە، لە **ئایەتۆڵلا**

**کاشانی و "فیداییەکانی ئیسلام"**، کە ئیسلامی رادیکاڵ بوون، زۆر نێزیک بوو. ئایەتۆڵڵا کاشانی وەک مامۆستایەک، کارکردی زۆری لەسەر روانگە و بیروباوەڕی خومەینی دانابوو. پاش گەڕانەوەی نەواب سەفەوی لە عێراقەوە بۆ ئێران، ئایەتۆڵڵاکاشانی، رەزامەندیی خۆی بۆ دامەزراندنی رێکخراوەی فیداییەکانی ئیسلام پێشاندابوو. لەنێوان ئەو ساڵانەدا، بەوتەی ژنەکەی نەواب سەفەویی، رۆحوڵڵاخومەینی زۆر جار چووەتە ماڵیان و، لەگەڵ نەواب سەفەوی، بە چەندین سەعات پێکەوە دواون و قسەیان کردووە.

**پاش ئەوەی کە نەواب سەفەوی و، ژمارەیەک لە ئەندامەکانی رێکخراوەی فیداییەکانی ئیسلام، بەهۆی تێرۆر و کوشتنی دوو کەس لە سەرۆکوەزیرانی ئێران "عەبدولحسێن هەژیر" و "رەزم ئارا"، گیران و، لەلایەن پۆلیسی شاوە لە سێدارەدران، رۆحوڵڵا خومەینی هێنایەسەر ئەو باوەڕەوە، کە بە تێرۆرکردنی چەند وەزیر و کاربەدەستێکی رژێم، لەلایەن چەند موسڵمانێکی خۆبەخش و گیانفیداوە، ئالوگۆڕ پێک نایە و، رێگەچارە ئەوەیە، لەنێو قوتابخانە و نێوەندەکانی ئاینی و موسڵمانانی خاوەن بڕوای ئاینیدا، بەشێوەی نهێنیی، خەبات بکات بۆ سازکردنی رێکخستنی ئیسلامیی.**

# هۆکاری دژایەتیی چینی ئاینیی (مەلاکان) لەگەڵ

## پرۆژەی "شۆرشی سپی"

## رژێمی حەمەرەزاشای پەهلەوی!

تاسەرەتای شەستەکانی سەدەی رابوردووی زاینیی، کۆمەڵگەی ئێران هێشتا لەنێو چوارچێوەی فەرهەنگی دواکەوتووانە و داخراوی فیۆدالی دا مابووەوە. سیستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتیی، سیستەمێکی نیوە فیۆدال – نیوە سەرمایەداری سوننەتی بوو. لەساڵانی پەنجاکان و سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابوردوو، چینی دەسەڵاتدار و فەرمانڕەوا، لە خان و فیۆدالەکان پێکهاتبوون کە پتر لە ٦٠% ی زەوی زار وکێڵگەکانی ئێرانیان لەدەست دابوو. لەنێویاندا ئایەتوڵڵاکان و مەلا گەورەکان، لایەنێکی سەرەکی بوون لە پێکهاتەی چینی فیۆدالی ئێران و، مانەوەی سیستەمی دەرەبەگایەتیش، راستەوخۆ لەگەڵ بەرژەوەندیی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییان گرێدرابوو. حکوومەتی بریتانیا وەک رابوردوو، بەرێگەی نوێنەر و ئاڵقەلەگوێکانییەوە، لەنێو حکوومەت و مەلاکاندا، رۆڵێکی کارا و گرنگی لە هەڵسووڕانی سیاسەتی ئێراندا دەگێڕا. لایەنێکی دیکە لەوسەردەمەدا دژی گۆڕانی سیستەمی ئابووری و پیشەیی بوون، ئەو بەشە لەبازرگان و، بازاڕییەکان بوون کە خاوەنی کارگەی بچووک و دەستی وسوننەتی بوون. گەشەکردنی پیشەسازیی رۆژاڤایی لەئێران، زیانی بە بژێوی و داهاتیان دەگەیاند. ئەم مەترسییەشیان لەجێی خۆیدا بوو، چۆنکە پاش سەرگرتنی پرۆژەی "شۆرشی سپی" و، بەماوەی چەند ساڵێک، زیانێکی گەورە لەچینی پیشەسازی سوننەتی درا. بەپێی راپۆرتی وەزارەتی ئابووری و دارایی ئێران کە لەساڵی ١٣٥٥ی هەتاویدا بڵاوکرایەوە، سەرجەم ٢١٩٠٠٠ کارگەی دەستی (مانۆفاکتۆر) لە ئێراندا کاریان دەکرد، بەڵام تەنیا ٢٤% ی پێویستییەکانی کۆمەڵگەیان بۆ دابیندەکرا، لەکاتێکدا ٦٦٢٦ کارگەی مۆدێرنی پیشەیی، ٧٦% ی بەرهەمی پیشەییان بازاڕی ئێرانی داگیرکرد.لایەنی دیکە لەسەرەوە ئاماژەمان کردپێی، بنەماڵەی فیۆداڵە گەورەکان بوون کە هەر لەکۆنەوە، موڵک و زەوینێکی زۆریان پێبڕابوو. ئەمانە لە شارەکان و لەگوندەکان خاوەنی سەرمایە و داهاتێکی زۆر بوون، لەرووی سیاسیشەوە بەهێز و خاوەن بوون. لەبەر ئەوە، هەر گۆڕانێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و پیشەیی، راستەوخۆ بەمانای زیانگەیاندن بوو لە بەرژەوەندیی ئەم سێ چینە کە نێومان بردن.

حەمەرەزاشا، کەوتبووە خولیای ئەوەوە، لەلایەک لەدەسەلاتی ئینگلیز و مەلاکان و فیۆدالەکان کەم بکاتەوە، لەلایەکی دیکەشەوە، بە ئەنجامدانی هێندێ ریفۆرم، سیمایەکی مۆدێرن و پێشکەوتوانە بدات بە ولاتەکەی. پیشەسازییەکی هاوچەرخ، جێنشینی

پیشەسازی کلاسیک و مانۆفاکتۆر بکات. ڕێژەی نەخوێندەواریی لەوڵاتدا کەم بکاتەوە، کە زۆرینەی خەڵکی ئێرانیان پێکدێنا. هەروەها هێندێک مافی سیاسی و کۆمەڵایەتیی بۆ ژنان دابین بکات و، مافی دەنگدان و هەڵبژاردنیان پێ بدرێت. زەوی و زاری فیۆدال و دەرەبەگەکان بەسەر جۆتکار و، خەڵکی کەمدەرامەت و ڕەشایی گوندەکاندا دابەشبکات. سنوور و چوارچێوەیەکی دیاریکراو بۆ دەسەلاتی سیاسی و کۆمەلایەتی و سەروەت و سامانی زۆر و زەبەندی ئایەتوڵڵاکانیش دابنێت و، بیانخاتە ژێر کۆنترۆڵ و چاودێرییەوە.

**شا، ئەم بیرۆکەیەی لە پەرتۆکێکدا بڵاوکردەوە و، نێوی لێنا "انقلاب سفید" (شۆرشی سپی)، یان (انقلاب شاە و ملت).**

## پرۆژەی "شۆرشی سپی". سەرەتا لەم شەش مادەیە پێکهاتبوو:

**– ڕیفۆرمی زەوی و، دابەشکردنی زەویی گوندەکان و کێڵگەی دەوروبەری شارەکان لەنێوان ئەو کەسانەی کاری لەسەر دەکەن.**

**– بە ناسیۆناڵکردنی (ملی کردن) دارسانەکان و، لەوەڕگەکانی وڵات**

**– گۆڕینی یاسای کارگەکانی وڵات، لە دەوڵەتییەوە بۆ شەریکە و، فرۆشتنی بەش (سهم) و (دانگ) ی کارگەکان بە کەسانی پارەدار و خاوەن سەرمایە، کە ببێت بە پشتیوانیەکی ئابووریی بۆ ڕیفۆرمی ئابووریی.**

**– بەشداریکردنی کرێکارانی وڵات لە سوودی کارگەکان.**

**– چاککردنی یاسای هەڵبژاردن. بەشداریی گشتیی کۆمەڵ لە هەڵبژاردن – بەتایبەتیی مافی دەنگدان بۆ ژنان لە هەڵبژاردن.**

**پێکهێنانی سوپای زانست. ئەم سوپایە لە خوێندکاری قوتابخانەکان پێکدێت کە پۆلی شەشی نێوەندیی (بەکالۆریا) یان تەواو بکەن و، لەبری دوو ساڵ چوون بۆ سەربازیی، لە قوتابخانەی گوندەکاندا ئەرکی مامۆستایەتیی دەبەن بەڕێوە.**

دواتر چەندین مادە و، تێبینیی پێ زیاد کرا. ئەوجا بۆ ئاگاداریی خەڵکی ئێران و، دنیای دەرەوە، پرۆژەکەی شا، لەمیدیا بڵاوکرایەوە و، پرۆپاگەندەی زۆریشی لەبارەوەکرا. بەپێی قانوونی دابەشکردنی زەوی، فیۆدالەکان تەنیا گوندێکیان بۆ بەجێ دەما و ، دەبوو هەموو موڵک و زەوینەکانی دیکەیان لەنێو جۆتکارەکاندا دابەشبکرێت. پرۆژەی دابەشکردنی زەوین، لەسێ قۆناخ، واتە لەساڵانی نێوان ١٣٤١ تاکو ١٣٥٠ ئەنجامدرا. بەشێک لە ئەندامانی بنەماڵەی شا و وەزیر و، کەسانی نێزیک ودەستوپێوەندەکانی شا، ئەم یاسایە نەیگرتنەوە. هێندێکیان زەوی و زارێکی زۆریان داگیرکرد، بەشیکی دیکەشیان موڵک و سامانەکەیان پارێزرا ودەستی لێنەدرا (١٨*).

ئەو چین ولایەنانەی بەرژەوەندییان لەگەڵ پرۆژەکەی شادا نەدەگونجا، کەوتنە جموجوڵ و دەربڕینی نارەزایەتیی. لەلایەن مەلاکانەوە، **ئایەتوڵڵا محەمەد تەقی خوانساری،** کە یەکێک بوو لەپێشەوایانی بەنێوبانگی شیعە، داوای لە مەلایەکی نێوەندی ئاینیی لە قۆم کرد کە نێوی **رۆح اله خومەینی** بوو، تا نامەیەک بنووسێت بۆ شا و، گوتیشی:

**"نێوەرۆکی نامەکە "با توند نەبێ!" لە نامەکەدا شا ئامۆژگاری بکە و بنووسەبۆی، ئەم کردەوەی ئێوە، واتە دابەشکردنی زەوی و، مافی دەنگدان بۆ ژنان، بەپێچەوانەی قورئانە. بەرژەوەندیی ئیسلام و ئێران لەوەدایە کە ئەم بڕیارانە هەڵوەشێنیتەوە، چۆنکە هەروەک گوترا بە پێچەوانەی دەستووری قورئانن. پێویستە شا، کەسایەتی و زانایانی ئاینیی لەدەستی خۆیدا رابگرێ، ولات بەبێ رێبەر و پێشرەوی ئاینی بەرێوەناچێت. ئەگەر پێشڕەوانی ئاین نەبن، ئەوا بیری کۆمۆنیستی بەسەر وڵاتی ئێمەدا زاڵ دەبێت، کە بناخەی وڵاتەکەمان لەسەر رێبازی پیرۆزی "شیعە اثنی اعشری" (شیعەی دوانزە ئیمامی) دامەزراوە. جا لەبەر ئەوە ئەرکی شا و حکوومەت ئەوەیە، ئاسایش و هێمنی وڵات بپارێزن و، رێگەنەدەن ولاتەکەمان بکەوێتەدەستی بێگانەوە کە بێن و حکوومەت بکەن بەسەرماندا. ئەوە پێشەوایانی ئاینی و چینی مەلاکان بوون کە لە رابوردوودا سنگیان کردبووە قەڵغان بۆ پێشگرتن لە کۆمۆنیزم و، پاریزگاریکردن لە وڵات، بێگومان لەداهاتووشدا هەروا دەکەن...!".**

لێرەدا، ئایەتوڵڵا خوانساری بەرێگەی ناردنی ئەو نامەیە بە پێنووسی خومەینیی، وەبیری حەمەڕەزاشای دێنێتەوە، رووداوەکانی سەردەمی سەرۆکوەزیران دوکتۆر موسەدق و، کودەتای (٢٨ مرداد ٣٢)، لەبیر خۆی نەباتەوە، ئەوە مەلاکان بوون، هێنایانەوە سەر تەختی پاشایەتیی! هاوکات هەرەشەشی لێدەکات و، دەڵێ: "هەروەک چۆن لە رابوردوو، لە بەرامبەر کۆمۆنیزمدا، سنگی خۆمان کردە قەڵخان، بێگومان لەگەڵ تۆشدا هەروا دەکەین و، بەربەرەکانێت دەکەین.

## هۆکارەکانی سەرهەڵدانی
## قەیرانی ئابووری و سیاسیی!

سەرکوتکردنی بزاڤی مەلاکان و پێڕەوان و لایەنگرانیان و، دوورخستنەوەی خومەینی لە مانگی گەلاڕێزانی ١٩٦٢ی زاینی بۆ عێراق، کۆتایی بە جموجۆڵ و پەرەسەندنی بیری بنچینەگری ئیسلامیی نەهێنا و، ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ، بیری دژایەتیکردنی شا و حکوومەتەکەی، لەنێو مەلاکانی شیعە و ڕۆناکبیران و، ئازادیخوازانی ئێران زیاتر پەرەی دەسەند، چۆنکە، حەمەڕەزاشا کە بە هۆی داهاتی زۆر و زەوەندی نەوتەوە، توانیبووی چەکوچۆڵێکی زۆر و پێشکەوتوو لە ئەمریکا و ولاتانی ئۆروپا بکڕێ و، سوپایەکی مودێرن و، پەروەردەکراوی دەستی پسپۆڕان و ئەفسەرانی سوپایی ئەمریکا پێکبێنێت، دەزگەیەکی سیخوڕیی ترسناک وەک "ساواک" دروست بکات و، تا ڕادەیەک سیمایەکی هاوچەرخانە بە شارەکان بدات، تووشی لە خۆباییبوونێکی وا ببوو کە تەنانەت گوێی لەراوێژ و پێشنیازی هیچ وەزیر و کاربەدەستێکی حکوومەتەکەی ڕانەدەگرت. هەموو دەسەلاتێکی خستبووە ژێردەستی خۆیەوە. ئازادی ڕاگەیاندن و مافی سیاسی و فەرهەنگیی نافارسەکانی بە تەواوەتیی بەربەست کردبوو. بەسەدان مرۆڤی ڕۆناکبیر و، ئازادیخواز و نەیاری سیاسیی سەر بە چین و توێژە جیاوازەکانی نێو کۆمەڵگە، کە لەنێویاندا مەلاکان و ئیسلامیستەکانیشی دەگرتەوە، لەنێو زیندانەکاندا خرابوونە ژێرئەشکەنجە و لێدان و گوللەبارانکردنەوە. ئەشکەنجە و دارکاریکردن، ببوونە پیشە و کارێکی ئاسایی لەنێو زیندانەکان.

شا، هەروەها پشتی لەو بەشە لە مەلا و ئایەتوڵڵایانەش کرد، کە کاتی خۆی لەسەردەمی دوکتۆر موسەدق دا، لەهێنانەوەی بۆ ئێران پشتیوانییان کردبوو لێی. "مجلس" (پەرلەمان) ی ئێران، کە دەبوو وەک نێوەندێکی دەسەڵاتدارێتی و، سەربەخۆ و یاسادانەر، ڕۆڵی خۆی ببینێت، ڕاستەوخۆ کەوتەژێر دەسەلاتی شاوە و، ئەندامانی پەرلەمان لە کەسانی جێمتمانە و گوێڕایەڵ، لە نێوچەکانی ئێرانەوە دەستنیشان دەکران. شا هەروەها پەرلەمانێکی دیکەشی دامەزراند بەنێوی (مجلس سنا)، کە ئەندامەکانی ڕاستەوخۆ لەلایەن خۆیەوە هەڵدەبژێردران. شەوەزەنگ و دیکتاتۆریی بەسەر ولاتدا داسەپاند و، زۆربەی داهات و بووجەی ئێرانی تەرخانکرد بۆ کڕینی هەموو جۆرە چەکێکی نوێ و، مۆدێرن و تەیار و پۆشتەکردنی سوپای ئێران. بایی چەندین ملیارد دۆلار چەک و چۆڵ و کەرستەی جەنگیی کۆمپانیاکانی ئەمریکایی، لە ساڵدا بە ئێران دەفرۆشران و، ئێران بوو بە زاخە و هەماری چەک و چۆڵی مۆدێرن و پێشکەوتوو. بەبەراوردی کارناسانی سوپایی ئەوسەردەمە، ئێران بە پێنجەمین ولاتی دنیا لەڕووی هێزوتوانای سەربازییەوە لە قەڵەم دەدرا. سوپای ئێران لە ئاستی نێوچەکە و، جیهان، بە "ژاندارمی ڕۆژهەلاتی ناڤین" ناوی دەرکرد.

ڕێکەوتی ١٩٧١/١١/٣٠، بەفەرمانی شا، سوپای ئێران پەلاماری سێ دورگەی عەرەبنشینی کەنداوی دا، بەنێوی "ئەبو مووسا" و "تونبی گەورە" و "تونبی بچووک" و، ئەو سێ دورگەی بەرەسمیی لکاند بە ئێرانەوە. دەولەتەکانی عەرەب بەتێکڕا بێدەنگ بوون و، لەخۆیان ڕانەدی دژی سیاسەتی داگیرکاریی شا هەڵوێست بگرن. حەمەڕەزاشا هەروەها لەنێوان ساڵانی شەستەکان، تا نیوەی حەفتاکانی سەدەی ڕابوردوو، بەڕەچاوکردنی نەخشە و پیلانێکی ڕەگەزپەرستانە و، بەخشینی یارمەتیی دارایی و لۆجستیکیی، توانی سەرکردەیەتیی شۆرشی ئەیلوول بخاتەژێر کارکردی خۆیەوە و، لەپێناو ئامانجی سیاسی و، بەرژەوەندیی ڕەگەزپەرستانەی فارسیدا بەکاربێنێ. ئەوەبوو لە ٦ی مارتی ساڵی ١٩٧٥، لە ئەنجامی ڕێککەوتنێک لەنێوان حەمەڕەزاشا و،سەددام حسێن لە "ئەلجەزایر"، پێشی بەدرێژەدانی شۆرشەکە گرت و، لە بری ئەوە، بەشێک لە "ش× العرب" و، هەندێک لە زەلکاوەکانی باشووری عێراقی، لە ڕژێمی بەعس وەرگرت و، کێشەی ڕەوای کوردی، کرد بە قوربانیی ئامانجی ڕەگەزپەرستانە و، سەپاندنی دەسەلاتی زیاتری خۆی، بەسەر نێوچەکەدا.

بەڵام، سەرەڕای ئەم نێوبانگ و سەرکەوتنە ڕواڵەتییانە و، بەپێچەوانەی بۆچوون و لێکدانەوەی کارناسانی سیاسی و لەشکریی ولاتانی ڕۆژهەلاتی ناڤین و جیهان، سەبارەت بە ئاستی بەرزی کارزانی و لێوەشاوەیی شا و، پسپۆڕیی ئەندامانی ڕژێمەکەی و پێشاندانی ماسولکە و چاوسۆرکردنی سوپاکەی بەرامبەر ولاتانی دەوروبەر، لەراستیدا، سیستەمی ڕژێمەکە، لەبنەڕەتەوە، بناخەکەی بۆش و پووکاو بوو، چۆنکە، دامەزرانی حکوومەتی شا، وەک پێشتر ئامارەمان کردپێی، بەهۆی پشتیوانیی گەلانی ئێران لێی و، کارزانی و توانای بەرێوەبەرێتیی خۆیەوە نەبوو، بەڵکو بەسایی نەخشەی سەربازی و، بووجەی ئەمریکا و ئینگلیز و پشتیوانیی مەلاکان


حەمەڕەزاشا، لەسالانی نێوبانگ و دەسەلاتیدا

و، لە ئەنجامی کودەتای سەربازییەوە بوو. واتە ڕژێمی شا، ڕژێمێکی وابەستەی ولاتانی ئیمپریالیستیی، لەسەروویانەوە، ئەمریکا بوو. شا، هەروەها دوو بیرەوەریی تاڵی، لەلایەن گەلانی ئێرانەوە، بەرامبەر خۆی و باوک و بنەماڵەکەی هەبوو. لەجاری یەکەمیاندا ،

کاتێک سوپای هاوپەیمانان لە جەنگی دووەمی جیهانیدا، ڕژانە نێو ئێرانەوە و، باوکی (ڕەزاشا)، لەلایەن ئینگلیزەکانەوە، لە ئێران دووردەخرایەوە، گەلانی ئێران بەتێکڕا، لەنەمانی ڕژێمی پەهلەویی، لە شار و شارۆچکەکاندا شایی و سەمایان ڕێخستبوو. جارەکەی دیکەشیان ئەوە بوو، لەساڵی ١٣٣٢ی هەتاویدا، هەر بەوشێوەیە، لەدژی خۆشی کەوتبوونە خۆپێشاندان و، جنێودان پێی و ناچاریان کردبوو، لە ئێران ڕابکا و، پەنا ببات بۆ **شا فەیسەڵ لەعێراق**. بۆیە بەهیچ شێوەیەک بڕوا و متمانەی بە خەڵکەکەی نەبوو. تەنیا شتێکیش کە بیری لێدەکردەوە، چاوترسێن کردن و، تۆقاندنی خەڵکەکەی بندەستی بوو.

ئەو دوو هۆکارە سەرەکییە، واتە وابەستەبوونی بەرامبەر وڵاتانی گەورە، هەروەها بێبڕوابوونی بەرامبەر خەڵکەکەی خۆی، کەسایەتییەکی نەخۆش و، دەروونئاڵۆزی لێ دروستکردبوو. واتە کێشەی سەرەکیی ڕژێم، لەلاوازی و پووکاویی کەسایەتیی شاوە سەرچاوەی دەگرت. بۆ قەرەبووکردنەوەی کەسایەتیی رووخاویشی، پەنای دەبردە بەر رووشاندنی هەست و ڕەوانی دەستوپێوەند و وەزیر و خەڵکی وڵاتەکەی. هەر ئەوەش بوو کە وای لێکردبوو، نەتوانێت گوێ لەرەخنە و پێشنیازی کەسانی دەوروبەری بگرێت. هەموو تاکێکی وڵاتەکەی، لە گەورەوە تا بچووک، لە سەرۆکوەزیرانییەوە، تاکو فەرماندەکانی سوپا و بەشەکانی دیکەی حکوومەتەکەی، دەبوو فەرمان و بڕیاری ئەو جێبەجێ بکەن.

شا، لەئەنجامدان و بەڕێوەبردنی سیاسەتی ئابووری و داراییشەوە، پرسی بەکەس نەدەکرد و، لەبەرامبەر وەرامی پێشنیاز و بۆچوونی ئابووریناسان و، پسپۆڕانی ئابووریدا، بە نەشارەزا و، بیرتەسک و ترسنۆک تۆمەتباری دەکردن. شا هەر لەسەرەتای ساڵانی شەستەکانی زایینییەوە، سێ پرۆژەی ڕەچاوکرد بۆ گەشەپێدانی ئێران، کە بریتیبوون لە: **گەشەی خێرای ئابووری، ڕاگرتنی نرخێکی گونجاو و ستاندارد بۆ شتومەک و، چاکسازیی ژیانی کۆمەڵگە**. ماوەی پێنج ساڵیشی وەک قۆناخی یەکەمی پرۆژەکانی دیاریکرد. شا، لە ساڵی ١٩٧٥، **لەوتووێژی لەگەڵ ڕۆژنامەنووسی بەنێوبانگی میسری - محەمەد حەسەنێن هەیکەل دا گوتبووی: "ئێران دەبێ لەماوەی دە ساڵدا بگاتە ئۆروپا و لەماوەی بیستساڵدا بگاتە ئەمریکا"**. بۆ جێبەجێکردنی پرۆژەکانی، فەرمانیدا هەڵێنجان و هەناردەی نەوت فراوانتر بکرێت. لەوەوە پارە و پووڵێکی زۆر هاتە دەستییەوە و، دەستیکرد بە کڕینی لەرادەبەدەری کەلەپەلی جەنگی و، هێنانی خواردەمەنی و، کەلوپەل و پێداویستییەکانی نێوماڵ لە وڵاتانی دەرەوە، ئەویش بە ڕادەیەکی وەها کە ڕیزی پاپۆڕەکان، بەسەرە دەوەستان و، هێندێک جار بەدوومانگ و سێ مانگ، لە لێوارەکانی کەنداو لەنگەریان دەخست. نەبوونی بەرنامەیەکی ئابووریی گونجاو و، تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو و هەندازیار و کرێکاری پسپۆڕ، پاش چەند ساڵێک زیانی گەورەی بە ژێرخانی ئابووریی وڵات گەیاند و، ڕێی گەشەسەندنی لێگرت و، نەوت وەک تاکە سەرچاوەی

پشتیوانی دارایی و دابینکردنی پێداویستییەکانی ئێران مایەوە. قەیرانی ئابووری و کێشەی بێکاری و، کێشەی خانووبەرە، چوونە ریزی نەبوونی ئازادییەکانی تاک و کۆمەڵەوە و، بوونە دیاردەی زەق و بەچاوی کۆمەڵگەکەوە.

لەڕووی میدیا و راگەیاندنەوە، هیچ سەربەستییەک نەبوو. نەدەبوو هیچ قسە و نووسینێک بەپێچەوانەی ویستی شا، بلاوبکرێتەوە و، دەبوو هەموو دەنگ و باسێک سەبارەت بە پێشکەوتنی ئێران بێت و، بنووسرێت هەموو پێشکەوتنێکیش، لەسایی سەری شای شاهانەوەیە. ئەگەر وەزیر و کاربەدەستێک پرۆژەیەکی باشی پێشنیاز بکردایە، دەبوو بەنێوی شاوە بلاوبکرێتەوە. (هەروەک ئەوڕۆکەی کوردستانی خۆمان، کۆلانێکی ۱۰۰ مەتری بە پارە و پوولی خەڵکەکە خۆی، قیرتاو دەکرێت، لەلایەن میدیای حیزبە کوردییەکانی باشوورەوە، خەڵکەکە دێننە سەر شاشەی تەلەفزیۆن و، فێریان دەکەن سوپاسی سەرۆکی حکوومەت و سەرۆک وەزیران و، وەزیری رێگەوبان و، جێگرەکەی و جیرانەکانی و ... هتد بکەن!!).

سەیر لەوەدابوو، شا سەبارەت بە رۆژنامەکان و میدیای دەرەوەش هەر بەم چەشنە بیری دەکردەوە و، پێیوابوو دەبێ ستایشی بکەن و، بەشان و باڵی هەڵبلێن و، نابێ رەخنە لە سیاسەتەکانی بگیرێت. کاتێ رۆژنامەی ولاتێکی ئورۆپایی، وتارێکی رەخنەئامێزیان سەبارەت بە سیاسەتەکانی شا بلاودەکردەوە، ئەسەدۆڵلا عەلەم – وەزیری کۆشک و تەلاری (۱۹*) رادەسپارد، تا باڵوێژی ولاتەکە بانگێشت بکا و، بێزاریی شا و دەولەتی ئێرانی پێڕابگەیەنێت و، رەخنە و گازندە لە دەوڵەتەکە بکات، بۆچی رێگەیانداوە لە رۆژنامەیاندا بەرامبەر شای ئێران شتی خراپ بلاوبکەنەوە!! بەوتەی ئەسەدۆڵلا عەلەم، کاتێک شا، ئاگادار دەبوو کە رۆژنامەیەکی ئینگلیزیی، یان ولاتێکی دیکەی ئورۆپایی سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە ئێران، بابەتێکی نووسیوە، یەکسەر دەیگوت، ئەوە دەولەتی ئینگلیز، یان فیسارە دەولەت فێری کردووە. بەوتەی "عەلەم" خۆی، سەرئێشەی بەردەوامی ئەوە بوو، لەسەر داوای شا، دەبوو هەموو جارێک باڵوێژی ولاتانی ئورۆپایی و ئەمریکایی، بەتایبەتیی ئینگلیز، بانگێشت بکات و، ئاگاداریان بکاتەوە، کە شای شاهان لە نووسینی فلانە نووسەر و فیسارە رۆژنامە تووڕەیە. عەلەم هەروەها دەڵێ: "هیچیەک لە باڵوێژەکانی بەریتانیا لە تاران، نەیانتوانی بۆ جارێکیش بە



وێنەی ئەسەدۆڵلا عەلەم

**شای بسەلمێنن، کە لە ولاتی بریتانیا رۆژنامە و رۆژنامەنووس، سەربەست و سەربەخۆن!".**

**سوپای ئێران** بە ژاندارمی نێوچەکە و، بە پێنجەمین سوپای جیهان نێودەبرا. بەشی زۆری بووجەی ساڵانەی ئێران دەدرا بە چەک و چۆڵ و، پەروەردەی سەربازیی. هەزاران پسپۆڕ و تێکنیسییەنی ئەمریکایی لەنێو لەشکرگەکانی ئێراندا کاریان دەکرد و، ئەفسەرانی ئەمریکا راستەوخۆ سیستەمی سوپایان دەبرد بەڕێوە، لەبەر ئەوە، ژنەراڵەکان و ئەفسەرانی پلەبەرزی سوپای ئێران، لەنیوخۆیاندا ئەو بڕوا و هەستی نیشتمانی و سەربەخۆییەیان تێدا شکابوو. بەشێک لە ئەفسەرانی پلەخواری نێو سوپا، لەدەسەلاتی ژنەراڵەکانی ئەمریکایی بەسەر سوپای ئێراندا ناڕازیبوون. ئەگەرچی سوپا بە چەکوچۆڵ و تەکنیکی نوێ و مۆدێرنەوە تەیار ویۆشتە کرابوو، بەلام هێزێکی ئازا و هێرشبەر و، تۆقێنەر و، خاوەنی دیسیپلینی سەربازیی نەبوو. جگە لە راهێنانی جەنگیی کە چەند ساڵ جارێک بەرێوەدەبرا، بەکردەوە لەگەڵ سوپای هیچ وڵاتێکدا بەرەورووو نەبووەوە. سوپا هەروەها، لەنێوخۆیدا، تووشی کێشەیەکی ئاڵۆز ببوو. بەدەیان هەزار ئەفسەر و گروبان (سەردەستە) و کادر و تەکنیککاری سوپا، گیرۆدەی تلیاک و حەشیشە ببوون. تاوایلێهات، بەرەسمیی، لەلایەن سەرۆکایەتیی سوپای ئێرانەوە، بە فەرماندەی هەموو لەشکرگەکانیان راگەیاند، پێش بەو رەوتە دزێوە بگرن و، هەرەشە لە کەسانی تووشبوو بکەن و ئاگاداریان بکەنەوە، بە وازنەهێنانیان لە کێشانی تلیاک و حەشیش، لە سوپادا دەردەکرێن. بەڵام ئەو بڕیارە هیچ سوودێکی نەبوو و، تەنێ بۆ ترساندن بوو، چۆنکە ژمارەی تووشبووان زۆر لەوە زیاتر بوو کە بتوانن بڕیارەکە بخەنە بواری جێبەجێکردنەوە.

بارودۆخی کۆمەڵگەی ئێران بە گشتی، لەو سەردەمەدا بەم شێوەیە بوو، بەڵام حەمەرەزاشا، وای نەدەدیت، چۆنکە ئاگاداری بارودۆخی نێوخۆی ولاتەکەی نەبوو. ئاگاداری پەرەسەندنی رێژەی بێکاری و گرانی نەبوو. راستیی ئەم قسەیەش لە بیرەوەرییەکانی ئەسەدوڵڵا عەلەم دا بەرچاودەکەوێ، کە دەڵێ، کەس نەیدەوێرا شا لە چۆنێتیی راستینەی بارودۆخی نێوخۆی ئێران ئاگادار بکاتەوە. شا لەخەڵک دابڕابوو و، نەیدەزانی خەڵک چۆن دەژین و چۆن بیردەکەنەوە! بەپێچەوانەوە، وایدەزانی کە توانیویەتی ئێران بگەیەنێتە ئاستێکی بەرز لەنێو ولاتانی دنیادا. بەرزەفڕی و، لەخۆباییبوونی گەیشتبووە لووتکەی خۆی. نێوی **"آریامهر"** ی نا لەخۆی و، وەزیر و کاربەدەستەکانی دژ بە خەڵک و فێڵزان و، بەرژەوەندپەرست و خۆڕێکخەریشی، کە پیشە و کاریان تەنیا کڕنۆش بردن و، ماچکردنی دەستی شا بوو، دروشمی **"شاه سایه خداست"** و، **" خدا، شاه، ملت"** یان، لێ زیاد کرد. حەمەرەزاشاش بەو وشانە دەگەشایەوە و، هەستی مەزنیخوازی و لووتبەرزیی هێندەی زەقتر دەبوو.

**لێرەدا، نووسینی چەند کۆپلەیەک لە بیرەوەرییەکانی رۆژانەی "ئەسەدوڵڵا عەلەم" رۆناکایی زیاتر دەخاتە سەر باسەکەمان:**

رۆژی دووشەممە ۵۳\۷/۳۰ ی هەتاوی - هێنری کیسینگەر وەزیری دەرەوەی ئەمریکا هاتە کۆشکی نیاوەران بۆ خزمەتی شای شاهان. من چەند سائێک لەلایان مامەوە. پاشان، شای شاهان فەرموویان:

"بە وەزیری دەرەوەمان رابگەیەنە، بەتەنیا لەگەڵ کیسینگەر دادەنیشم و، پێویست ناکات وەزیری دەرەوە، لە کۆبوونەوەکەماندا بەشداربێت!".

ئەز هاتمە دەرەوە تا فەرمانەکە بە وەزیری دەرەوەمان رابگەیەنم، بەڵام لەدڵەوە دڵم بۆی سووتا و بەزەییم هاتەوە پێیدا. پاشان بەخۆمم گوت: "دەبێ هەموو کەسێک، خۆیی و بێگانە، بێدین و دیندار و جوو بیزانن کە ئەم ولاتە تەنیا سەرۆکێکی هەیە و بەس. جا وەزیری دەرەوە بێت، یان هەر کاربەدەستێکی دیکە، پێی خۆش بێ، یان ناخۆش بێت، پێی دەشکێ، یان نا، ئەوە کەیفی خۆیەتی!"

رۆژی چوارشەممە ۵۳\۱۲/۱۵ ی هەتاوی – "شای شاهان، دەستووریان فەرموو، بە وەزارەتی دەرەوە رابگەیەنم کە جگە لە خۆم، هیچ کاربەدەستێکی ئەو وەزارەتخانەیە، مافی دەستێوەردانی لەکاروباری دەرەوەی وڵاتدا نییە. هەروەها فەرموویانە، براکەی سەرۆکوەزیران (هۆوەیدا) کە نوێنەری ئێمەیە لە کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، نابێ راپۆرتی خۆی بدات بە سەرۆکوەزیران، تەنانەت بە تەلەفۆنیش نابێ شتێکی بۆ بگێڕێتەوە، بەڵکو پێویستە راستەوخۆ لەگەڵ من (شای شاهان)، پێوەندیی بگرێت ....!"

رۆژی چوار شەممە ۵۴/۷/۳۰ ی هەتاوی – " شای شاهان، رۆژنامەی نیویۆرک تایمزی پێشاندام و، گوتی: نووسیویەتیی، رۆشنبیرانی ئێران خوازیاری گۆڕانکاریی بنەڕەتیین لە کۆمەڵگەی ئێراندا. ئەوجا شای شاهان بە پێکەنینەوە گوتیان: "نازانم رۆشنبیران چ جۆرە (گوو) یەکن!!.

رۆژی هەینی ۵۴/۱۱/۳ ی هەتاوی – "...... شەوی رابوردوو لەگەڵ عەبدولمەجید مەجیدی سەرۆکی رێکخراوی بەرنامە و بووجەی ئێران دیدارم کرد، چۆنکە دەبوو سەبارەت بەچەند پرۆژەیەک قسەی لەگەڵ بکەم، کە لەلایەن شای شاهانە پێمگوترابوو. مەجیدی لەقسەکانیدا، لە کەمیی بووجە قسەی کردبۆم و گوتی:

"زۆر بەداخەوە بەشی زۆری بووجەی ئێران لەساڵانی رابوردوودا، بەفیڕۆچووە و، سەرفی پلانی بێکەڵک و لابەلا کراوە. ئەوساڵیش بیست و پێنج ملیارد تمەن، کەمیی بووجەمان هەیە. بۆنموونە، چوار هەزار ترێلی کڕدراوە، بەڵام هێشتا هاژۆر (شۆفێر) مان نییە بۆیان و هەروا داکەوتوون. بووجەی سەرسووڕهێنەر دراوە بە کڕینی شەکر و گەنم و خواردەمەنیی دیکە لە دەرەوە، بەڵام من وەک سەرۆکی بەرنامە و بووجەی ولات، ئاگام لە هیچیان نییە. هێندە ئاگام لێیە کە زۆر قەرزداری وڵاتانی دەرەوەین. وابزانم دوو ملیارد دۆلار قەرزدارین... ".

بەڕاستیی، بەبیستنی قسەکانی مەجیدی سەرسام بووم. کەسانێک خیانەت لە شا و گەل دەکەن. جگە لە خۆبەدەستەوەدان، ڕێیەکی دیکەمان نییە. هیچ پردێکی ساخ لەدواوەمان بەجێ نەماوە!".

حەمەڕەزاشا، ساڵی ١٩٧١، ساڵژمێری هەتاوی کە لە ئێراندا پێرەو دەکرا، گۆڕی بۆ ساڵژمێری ئێرانی و، سەرەتای ساڵژمێرییەکەی بردەوە سەر دامەزراندنی یەکەمین حکوومەتی فارس، لەلایەن کۆرشی هەخامەنشی یەوە و، ئیمپراتۆریی "مادەکان" ی پشتگوێ خست، چۆنکە ڕەگەز و بنەچەی کوردانن. پاشان سەرۆکی زۆربەی وڵاتانی جیهانی بانگێشتی ئێران کرد و، لە کۆشکی رووخاوی شاکانی هەخامەنشی لە نێزیکی شێراز، بەنێوی "پرسپۆلیس" (تەخت جمشید)، ڕێوڕەسمێکی گەورە و، بەشکۆی سازکرد کە دوو میلیارد دۆلاری تێچووو، ناڕەزایەتییەکی زیاتری لەلایەن خەڵکەوە بەدواوە بوو.

شا، لەڕێکەوتی ١٩٧٥/٣/٢ "حزب رستاخیز ملی ایران" (حیزبی ژیاندنەوەی ناسیۆناڵی ئێران) ی دامەزراند، ئەوجا داوای لە هەموو ئێرانییەک کرد، ببنە ئەندام لە تاکە حیزبی وڵات، حیزبی "شا و گەل". گوتیشی، ئەو کەسەی نەبێتە ئەندام لە حیزبی ژیانەوە، دوو ڕێگەی لەپێشە! یان سەری خۆی کزبکات و متەقی لێوە نەیەت، یان پاسپۆرتەکەی بخاتە گیرفانییەوە و لە ئێران بچێتە دەرەوە!

دەولەتانی ڕۆژاڤا، بە تایبەتیی دەولەتی ئینگلیز و، ئەمریکا، بەتەواوەتیی کەسایەتیی شایان دەناسی. سەرباری بەستنی ئەو ڕێککەوتننامە بەنرخ و پڕسوودانە بە قازانجی کۆمپانیاکانی ئەمریکایی، دەوڵەتی ئەمریکا، تەنیا وەک نوێنەرێکی دەستنیشانکراو و باوەڕپێکراوی خۆیان لە شایان دەڕوانی. دایکی حەمەڕەزاشا (تاج الملووک)، لە بەشێکی دیکەی بیرەوەرییەکانیدا، ڕۆناکایی پتر دەخاتە سەر ئەم بابەتە و، دەڵێ:

**"دەزگەی ساواک" ئەمریکاییەکان دروستیان کرد. ئەمەش بەنهێنیی حەمەڕەزا پێمی گوت. هەروەها گوتی، من دەبێ، ڕێزی خۆم بگرم. کاتێ ئەمریکاییەکان ڕێزم دەگرن و پشتیوانیم دەکەن و، داوای زانیاریم لێدەکەن، منیش دەبێ ویستی ئەوان جێبەجێ بکەم. چۆنکە ئەوان خاوەن دەسەڵاتن و کەسیان زۆرە و، بەهاسانی دەتوانن ئەو زانیارییانە دەستبخەن، جا باشتر وایە من خۆم ڕاستەوخۆ زانیارییان پێبدەم. هەر ئەم "سەرۆکی ساواک" ە مان (مەبەست ژنەراڵ نەسیرییە - ن.) و جێگرەکەی و بەڕێوەبەرانی دیکەی ساواک و دەزگەکانی دیکە، هەموویان لەگەڵ ئەمریکاییەکاندا پێوەندییان هەیە و، هەموو زانیارییەکیان پێدەگەیەنن. بۆ شاردنەوەی پێوەندیشیان، دێنەلام و، پرسە گورگانەیەکیشم پێدەکەن و، دەڵێن: ئەمریکا، یان ئینگلیز داوای فلانە زانیاری دەکەن، ئایا بیاندەینێ، یان نا!!؟ منیش دەڵێم: "بیاندەنێ! لەکاتێکدا دەزانم، پێشتر، زانیارییەکەیان داوەپێیان!".**

**تاج الملووک هەروەها، نووسیویەتی:**

**(ڕۆژێک "محەمەد رەزا" م بینی، زۆر زیز و پەشێو بوو. خەم و ماتەم دایگرتبوو. لێی چوومە پێشێ و، گوتم: "رۆڵە خەمبار دەتبینم!؟". محەمەد رەزا وەرامیدامەوە: "دڵم خۆشە، شای ولات و دەسەڵاتداری وڵاتم!! ئەمریکاییەکان، بەبێپرس وئاگاداریی من، فڕۆکەی جەنگیی فانتۆم، لە لەشکرگەی ئێمەوە هەڵدەگرن و، دەیبەن بۆ جەنگی ڤێتنام! منیش ئاگام لێ نییە و، فەرماندەی سوپا باسی ناکا، ساواک ئاگادارم دەکاتەوە!!).**

بەکورتی، سەرکردەی بەکرێگیراو و، وابەستە، کەسانی سەربەخۆ و خاوەن هەڵوێست و بوێر و دڵسۆز، لەخۆی کۆناکاتەوە، چۆنکە، سەربەدوو جۆرە کەسایەتیی جیاوازن. سەرکردەی وابەستە و، ناسەربەخۆ، بەردەوام ترسی لەدەستدانی ئەو دەسەڵاتەی هەیە کە پێیبەخشراوە، یان بەپێی هەلومەرجێکی سیاسییەوە دەستیکەوتووە، لەبەر ئەوە لەلایەک، کەسانێکی بەرژەوەندپەرست و بێهەڵوێست و بێدەمار لەدەوری خۆی کۆدەکاتەوە کە بەتەواوەتیی ملکەچ و گوێڕایەڵی بن و، بۆ پارێزگاریکردن لە بەرژەوەندیی خۆیان و سەرۆکیان، لە ئەنجامدانی هیچ تاوان و زۆرداریییەک سڵ نەکەنەوە. لەلایەکی دیکەشەوە، خەڵکی وڵاتەکەی چاوترسێن بکات و، بیری ئازادیخوازی و بەرەنگارییان تێدا بکوژێت، بەو مەبەستە کە حکوومەت و دەسەڵاتەکەی بۆ هەتاهەتایە لەفەوتان و نەمان دووربخاتەوە. لەدەوروبەری حەمەڕەزاشاش، توێژێک ناکارزان و زوڕناژەن و گیرفانبڕ و، خۆرێکخەر و، هەلپەرست کۆببوونەوە و، بەڕێوەبەرێتیی دەزگە و نێوەندەکانیان لەلایەن شاوە پێسپێردرابوو. گەندەڵی و بەرتیلخواردن و دزی و تاڵانکردنی سامان و دارایی ولات و، بێڕەوشتیی ئیداریی، لە **بنەماڵەی شا – وەک خوشکی شا – ئەشرەف و براکەی** (غولامڕەزا)، تاکو کاربەدەست و فەرمانبەرەکانی داوودەزگەی سیاسی و کۆمەڵایەتیی ئێرانی گرتبووەوە.


## بارودۆخی ئۆپۆزسیۆن و، پێکهاتەی بەرەی دژ بە رژێمی شا، لەنێوخۆ و لەدەرەوەی ئێران، لە چ ئاست  و رادەیەکدا بوو؟!

نەیاران و ئۆپۆزسیۆنی دژ بە رژێمی شا، لەسەر یەک و بەگشتی، بە دوو دەستەی جیاواز دابەش دەکرێن. دەستەی یەکەم، لە حیزبی توودەی ئێران و، بەرەی ناسیۆناڵی ئێران، پێکهاتبوون کە لەگەڵ دامەزراندنی رژێمی پەهلەوی لەلایەن رەزاشاوە، تا کودەتای (۲۸ی مرداد ۳۲ی هەتاوی)، بە نەیار و ئۆپۆزسیۆنی گەورە  وسەرەکیی رژێم دەناسران.

دەستەی دووەم، لەپاش ئەنجامدانی پرۆژەی  (شۆرشی سپی) شا و، سەرکوتی بزاڤی ئاینیی لەساڵی ۱۳۴۲ ی هەتاوی (۱۹۶۴ی زاینی) سەریهەڵدا. ئەوجا گروپی دووەم لەنێوخۆیدا، لەدوو لایەن و تەوەری جیاوازی هزری پێکهاتبوون: یەکەم ئیسلامیستەکان بوون. دووەمیشیان، کۆمۆنیستەکان بوون.

**سەرەتا لە دەستەی یەکەم، واتە لە بەرەی نەیارانی کلاسیکەوە دەستپێدەکەین!**

وەک پێشتریش ئاماژەمان کرددپێی، لەکاتی ئەنجامدانی کودەتای دژ بە دەوڵەتی موسەدێق لەساڵی ۳۲ی هەتاوی، سەرەرای ئەوە کە حیزبی توودە، بەتەواوەتیی لە نەخشەی کودەتا ئاگادار بوو، بەڵام هیچ کاردانەوەیەکی نەبوو و، بێهەڵوێست مایەوە و، چاوەڕوانی قەزا و قەدەر مایەوە، تا رژێمی شا بە رێگەی سیخور و لایەنگرانییەوە، توانی دوو ساڵ دواتر (۱۹۵۶ی زاینی)، رێخستنی پان و بەرینی توودە لەنێو سوپا و کۆڕ و کۆمەڵی جەماوەری و رۆشنبیریدا شناسایی بکات و، بە هەزارانیان لێبگرێت و، راپێچی نێو زیندانەکانیان بکات.



**وێنەی گوللە بارانکردنی ئەفسەرانی حیزبی تودە،  پاش کودەتای (۲۸ مرداد ۳۲)**

دوای ئەوەش کۆمەڵێک لە بەڕێوەبەران و ئەفسەرانی نێوداری توودە، وەک "خوسرەوی روزبە" و "وارتانی ئەرمەنی" و "سەرهەنگ سیامەک (کە دەڵێن شیعری بەنێوبانگی مرا ببوس  (من ماچکە) ی پێش لەسێدارەدانی هۆنیوەتەوە). هەروەها "موبەشری" و، "شووشتەری" و، دەیانی دیکە لەسێدارە دران و، کەسانی وەک عەموویی و شەڵتووکی و پەرویزی حکمەت جوو و، سەفەرخانی قارەمانی و، سەدانی دیکە، لەسەرکردە و، ئەندامان و کادرە ناسراوەکانیشی زیندانی درێژخایەنیان بۆ برایەوە. ئەو بەشە لە سەرکردەیەتی و ئەندامانی حیزبی توودە، کە بەر شاڵاوی گرتن نەکەوتن و،

توانییان خۆیان بشارنەوە، بەرەو سۆڤێت و ولاتانی کۆمۆنیستیی رایانکرد. بەوەش لەئێران دابڕان و، لەدوورەوەش نەیاندەتوانی خەبات بۆ زیندووکردنەوە و بووژاندنەوەی رێکخستنی حیزب بکەنەوە. پاش تێپەڕبوونی چەند ساڵێکیش، شا و سۆڤێت لە پێوەندی سیاسی و دیپلۆماسییاندا لەیەکدی نێزیک بوونەوە و، کۆشکی کرملین و، کۆشکی کۆماریی ولاّتانی دیکەی کۆمۆنیستیی، پێشوازیی گەرم و شکۆداریان لە شا دەکرد. ئەوەش هێندەی دیکە بوو بە هۆی ساردبوونەوەی ئەندام و لایەنگرانی حیزبی توودە بەرامبەر بیروباوەڕی حیزبەکەیان و بەرامبەر ولاّتی دایک کە یەکێتیی سۆڤێت بوو. پاش ئەو رووداوانە، حیزبی توودە، تادەهات بەرەو لاوازبوون دەچوو. لە شارەکاندا، وەک تاک و شانەی چەند کەسیی، وبەشێوەی زۆر نهێنی و، بەبێ ئەنجامدانی هیچ جۆرە چالاکییەک، سەرقالی ژیانی ئاسایی ورۆژانەی خۆیان بوون.

ئەوجا، بەرەی ناسیۆناڵی ئێران، کە لەسەردەمی دوکتۆر موسەدێق دا، گەشە و نێوبانگی زۆری دەرکردبوو، پاش کودەتا، هەروەک حیزبی توودە، رێی چالاکی سیاسی لێگیرا و، بەربەند کرا، بەلاّم رژێمی شا لەگەڵ بەرەی ناسیۆناڵی ئێران، وەک حیزبی توودە مامەلە و هەڵسوکەتی نەکرد و، سزای سووکتری بۆ ئەندامانی سەرکردەیەتی و بەڕێوەبەرانی بڕییەوە. دوکتۆر موسەدق، بە سێ ساڵ زیندان حوکم درا و، تا کاتی مردنی لەساڵی ١٩٦٧ی زایینیی، لە گوندەکەی خۆی بەنێوی **"احمد آباد"** لەنێزیکی قەزوێن، ژیا و لەژێر چاودێری ساواکدا بوو. هاوڕێیانی دیکەشی، زیندانی کورتخایەنیان بۆ بڕایەوە، لەنێو کابینەکەی موسەدقدا، تەنیا **دوکتۆر فاتمی** لەسێدارە درا. **دوکتۆر فاتمی، وەزیری دەرەوەی دەولەتی موسەدێق و، سەرنووسەری رۆژنامەی "باختر امروز" بوو. فاتمی چ بە نووسین و، چ بە ئاخافتن، دژایەتی شا و خۆشکی شا (ئەشرەف) ی دەکرد. حەمەڕەزاشای بە کەسایەتییەکی لاواز و بەکرێگیراوی بێگانە نێودەبرد. لەوەوە شا و بنەماڵەکەی زۆر رقیان لە فاتمی بوو. دوابەدوای کودەتا و گەڕانەوەی شا بۆ ئێران، فاتمی گیرا و، لەلایەن شاوە فەرمانی لەسیدارەدانی دەرکراو لەسێدارە درا.**

بەرەی ناسیۆناڵی ئێران، بەپێچەوانەی حیزبی توودەوە، زووتر وخێراتر رەوتی تواندنەوە و پووکانەوەی گرتەبەر، چۆنکە شێوازی رێکخستن و خەباتی جەماوەریی بەرەی ناسیۆناڵ، وەک حیزبی توودە نەبوو. زۆرینەی ئەندامەکانی بەرەی ناسیۆناڵی ئێران لە کەسایەتیی سیاسی و کۆمەلاّیەتی و، چینی خوێندەوار و دەستڕۆیشتووی شار و تیکنۆکرات پێکهاتبوون. بۆ دەستخستنی دەسەلاتی سیاسیش، بڕوایان بە شۆڕش و راپەڕینی جەماوەریی نەبوو. خوازیاری ئەوەبوون هەر ئالوگۆڕێک لە ولاّتدا لەسەرەوە ئەنجامبدرێت. لەبەر ئەوە کاتێک بەرنامەی کودەتا دەستپێکرا و، لەلایەن چەکدارەکانی لایەنگری حەمەڕەزاشاوە پەلامار دران، نەیانتوانی هیچ بەرگرییەک بکەن و، خۆیان بەدەستەوە دا. پاشانیش کە حەمەڕەزاشا، دیکتاتۆری و ستەمی کردە پیشە و، رێی لەبەردەم هەرجۆرە بیرورایەکی جیاوازدا گرت، سەرکردەیەتی و ئەندامانی بەرەی

ناسیۆناڵ، جگە لە دەرکردنی چەند راگەیاندراوەیەک لەژێر نێوی **"رێگەی موسەدێق"**، ئیدی هیچ جۆرە جموجۆڵێکی سیاسییان لێنەدیترا.

سالآنی نێوان ۱۳۳۹ – ۱۳۴۰ی هەتاوی (۱۹۶۱- ۱۹۶۲ی زاینیی)، شا، لەلایەک، لەسەر داوا و پێشنیازی **"جان ئێف کێنەدی" سەرکۆماری ئەمریکا**، لەلایەکی دیکەشەوە، بەهۆی دڵنیابوونی خۆی لە پاکتاوکردنی نەیارانی نێوخۆیی، تارادەیەک لە گوشاری سیاسی و شەوەزەنگ و رەشبگیریی ساواکی کەم کردەوە. ئەوەش دەرفەتی دووبارەی بۆ رۆشنبیران و نەیارانی رژێم رەخساند، تا هەناسەیەکیان وەبەر بێتەوە و، زات بدەنەبەر خۆیان و، کۆڕ وکۆمەڵی سیاسی و رۆشنبیریی ساز بکەنەوە. بەشێک لە ئەندامان و لایەنگرانی "جبهە ملی"، بەتایبەتیی ئەندامانی لاو و کەمتەمەن تریان، کە دژی سستی و دەستەوەستانی سەرکردەیەتی و ئەندامانی کۆن بوون، جیابوونەوە و ساڵی ۱۳۴۰ی هەتاویی، رێکخراوەیەکی ئیسلامی – رۆناکبیرییان. بە نێوی **"نهضت آزادی ایران"** دامەزراند. لە دامەزرێنەرانی ئەم رێکخراوەیە یەکێکیان **هەندازیار مێهدی بازرگان** بوو، کە دوای رووخانی رژێمی حەمەڕەزاشا، بوو بە یەکەمین سەرۆکوەزیرانی کۆماری ئیسلامیی ئێران. رێکخراوەی **"نهضت"**، پتر لەنێو خوێندکارانی زانستگەکان – بەتایبەتیی لە تاران، پەرەی سەند، بەڵام نەیتوانی لەنێو چینەکانی دیکەی کۆمەڵدا رێکخستن سازبکات. **"رێکخراوی نهضت"**، بەنیشانەی پشتگیریکردن لە ئایەتۆڵلا خومەینی و چینی مەلاکان و، ئیسلامیستەکان، دژی پرۆژەی "شۆرشی سپی"، هەڵوێستی گرت و، لەخۆپێشاندانەکانی تاراندا بەشدارییان کرد و، چەندین راگەیاندراوەی دژ بەشایان بڵاوکردەوە. ئەوە بوو لەماوەیەکی کورتدا هەموویان لەلایەن ساواکەوە دەستنیشانکران و گیران و، خرانە زیندانەوە.

**تائێرە، بەکورتی، سەبارەت بەمێژووی خەباتی ئۆپۆزسیۆنی کلاسیک دواین، ئێستا دێینەسەر ناساندنی بەرەی نوێی ئۆپۆزسیۆن!**

**بەرەی نویی ئۆپۆزسیۆن**، لەساڵی ۱۳۴۲ی هەتاویی (۱۹۶۳ی زاینی) سەریانهەڵدا و، لە دوو لایەنی جیاوازی هزری و سیاسی پێکهاتبوون.

لایەنێکیان، لە کۆمۆنیستەکان پێکهاتبوون کە زۆربەیان لە چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵ و، لە بنەماڵەی ئەندامان و لایەنگرانی پێشووی حیزبی توودەی ئێران بوون، کە بەهۆی لاوازیوونی رێکخراوەیی و، هەڵەکانی پێشووی حیزبی توودەوە، دابڕابوون لێی و، بیریان لە رێکخراوەیەکی نوێ و، شێوازێکی نوێ لە خەباتی رامیاری دەکردەوە. یەکەم کەس کە توانی ئەو شێوازە نوێیە فرمووڵە بکات و بیخاتە چوارچێوەی تیۆرییەوە، **بێژەن جەزەنی بوو. بێژەن جەزەنی، شێوەی خەباتی چەگوارا و فیدل کاسترۆی کۆبای، بە شیاو و گونجاو زانی کە لە ئێرانیشدا رەچاوبکرێت**. لەنێو رێکخراوە کۆمۆنیستەکانی ئێراندا، بێژەن جەزەنی، بە داڕێژەری بیری خەباتی چەکداریی دادەنرێت. جەزەنی، خوێندکاری بەشی

فەلسەفە بوو لە زانستگەی تاران. بۆ پێشخستنی بیروباوەڕ و روانگەی خۆی لەنێو خوێندکاران و، رۆشنبیراندا، پەرتۆکێکی نووسی بەنێوی "جمع بندی مبارزات سی ساله اخیر و تحلیل موقعیت اقتصادی فعلی جامعه" (شرۆڤەی خەباتی سی ساڵەی رابوردوو و، لێکدانەوەی بارودۆخی ئابووریی ئێستای کۆمەڵگە). جەزەنی لە پەرتۆکەکەیدا، شەڕی چەکداری، وەک بەرزترین شیوەی خەبات دەستنیشان کردووە و، بەوتەی خۆی، بۆ لەنێوبردنی (رژێم بورژرا – کمپرادور ایران) و بەدەسەڵاتگەیاندنی چینی کرێکار و دامەزراندنی حکوومەتی کۆمۆنیستی، پێویستە پەنا ببرێتە بەر شەڕی چەکداریی. بیروباوەڕی جەزەنی، لەنێو رۆشنبیرانی چەپ و خوێندکارانی زانستگەکاندا زۆر زوو پەرەی سەند. ساڵی ١٣٤٦ی هەتاوی (١٩٦٨ی زاینی)، بەهۆی هاوکاریکردنی یەکێک لە هاورێیانی جەزەنی لەگەڵ ساواک، هەموویان گیران و، خرانە زیندانەوە و، پاش ماوەیەک جەزەنی و، چەندین کەس لە هاورێیانی گوللەبارانکران. دوو کەس لە هاورێیانی جەزەنی بەنێوی حەمید ئەشرەف و سەفایی فەراهانی توانییان لەدەستی ساواک رابکەن و، بەماوەیەکی کەم، پاشماوەی هاورێیان و لایەنگرانی جەزەنی لەدەوری یەکدی کۆبکەنەوە. ئەوجا بڕیاریاندا بزووتنەوەی شۆرشگێری و، شەڕی پارتیزانی لە دژی رژێم دەستپێبکەن. ئەوە بوو لە مانگی رێبەندانی ١٣٤٩ (١٩٧٠) دا، هەڵیانکوتایە سەر پێگەیەکی ژاندارمری لەباکووری ئێران – بەنێوی سیاهکل، پاش کوشتنی پاسەوانەکانی، دەستیان بەسەر چەکوچۆڵی نێو پێگەکەدا گرت. حەمەڕەزا شا، فەرمانی دا بە زووترین کات بیاندۆزنەوە و لەنیویان ببەن. بۆ دڵنیابوون لە جێبەجێکردنی بڕیارەکەی، براکەی خۆی بەنێوی شاپوور غولامڕەزا ی ناردە نێوچەکەوە. لە شەووڕۆژێکدا بە هەزاران چەکداری رژێم گەمارۆی نێوچەکەیاندا و، بەیارمەتیی دانیشتووانی سیاهکەل و گوندەکانی دەوروبەری، توانییان بیاندۆزنەوە و، دووانیان لێبکوژن و، ٧ کەسەکەی دیکەشیان بەدیل بگرن. لەنێو گرتووخانە، پاش ئەشکەنجەدانێکی زۆر، لەگەڵ ٦ گیراوی دیکە، کە پێشتر لە شارەکانی دیکەی ئێران گیرابوون، هەموویان پێکەوە گوللەباران کران. کاربەدەستانی سوپا و دەزگەی پاراستن بەرێگەی میدیا و راگەیاندنی گشتییەوە رایگەیاند: "خراپەکاری و تێرۆریزم لەئێران بەتەواوەتیی شکستی هێنا و، بنبڕ کرا!".

ساڵی ١٣٥٠ (١٩٧٢)، پاشماوەی ئەندامان و لایەنگرانی دەستەی جەزەنی، لەوانە حەمید ئەشرەف، ئەحمەدزادە و پەرویز پوویان، لە کۆبوونەوەیەکی نهێنیدا لەتاران، نێوی "سازمان چریکهای فدایی خلق ایران" یان بۆ رێکخراوەکەیان هەڵبژارد. ئەوجا لە پێداچوونەوە و لێکدانەوەی تازەیان سەبارەت بە بارودۆخی سیاسی و، چۆنێتیی دەستنیشانکردنی بەربەرەکانێی رژێم، شێوازی شەری چەکداری نێو شاریان جێنشینی شێوەی خەباتی پێشوو کرد. بۆ بەدرۆخستنەوەی پرۆپاگەندەی رژێم، هەر لەو ساڵەدا، هێرشیان کردە سەر پێگەیەکی پۆلیسی تاران لە گەڕەکی (قلهک) و، چەندین پاسەوانیان بریندار کرد و، چەکەکانیان بەدەستکەوت بردن. ئەوجا لەمانگی گوڵانی ١٩٧٣ دا، ژنەراڵ

فرسیۆ – سەرۆکی دادپرسیی سوپای ئێرانیان لە پێش خانووەکەیدا دایە بەر دەسترێژی گوللە و، کوشتیان. ئەو دوو رووداوە لەرووی سیاسییەوە گورزێکی قورسی لە رژێمی شا و دەزگەی پاراستنی وەشاند. ساواک و پۆلیسی شا کەوتنەخۆ و، پاش هەوڵێکی زۆر توانییان حەشارگەی پەرویز پوویان (مێشک و تیۆرسیەنی رێکخراوەکە) بدۆزنەوە و، پاش چەندین سەعات تەقەی ئەمبەر و ئەوبەر، سەرنجام بیکوژن. چریکەکان توانییان لە چەندین شاری گەورەی ئێران لەوانە ئەسفەهان و تەورێز و مەشهەد و شیراز شانە و دەستەی نهێنیی دامەزرێنن. ساڵی ١٣٥٠ برایانی ئەحمەدزادە و، مفتاحی کە چوار کەس بوون، گیران و گوللەبارانکران. بەم جۆرە، دەستەی سەرۆکایەتیی رێکخراوەی فداییەکانی ئێران، جگە لە حەمید ئەشرەف، هەموویان تێدا چوون...

لایەنێکی دیکە، کە لەو سەردەمەدا، لەدژایەتیکردنی رژێمی شا رۆڵی بەرچاویان گێڕا و، توانییان لەنێو خوێندکاران و، تارادەیەکیش لەنێو بازاڕی و بازرگانەکانی تاراندا رێکخستن پێکبێنن، "سازمان مجاهدین خلق ایران" بوون. رێکخراوی موجاهدین، بەپێچەوانەی چریکەکانی فیداییەوە، زۆربەی ئەندامانی دامەزرێنەری لە بنەماڵەی ئاینی و، خەلکی شارەکان بوون. دوو ئەندامی سەرەکی و دامەزرێنەری موجاهدین، بەنێوی محەممەد حەنیف نژاد و سەعید موحسین، پێشتر ئەندامی "نهضت آزادی ایران" بوون و، بەهۆی ئەنجامدانی چالاکیی سیاسییەوە گیرابوون و، ماوەیەک لەزینداندا مابوونەوە. رێکخراوەی موجاهدینی گەلی ئێران، هەر لەسەرەتاوە بە بیری ئیسلامیی – شیعەوە دامەزرا و، باوەڕی بەدامەزراندنی کۆمارێکی ئیسلامی بوو، بە ئابووری و شێوەی بەڕیوەبردنی سیستەمی سۆسیالیستییەوە. لەبەر ئەوە رژێمی شا بە "مارکسیستی ئیسلامی" نێوی دەبردن. روانگە و بۆچوونەکانی ئایەتۆڵڵا تاڵەقانی و مێهدی بازرگان، لەسەر رێکخراوەی موجاهدین کارکردی فرەیان هەبوو.

لەسەرەتای چلەکانی هەتاویدا، لە شاری تاران و چوارڕێیانی "لالەزار"، مزگەوتێکی لێبوو بەنێوی (مسجد هدایت)، کە ببوو بە مەکۆ و شوێنی کۆبوونەوەی سیاسەتکار و موسلمانانی نەیاری رژێم. زۆربەی بەیاننامەی سیاسی دژ بەرژێم لەم مزگەوتەدا بڵاودەبوونەوە. ئایەتۆڵڵا تاڵەقانی پێشنوێژ و ئیمامی مزگەوتی هیدایەت بوو. هەروەها چەندین مەلای پایەبەرزی ئاینی و، کەسایەتی سیاسی و زانای ئاینیی، وەک ئایەتۆڵڵا موتەهەری و ئایەتۆڵڵا بەهەشتی و دوکتۆر موفەتێح و مێهدی بازرگان و دوکتۆر سەحابی و ... هتد، لەم مزگەوتەدا گەلێک جار دەچوونە سەر مینبەر و گوتاریان پێشکێش دەکرد. رێبەران و ئەندامانی رێکخراوی موجاهدینیش بەردەوام هاتوچۆی ئێرەیان دەکرد و، گوێیان لە گوتارە سیاسی و ئاینییەکان دەگرت. لەبەر ئەوە هەر لەسەرەتاوە، پێوەندییەکی نێزیک – وەک پێوەندیی نێوان مامۆستا و قوتابی، لەنێوان ئایەتۆڵلا تاڵەقانی و ئەندامانی موجاهدینی گەلی ئێران دروست ببوو. ساڵی١٣٤٢ی هەتاوی، لە هێرشێکی پۆلیس و ساواک بۆ سەر مزگەوتی هیدایەت، ئایەتۆڵڵا تاڵەقانی و، زۆربەی ئەو

کەسایەتی و خەڵکەی هاتوچووی مزگەوتەکەیان دەکرد، گیران و، لەلایەن دادگەی رژێمی شاوە، بەماوەی جیاجیا حوکمی زیندانیان بەسەردا برا. سەرەرای داخستنی دەرگەی مزگەوتی هیدایەت، بەڵام ئەم مزگەوتە وەک نێوەندێکی پەروەردەکردنی سیاسی و ئاینیی لەماوەی سێ — چوارساڵدا، رۆلێکی بەرچاوی لە پێگەیاندنی توێژێک لاو و خوێندار و لایەنەکانی دیکەی نێو کۆمەڵ- بەبیروباوەری ئیسلامی سیاسییەوە گێرا.

رێکخراوی موجاهدینی گەلی ئێران، ئەگەرچی ئیدۆلۆژیی ئیسلامییان بۆ بەرنامەی رێکخراوەکەیان هەڵبژاردبوو، لەگەڵ ئەوەشدا، بەرادەیەکی زۆر لەژێر کاریگەریی بیری کۆمۆنیستی و خەباتی رزگاریخوازانەی گەلانی وەک **ڤێتنام و کووبا و چین و فەلەستین** و ... هتد دابوون. ئەمریکا و ئیسرائیل بە دوژمنی ژمارە یەک دەناسران و، رژێمی حەمەرەزاشای بەدەستنیشانکراو و ئاڵقەلەگوێی ئیمپریالیزم و، زایۆنیزم نێودەبرد.

**نێوبانگی لێهاتوویی و خۆشەویستیی رێبەرانی شۆرشەکانی کۆمۆنیستی جیهان، وەک هۆشی مینە - سەرۆکی ڤێتنام، ماو- سەرۆکی وڵاتی چین و، چەگوارا و لێنین و عەبدولناسر** و... هتد، جێی خۆیان لەنێودڵی هەموو شۆرشگێرانی چەپ و ئازادیخوازی جیهان و، تەنانەت شۆرشگێرانی موسڵمانی وڵاتە ئیسلامییەکانی وەک ئێرانیش کردبووەوە. لەبەر ئەوە زۆر ئاسایی بوو کە موجاهدینیش لەو سەردەمەدا تێرۆر و بەربەرەکانێی چەکداری — نێو شار، بکاتە ستراتیژ و بەرنامەی خەباتەکەی. بۆ پێشخستنی خەباتی چەکدارییان و، بەمەبەستی راهێنان و پێگەیاندنیان، دەستەیەک لە ئەندامانیان جیاکردەوە کە بەرەو فەلەستین برۆن. ئەوە بوو، ساڵی ١٩٦٩ — ١٩٧٠ی زایینی، شەش ئەندامی موجاهدین، فرۆکەیەکی ئێرانیان بەرەو وڵاتی ئۆردەن رفاند و، خۆیانگەیاندە فەلەستین و، لەوێ تێکەڵ بە شەرکەرانی فەلەستین بوون و، پاش تەواوکردنی راهێنان و فێربوونی جەنگی چریکی، بەرەو ئێران گەرانەوە. شایانی باسە، لەماوەی چەند ساڵێکدا، موجاهدین توانییان بە هەزاران ئەندام لەنێو هەموو توێژەکانی نێوکۆمەڵ، بەتایبەتیی لەنێو خوێندکارانی زانستگەکان و دوکاندار و بازرگان و چینی هەژار و قوتابخانەکانی ئاینی و نائاینی، لەدەوری رێکخراوەکەیان کۆبکەنەوە. لەو ساڵانەدا، موجاهدین گەورەترین رێکخراوەی نەیاری رژێم بوو کە لەلایەن خەڵکەوە پشتیوانی لێدەکرا. دەزگەی "ساواک" و بەرێوەبەرێتیی پۆلیس، ئاگاداری و زانیاری تەواویان سەبارەت بە پەرەسەندنی رێز و خۆشەویستی موجاهدین لەنێو کۆمەڵانی خەڵکدا کۆکردبووەوە و، بەتەواوەتیی هەستیان بە گەورەی و مەترسیی ئەم رێکخراوەیە کردبوو. لەبەر ئەوە بە هۆشیاریی پلانی دەستنیشانکردنی تەواوی رێکخستنی موجاهدین دارێژرا. سیخور و خەوەرچنەکانی ساواک کەوتنەخۆ بۆ دزەکردنە نێو رێکخستنی موجاهدین و، سەرەنجام لەمانگی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٠ (١٩٧٢ی هەتاوی)، ساواک توانی بەهۆی کەسێکەوە بەنێوی **"شا موڕادی دلفانی"** سەروبنی رێکخراوەکە دەستنیشان بکات و، لە شالاوێکی سەرتاسەریی بۆ سەریان، تێکرای ئەندامانی سەرکردەیەتی و نێزیک بە هەشتا

ئەندام و کادری لێهاتووی مەجاهدین بگرێت. بەماوەیەکی کورت پاش گیرانیان، زۆربەیان گوللەبارانکران. تەنیا کەسێک لە ئەندامانی سەرکردەیەتیی موجاهدین، بەر شاڵاوی ساواک نەکەوت و رایکرد، ئەحمەد رەزایی بوو، کە ئەویش ساڵێک دواتر لەئەنجامی پێکدادانێکی چەکدارانە لەگەڵ ساواک و پۆلیسدا کوژرا.

پاشماوەی ئەندامانی موجاهدین، سەرلەنوێ رێکخراوەکەیان زیندوو کردەوە، بەڵام لە پاییزی ساڵی ١٣٥٤ی هەتاوی (١٩٧٦ی زایینی)، بەڵام ئەوجارەش، ساواک و پۆلیس توانییان هەموویان شناسایی بکەن و، بیانگرن، ئەوەش بەهۆی ئەندامێکی سەرکردەیەتیی موجاهدین بە نێوی "وەحید ئەفراختە" وە بوو، کە پاش گیرانی لەلایەن ساواکەوە، نەیتوانیبوو بەرگەی ئەشکەنجە بگرێ و، نێوی هاورێیانی و پاشماوەی رێکخستن و، تەنانەت نێوی ئەو مەلا و ئائەتۆڵڵانەشی درکاندبوو کە هەر یەکەیان بە شێواز و هۆیەک پێوەندییان لەگەڵ گرتبوون. جارێکی دیکە ئایەتۆڵڵا تاڵەقانی و ئایەتۆڵڵا مونتەزری و، چەندین مەلای دیکەی وەک لاهووتی و هاشمی رەفسەنجانی و .... گیران و بەرەو گرتووخانە بران.

رێکخراوی موجاهدین، تا پێش هەڵوەشاندنەوەی لەلایەن ساواکەوە، چەندین تەقینەوە و چالاکی چەکدارییان ئەنجامدا و چەند ئەندام وکاربەدەستی رژێمیان تێرۆرکرد. هەروەها لەساڵی ١٣٥٥ی هەتاوی (١٩٧٦ی زانینی)، دوو پسپۆری سوپایی ئەمریکایان لە تاران تیرۆر کرد.

جگە لە هەردوو رێکخراوەی موجاهدین و چریکەکانی فیدایی ئێران، هەروەها رێکخراوەیەکی بچووک لەنێو مەلاکان بەنێوی "مؤتلفە اسلامی" لەساڵی ١٣٤١ — ١٣٤٢ی هەتاوی بەملاوە دامەزرا کە ئەمانەش رێگەی تێرۆر و بەربەرەکانێی چەکدارییان گرتەبەر. زۆربەی ئەندامانی سەرەکیی ئەم رێکخراوەیە، لەئەندامان و لایەنگرانی پێشووی "رێکخراوەی فیداییەکانی ئیسلام" پێکهاتبوون. بناخەی بیروباوەری رێکخراوەی مؤتلفەی ئیسلامیی - هەروەک فیداییەکانی ئیسلام، لەسەر رێبازی شیعەگەرێتی و، ئیسلامی سیاسیی دامەزرا. کۆمیتەی بەرێوەبەرێتیی رێکخراوەکە، لیستەی نێوی تێکرای کاربەدەستانی رژێمی شایان نووسیبوو کە بەسەرە و یەکە یەکە تێرۆریان بکەن. لەپێشدا بریاری کوشتنی "سەرۆکوەزیرانی ئێران - حەسەنعەلی مەنسوور" یان دەرکرد و، لە مانگی رێبەندانی ساڵی ١٣٤٣ (١٩٦٥ی



سەرۆکوەزیران حەسەنعەلی مەنسوور

زاینیی)، تەقەیان کردلێی و کوشتیان. بەڵام ئیدی فریای کوشتنی کەسی دیکە نەکەوتن، چۆنکە بەماوەیەکی کورت، هەموویان لەلایەن ساواکەوە ناسران و گیران. سێ کەس لەئەندامانی سەرکردەیەتییان بەنێوی محەمەد بوخاریی، رەزا سەفار هەرندی و، مورتەزا نیک نژاد لەسێدارە دران و، تێکڕای ئەندامانی دیکەشیان زیندانی درێژخایەن و کورتخایەنیان بۆ بڕایەوە.

بەو شێوەیە، ساواک و پۆلیسی شا، سەرەنجام لەساڵی ١٣٥٥ بۆ ١٣٥٦ی هەتاویدا، توانییان هەردوو رێکخراوەی چریکەکانی فیدایی و موجاهدین و، هەروەها رێکخستنەکانی تایبەت بە مەلاکان تێکبدەن و لەنێویان بەرن. لەنێو زیندانەکانیشدا، سەدان و هەزاران گیراوی سیاسی، کە زۆربەیان ئەندامی چریکەکانی فیدایی و موجاهدین بوون، لەنێوخۆیاندا تووشی سەرلێشێواوی و دابڕان و ناکۆکیی هاتن. چوار رێبازی جیاواز لەنێو موجاهدین سەریانهەڵدا و، لەساڵی ١٣٥٦، لقێکی لێ جیا بووەوە بەنێوی "سازمان پیکار در راه آزادی طبقه کارگر"، کە بەتەواوەتیی رێبازی چەپ و هێڵی "مارکسیست — لێنینیست" ی گرتەبەر. رێکخراوی چریکی فیداییش، هەروەک موجاهدینی بەسەرهات و، بوو بە چەندین لق و پارچەی ناتەبا و دژ بەیەکەوە.

پێش ئەوەی ئەم کەرتبوون و ناکۆکییانە لەنێو گیراوانی سیاسیدا سەرهەڵبدەن، هەرهەموویان – بەراست و چەپ و موسڵمان و دێمۆکراتەوە، لەنێوخۆیاندا یەکگرتوو بوون و، بێ جیاوازی و بەیەکدەنگ، داخوازییەکانیان بەرەوڕووی پاسەوانەکان و کاربەدەستانی نێو زیندانەکان دەکردەوە. شۆرا و کۆمیتەیان لەنیو خۆیاندا هەڵدەبژارد، بەڵام کاتێک، ناکۆکی و چەندبەرەکیی کەوتە نێویانەوە، ئیدی یەکگرتوویی و یەکرێزییان نەما، ئەوەش دەرفەتی لەباری بۆ مەلاکانی زیندانی و، بۆ کەسایەتییەکی بەنێوبانگی ئاینیی وەک ئایەتوڵڵا تاڵەقانی رەخساند، تا سوود لە بارودۆخەکە ببینێ و، ریزی موسڵمانەکان لەریزی کۆمۆنیستەکان جیابکەنەوە و، لەدەوری تەیاری مەلاکان کۆیان بکەنەوە و، پەرە بە دابڕانی زیاتری نێوان گیراوانی موسڵمان و کۆمۆنیست بدەن... (٢٠*).

## بارودۆخی سیاسیی کوردستان،
## لەسەردەمی رژێمی حەمەڕەزاشای پەهلەویی!

لەپاش رووخانی کۆماری کوردستان و لەسێدارەدانی پێشەوای کورد – قازی محەممەد و، دەیان کەسایەتی و کاربەدەستی کۆمار، لەلایەن داوودەزگەی سەرکوتکەری رژێمی پەهلەوییەوە، ئەوجا دەستکرا بە گرتن و راوەدوونانی ئازادیخوازان و نیشتمانپەروەرانی کورد. ژمارەیەکی زۆر گیران و خرانە ژێر شکەنجە و دارکارییەوە و، زیندانی هەتاهەتایی، یان کورتخایەنیان بۆ بڕایەوە. بەشێکی دیکەش رایانکرد و، بەرەو گەرمێن (باشووری کوردستان) و، بەغدا و شارەکانی عێراق رۆیشتن و، بە گۆڕینی نێوی خۆیان و، پەیداکردنی کار و پیشەی جۆراوجۆرەوە، لەنێو ترس و دڵەراوکە و بێ هیوایی، ژیانی تازەی پڕلە چەرمەسەرییان دەستپێکرد.

کاتێک حەمەڕەزاشا رۆژهەڵاتی کوردستانی بەتەواوەتیی خستەوە ژێردەسەڵاتی رەشییەوە، ئەوجا پێشی لە پەروەردە و فێربوونی زمان و تۆرە و هونەر و کولتووری کوردی گرت و، زمانی فارسی و کولتوور و مێژوو و هونەر و مۆسیقای فارسی بەسەر کوردستاندا سەپاند. لە قوتابخانە و خوێندنگەکاندا پەیڤین ونووسین بەزمانی کوردی قەدەخەکران. لە حەوشەی هەموو قوتابخانەکاندا، تابلۆیەکی گەورەیان هەڵواسی و، لەسەری نووسییان **بە فارسی صحبت کنید.** هیچ جۆرە پەرتۆکێکی کوردی لە پەرتۆکفرۆشییەکاندا دەست نەدەکەوت و، نووسین و لەچاپدان و بڵاوکردنەوەشی رێبەند (ممنوع) کرا. شەوەزەنگ و دیکتاتۆریی شا بەرادەیەک پەرەی سەند، کەس نەیدەوێرا تەنانەت لەنێو ماڵی خۆشی بە خراپە نێوی شا ببات، چۆنکە دەترسا قسەکەی بەگوێی ساواک بگات. لە شارەکانی کرماشان و، سنە و ورمێ، لەنێو بەشێک لە مووچەخۆر و چینی خوێندەوار، بۆ پێشکەوتن و شارستانیەتیان، بە زمانی فارسی و ترکی ئازەربایجانی لەگەڵ منداڵیان دەپەیڤین. نێوی کوردیی لەلایەن رژێمەوە رێبەند کرابوو، بەڵام هیچ جۆرە بەرەنگاری وکاردانەوەیەک لەلایەن کوردەوە بەرامبەر سیاسەتی رەگەزپەرستانەی رژێمی ئێران بەدینەدەکرا، بە پێچەوانەوە، کوردەکە خۆی بەڕەزامەندی وخۆشحاڵی تەواوەوە، نێوی فارسی بۆ منداڵەکەی هەڵدەبژارد. بەکورتی، لەدوای رووخانی کۆماری کوردستانەوە، ساڵ لەگەڵ ساڵ، هەست و بیروباوەڕی نەتەوەیی بەرەو لاوازبوون دەچوو و، فەرهەنگی فارسی و، بیری ئێرانچێتیی، لەنێو کۆمەڵگەی کوردەواریدا پتر رەگ وریشەی دادەکوتا....

سەرەتای شەستەکانی سەدەی رابوردووی زایینیی، هاوکات بوو **لەگەڵ هەڵگیرسانی شۆرشی ئەیلوول بەسەرۆکایەتیی بارزانیی نەمر، لەدژی رژێمی داگیرکەری عێراق.** جارێکی دیکە، شەڕو شۆر کەوتەوە کوردستان و، بە هەزاران رۆڵەی کورد، بۆ پارێزگاریکردن لە خاکی نیشتمان، روویان لە چیا و مەڵبەندەکانی کوردستان کرد. ئەو بارودۆخە نوێیە، بۆ ئەو بەشە لە ئەندامانی **حیزبی دێمۆکراتی کوردستان (رۆژهەڵات)**،

که له عێراق و باشووری کوردستان دەژیان دەرفەتێکی لەباری هێنایەپێشەوە، تا لەدەوری یەکدی کۆببنەوە و، دەستبکەنەوە بە چالاکی و خەباتی سیاسی و حیزبیی. لەشار و گوندەکانی رۆژهەلاتی کوردستانیشەوە، کۆمەڵێک کوردی دڵسۆز و خاوەن هەست و بیروباوەڕی نەتەوەیی، پاش ئاگاداربوون لە بارودۆخەکە، بەرەو باشوور رۆیشتن و، پێوەندییان بە هاورێیان و سەرکردەیەتیی حیزبەوە گرت. دەستەی پێشمەرگە رێکخران و بەشێوەی نهێنی و بۆ ئەنجامدانی کاری سیاسیی، گەڕانەوە رۆژهەلات و، شانە و رێکخستنی حیزبی لە شار و گوندەکان، بەتایبەتیی لەنێوچە سنوورییەکان سازکران. بەرە بەرە تەقە و لێکدانی پێشمەرگە، لەگەڵ ژاندار و سەربازی رژێم نێوچەکانی **گەورک و موکریان و بانە و سەردەشت و شنۆ و سۆماو برادۆست ومەریوانی** گرتەوە. سەرهەڵدانی ئەو دۆخە نوێیە لە هەردوو بەشی کوردستان، بەتایبەتیی لە باشووری کوردستان، سەرنجی هەموو ولاتانی داگیرکەری کوردستانی بۆلای خۆی راکێشا و، ترسی ئەوەیان لێنیشت کە راپەرینی باشوور، کارکردی راستەوخۆی بۆسەر بەشەکانی دیکەی کوردستانیش دەبێت، کە لکێندراوە بە ولاتەکانیانەوە.

حەمەرەزاشا، بەماوەیەکی کەم پاش هەڵگیرسانی شۆرشی ئەیلوول، کەوتە پیلانگێران. سەرەتا بۆ کردنەوەی پێوەندی و خۆشکردنی زەوینەی لەبار بۆ دەستپێکردنی ئەو پیلان و نەخشەیەی دارشتبوو، نوێنەرێکی خۆی، بەنێوی **سرهنگ عیسا پژمان، خەڵکی سنە،** کە ئەفسەری بەشی پاراستن بوو، لەگەڵ چەندین سیخوری پەروەردەکراوی دیکە، نارد بۆ باشووری کوردستان، تا لەگەڵ سەرکردەیەتیی شۆرشی ئەیلوول پێوەندیی بگرن و، دڵنیایان بکەن کە شا نیازی یارمەتیکردنی براقی کوردەکانی عێراقی هەیە، لەدژی دەوڵەتی عێراقی عەرەبی!!.

حەمەرەزاشا، بۆ گەیشتن بە سێ مەبەست و ئامانجی سەرەکیی، هەوڵی نێزیکبوونەوەی لە سەرکردەیەتیی پارتی و، پلانی وابەستەکردنی شۆرشی ئەیلوولی دارشت، کە بریتیبوون لە:

١- لەنێوبردنی براقی رۆشنبیری و جموجوڵی چەکداریی رۆژهەلات بە یارمەتی و هاوکاریی سەرکردەیەتیی شۆرشی ئەیلوول.

٢- پشتیوانیی لۆجستیکی و یارمەتیی سەربازی و بەخشینی دراو و پووڵی زۆر بە سەرکردەیەتیی شۆرش، بەمەبەستی گوشارخستنە سەر رژێم و سوپای عێراق و، لاوازکردنی، بەرێگەی جەنگ و پێکدادانی پێشمەرگە، کە لەدوارۆژدا، بتوانێت داخوازیی سنووری و سیاسیی خۆی بەسەر رژێمی عێراق دا بسەپێنێت. هەروەها دراوسێ و، هاوپەیمانێکی گرنگی بلۆکی رۆژهەلات لەنێوچەکە لاواز بکات.

**٣- لەنێوبردنی شۆرشی ئەیلوول و، دڵنیابوونی رژێمەکەی خۆی و داگیرکەرانی دیکەی کوردستان، بۆ پێشگرتن و لەنێوبردنی بیری سەربەخۆیی و، بەوتەی داگیرکەران خۆیان، "بیری جیاخوازیی" کوردەکان لەهەموو بەشەکانیدا.**

لەگەڵ سەرهەڵدانی ناکۆکیی لەنێوان مەلامستەفا بارزانی و سەرکردەیەتی پارتیی لە ساڵانی ٦٣- ٦٤ی زایینییەوە، بەرە بەرە، ناکۆکیی کەوتەنێوان سەرکردەیەتی و ئەندامانی حیزبی دێمۆکرات و شۆرشگێرانی رۆژهەڵات و، ئەمانیش بوون بەدوو بەشەوە. بەشێکیان بوون بە لایەنگری بارزانی و، بەشەکەی دیکەش پشتگیرییان لە هێڵی کۆمیتەی نێوەندیی، واتە لەهێڵی **مامۆستا برایم ئەحمەد و مام جەلال تاڵەبانی** دەکرد. لەمانگی سەرماوەزی ساڵی ١٩٦٤، لە گوندی **"سونێ"** ی سەر بە نێوچەی **"پشتدەر"**، کۆنگرەی دووەمی حیزب گیرا. لەو کۆنگرەیەدا، **عەبدوڵڵا ئیسحاقی (ئەحمەد تەوفیق) کە سەرۆکی حیزب و، جێ باوەڕ و متمانەی سەرۆک بارزانی بوو،** رێگەی نەدا ژمارەیەک لە ئەندامانی حیزب بەشداریی لە کۆنگرەکەدا بکەن، چۆنکە لایەنگری هێڵی مامۆستا برایم ئەحمەد، یان لایەنگری حیزبی توودەی ئێران بوون. لەونێوەدا، حیزبی توودەی ئێرانیش، کە لە دوای کودەتای دژ بە موسەدق، لە ئێران دابڕابوون و، هیچ جۆرە چالاکییەکیان لەنێوخۆی ئێراندا نەمابوو، لەگەڵ بووژانەوەی ژیانی رێکخراوەیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، لە رۆژهەڵاتی ئۆرووپاوە کەوتنە پەلوپۆو هاتوچۆکردن بۆ عێراق، بەڵکو بتوانن بەرێگەی ئەندامان و لایەنگرانی کوردیان – لەوانە **کاک کەریمی حیسامی، کاک حەمەدەمینی سراجی، کاک حەسەن قزڵجی، کاک غەنی بلووریان، کاک عەلی گەلاوێژ و، دوکتۆر عەبدولڕەحمان قاسملوو** .. هتد، حیزبی دێمۆکرات بکەن بە لقی حیزبی توودە لە کوردستان و، جێ پێیەک بۆ حیزبەکەیان لەنێو گۆڕەپانی سیاسیی کوردستاندا بکەنەوە. لەمبارەوە، **کاک کەریمی حیسامی** کە ساڵانێکی زۆر ئەندامی حیزبی توودەی ئێران بوو، **لەبەرگی سێیەمی بیرەوەرییەکانیدا (٢١*)** پتر رۆناکایی دەخاتە سەر ئەم بابەتە و، دەڵێ:

**".... رۆژی ١٩٦٨/٢/٥، دوکتۆر رادمەنش (سەرۆکی حیزبی توودەی ئێران بوو – ن.) هاتە بەغدا و هەر ئەو رۆژە هاتەلای ئێمە واتە ئەو شوێنەی کە برادەرانی حیزبی شیوعی عێراق بۆیان دیاری کردبووین...... رۆژی ١٩٦٨/٢/٩، کۆبوونەوەیەکی رەسمی لەنێوان کۆمیتەی شۆرشگێڕی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و رێبەرێتیی حیزبی توودەی ئێران پێکهات. بەشداربووەکان بریتی بوون لە سولەیمانی موعەینی، حەمەدەمینی سراجی، دوکتۆر قاسملوو، دوکتۆر رادمەنش و کەریمی حیسامی. لەلایەن حیزبی توودەوە**

دوکتۆر رادمەنش و دوکتۆر قاسملوو، لەلایەن حیزبی دێمۆکراتیشەوە کاک سولەیمانی موعەینی و کاک کەریمی حیسامی و کاک حەمەدەمینی سراجی. ... (لێرەدا جگە لە کاک سولەیمانی موعەینی، ئەوانی دیکە بەڕەسمیی ئەندامی حیزبی توودە بوون — ن.).

**دوکتۆر رادمەنش گوتی: "پێم خۆشە ئێوە لەسەر بارودۆخی وڵات و کار و تێکۆشینی خۆتان راپۆرتێک بنووسن و پێشنیازتان دیاری بکەن تا ئێمە تەماشای بکەین و بە پێی ئەوە بتوانین بریار بدەین!"**

**کاک سولەیمان گوتی: "ئێمە راپۆرت نانووسین. ئێمە لەلایەن رێکخراوێکی سەربەخۆوە هاتووین لەگەڵ رێبەرێتیی حیزبی توودەی ئێران پێوەندیی بگرین و، باس بکەین. لەو باسکردنەدا ئێوە دۆخەکەتان بۆ رۆن دەبێتەوە و ئێمەش لە بیروراى ئێوە تێدەگەین....!".** (لەڕووی زمانەوانییەوە هێندێک دەستکاریکراوە - ن.).

پاش چوار رۆژ باس و لێدوانی ورد و بەردەوام، لەسەر چوار بەند و چەندین برگە و تێبینی پێککەیشتن. بەپێی ئەو رێککەوتنە، حیزبی دێمۆکراتی کوردستان (کۆمیتەی شۆرشگێڕ)، کە لە باڵەکەی سەر بە ئەحمەد تەوفێق جیا ببوونەوە و، سەربەخۆ خەباتیان دەکرد، بەتەواوەتیی بوو بە لقی حیزبی توودەی ئێران. لەژێرەوە بۆ رۆنبوونەوەی زیاتر، چەند بەندێکی رێککەوتننامەکە دەخەینەڕوو:

**- حیزبی توودەی ئێران، حیزبی دێمۆکراتی کوردستان بەڕەسمی دەناسێ، بە مەرجێک حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لەژێر رێبەرێتیی مارکسیستەکانی کورددا بێت!".**

**- "هەر دووک حیزب بەبێ راوێژ لەگەڵ یەکدی لەسەر کێشەی کورد، لەگەڵ هیچ حیزب و حکوومەتێک پێوەندیی نەگرن!".**

**- حیزبی توودەی ئێران و حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، بزووتنەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، بەبەشێک لە بزووتنەوەی گەلانی ئێران دادەنێن .....**

**- حیزبی توودەی ئێران و حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، جووڵانەوەی گەلی کورد بە بەشێکی جیانەکراوە لە بزاڤی دێمۆکراتیکی گەلانی ئێران دەزانن. دابینکردنی دێمۆکراسی و ئازادی و مافەکانی مرۆڤ بۆ تێکڕای خەڵکی ئێران، ئامانجی هاوبەشی هەردوو حیزبی توودە و حیزبی دێمۆکرات پێکدەهێنن....".**

وەک لێرەدا دەیبینین، بابەتێکی گرنگ کە لە رێککەوتنی نێوان کۆمیتەی شۆرشگێڕی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان و حیزبی توودەی ئێراندا، بەرچاودەکەوێت، ئەوەیە، ئەو کۆبوونەوە و رێککەوتنە لە کات و سەردەمێکدا ئەنجامدراوە، کە شای ئێران لەوپەڕی دەسەڵات دابوو و، سەرکردەیەتیی حیزبی توودە، لە رۆژهەڵاتی ئۆروپاش لەترسی ساواک خۆیان دەشاردەوە، کەچی سەبارەت بە کێشەی کوردستان تووشی پەژارە و دڵەڕاوکێ هاتوون و، ترسی ئەوەیان لێنیشتووە، پەرەسەندنی بزاڤی رزگاریخوازانەی

باشووری کوردستان، کاریگەریی بۆ سەر شۆرشگێڕان و جەماوەری کورد لە رۆژهەڵات دانەنێت و، هەستی هاوخەباتی و هاوچارەنووسیی لەنێوان کوردی رۆژهەڵات و، باشووردا پێک نەیەت. لەبەر ئەوە سێ بەندی رێککەوتننامە، جەخت لەسەر ئەوە دەکات کە بزووتنەوەی گەلی کورد لە کوردستانی ئێران، بەشێکە لە بزووتنەوەی سەرتاسەریی گەلانی ئێران!!

بەوشێوەیە، تێکڕای ئەندامانی حیزبی دێموکرات، لەنێو ئەو سێ هێڵە جیاواز و دژ بەیەکەدا بڵاوببوونەوە. زۆر مخابن، خۆتێهەڵقورتاندن و خۆتێکەڵکردنی ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان، بە کێشە و شەڕی سەرکردەیەتیی باشوورەوە کە لەنێو کورددا بە شەڕی (مەلایی وجەلالی) نێوی دەرکرد، زیانی گیانی گەورەی بە جەستەی حیزب و ژیانی رێکخراوەیی حیزب گەیاند و، لەرەوتی خۆیدا، بەدەیان کەسیان بەناچاری باشووریان بەجێهێشت و، لەرووبەڕوونەوە لەگەڵ هێزەکانی ئێران، یان بەهۆی تەسلیمکردنەوەیان بە ئێران، لەلایەن بەرپرسان و فەرماندە هێزەکانی شۆرشی ئەیلوولەوە، شەهید و گوللەبارانکران و، گەلێک کادری لێهاتووی وەک مەلا ئاوارە و ئەحمەد تەوفیق و سمایلی شەریفزادە و، سدیق هەنجیری و سلێمانی موعەینی، عەبدوڵڵا موعەینی و مینە شەم و، دەیانی دیکەیان تێداچوون.

لەمانگی خەرمانانی ١٩٦٧، **عەوڵاغای پشتدەر**، ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی بەنێوی **"سوارە سەکری"** تەسلیم بە ئێران کردەوە. بەماوەی دوو حەفتە دواتر، **عەبدولوەهاب ئەترۆشی ئامرهێزی "خەبات"**، لە گوندی **"تەوێڵە"ی** نێوچەی هەورامان، شەش ئەندامی حیزبی دێموکراتی تەسلیم بە رژێمی حەمەڕەزاشا کردەوە. یەکێک لە گیراوان بەنێوی **میرزا محەممەد، لەبەرامبەر ئەم کردەوە ناکوردانە و نامرۆڤانەیەدا ناڕەزایەتیی پێشاندەدات، کە لەلایەن عەبدولوەهاب ئەترۆشییەوە دەدرێتە بەر شەق و زللە و، بە قۆناخە تفەنگ سەروچاوی خوێناوی دەکات، ئەوجا دەیداتە بەر دەستڕێژی گوللە و شەهیدی دەکات. ساڵی ١٩٦٩، حەسۆمیرخان – فەرماندەی هێزی کاوە، لەگەڵ عەبلاغای پشتدەر و، عەلی شەعبان فەرماندەی هێزی "بێتوێن"، لەهێرشێکی** هاوبەشیاندا بۆ سەر بنکە و ماڵی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات، هەموویان چەک دەکەن و سەرجەم ٧٦ پارچە چەکیان لێدەستێنن و دەستیش دەگرن بەسەر هەموو کەلوپەل و بەڵگەنامەی حیزبیی، پاشان کۆی بەڵگەنامەکان دەنێرن بۆ دەزگەی پاراستنی ئێران (ساواک). **ئەوجا بەدیلگرتنی ژن و منداڵی هێندێک لە پێشمەرگەکانی رۆژهەڵات، وەک ژن و منداڵی سولەیمانی موعەینی، لەلایەن حەسۆمیرخان و دەستەودایەرەیەوە، بارودۆخێکی زۆر دژوار و سامناکیان بۆ تێکۆشەرانی رۆژهەڵات لە باشوور پێکهێنابوو، کە ئەوەش بەتەواوەتیی، دوور بوو لە فەرهەنگ و داونەریتی**

کوردەواری و، بەپێچەوانەی هەموو یاسایەکی مرۆڤی و، پرنسیپێکی نەتەوەییەوە بوو...

دەزگەی ساواک و هێزەکانی رژێم، پاش وەرگرتنەوەی شۆرشگێڕانی رۆژهەلات، لەرۆژی گوللەبارانکردنیاندا، چەند سەعاتێک زووتر، بەنێو شەقامی شارەکاندا بە ئۆتۆمۆبیل دەگەڕان و، بە بڵندگۆ بانگەوازیان دەکرد و، داوایان لە خەڵک دەکرد، بۆ بینینی دیمەنی گوللەبارانکردنی گوایە "چەتەکان"، بەرەو سەربازگەی شار برۆن. بە بیستنی ئەو دەنگ و هەرایە، قوتابخانەکان دادەخران و، بە هەزاران قوتابیی تەمەن ژێر دەسال و دوانزەساڵ و گەورە و بچووکی شار، روویان لە سەربازگە دەکرد. لەپێشدا، لەلایەن فەرماندەی سوپا لە شار و نێوچەکە، پەیامی توند و ئاگرین لەدژی (ئاژاوەچی و بکوژ و چەتەکان!!) و لەنێوبردنیان و، دلێری و گەورەیی سوپا و شای شاکان — حەمەڕەزاشا، دەخوێندرایەوە، ئەوجا کۆمەڵێک چەکداری رژێم، بە ئۆتۆمۆبیلی سەربازیی، پێشمەرگەکانیان یەکە یەکە و دوان دوان دەهێنایە ریزی پێشەوەی ئاپۆرەی خەڵک و، گوللەبارانیان دەکردن. پاشان بۆ ترساندن و تۆقاندنی زیاتری خەڵکی کورد، لاشەی کوژراوەکانیان بە سەر زرێپۆش و، ئۆتۆمۆبیلی سەربازییەوە شۆڕدەکردەوە و، بەنێو شەقام و جادەی شارەکاندا دەیانگێڕان.

بەو شێوەیە رژێمی حەمەڕەزاشا، لە پشت درۆشمی زل و بریقەدار و بێ بناخەی "تمدن ٢٥٠٠ ساله شاهنشاهی" و "بەسوی تمدن بزرگ"، لەسەدەی بیستەم و، لەسەدەی زانست و پێشکەوتندا، رووی راستینەی شارستانییەتی نەتەوەی فارسی باڵادەستی، پێشانی کۆمەڵی مرۆڤایەتیی دەدا و، بە نواندنی دوژمنایەتی بێسنووری، مێژووی دڕندەیەتیی باوباپیرانی لە سەدەکانی کۆن بەرامبەر بە کورد دەخستەوە ڕوو.

حەمەڕەزاشا، لە مانگی مارسی ١٩٧٥ لە ولاتی جەزایر و، بەدەستپێشخەری و نێوبژیوانیی بومدیەن سەرۆکی جەزایر، لەکۆبوونەوەیەکی چەندین رۆژەی نهێنیی لەگەڵ دەسەلاتداری ئەوکاتی عێراق بەنیوی سەددام حسێن، لەسەر ٤ خاڵ پێکهاتن، کە بریتیبوون لە:

١- پێداچوونەوە بەسەر سنوورەکانی نێوان هەردوو ولات و، گەڕانەوە بۆ قەوڵنامەکانی "قوستەنتەنییە" لەساڵی ١٩١٣ و، هەروەها بڕیاری کۆمیسیۆنی ساڵی ١٩١٤

٢- نێوەراستی رووبار و ئاوی هەردولا بە سنووری هەردوو ولات دەستنیشان بکرێت!

٣- چاودێریکردنی توندوتۆڵ بۆ پێشگرتن لە هاتوچۆ و دزەکردنی کەسانی تێکدەر! (ئەم بەندە سەبارەت بە کورد و پێشمەرگەی کورد دانرا! — ن)

٤- ئەم رێککەوتنە دەبێ بخرێنە بواری جێبەجێکردنەوە و، لادان لێیان، نێوەرۆکی رێککەوتننامەکە دەخاتە مەترسییەوە.

**- هەردوولا ڕێککەوتن، کە واز لە پشتیوانیکردنی نەیاران و، ئۆپۆزسیۆنی یەکدی بهێنن، کە ئەمەش بەلایەنی سەرەکییەوە، شۆڕشی ئەیلوول و کوردی ڕۆژهەڵاتی دەگرتەوە.**

ڕێککەوتننامەی جەزایر بۆ حەمەڕەزاشا، سەرکەوتنێکی گەورە بوو. چۆنکە بەهۆیەوە توانی لەلایەک، بڕیاری وەستاندنی شۆڕشی ئەیلوول بدات و، ڕژێمەکەی خۆی و، داگیرکەرانی دیکەی کوردستان سەبارەت بە کێشەی کورد لە وڵاتەکانیاندا ئەرخایەن بکات، لەلایەکی دیکەشەوە هێزی چەکداری حیزبی دێمۆکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات)، پەرش و بڵاو بکاتەوە و زەبری کاری و کوشندەی لێ بوەشێنێت. هاوکات تۆوی بێهیوایی لەنێودڵی نیشتمانپەروەران و، تێکۆشەرانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەرامبەر بە سەرکردەیەتیی شۆڕشی ئەیلوول بچێنێت، کە هەموو کوردێک لەسەرتاسەری کوردستان، هومێد و پشتی پێبەستبوو. هەروەها، کۆمەڵێک داخوازیی گرنگ بەسەر ڕژێمی عێراقدا سەپاند، کە ئەوکات هاوپەیمانێکی گرنگی سۆڤێت بوو لەنێوچەکە.

شەڕی نێوخۆیی، لە قاڵبی ڕێکخراوەی سیاسیی، لەسەردەمی شۆڕشی ئەیلوولەوە سەریهەڵدا. پاش نەمانی شۆڕش، لەگەڵ سەرهەڵدانەوەی حیزب و ڕێکخراوەی نوێی سیاسی و چەکداریی، بەشێوەی سیستەماتیک و بەردەوام لەژێر نێو و دروشمی ناکوردانە و نانەتەوییانەدا، بۆ ئامانجی کەسی و حیزبیی پێرەوکرا و، لەوەبەدواوە داگیرکەرانی کوردستان فێر بوون، کە چۆن وەک شێوازێکی نوێ، لە سیاسەتی "سەرکوتکردنی کورد بەدەستی کورد" کەڵکوەربگرن...

لەڕاستیدا کەمایەسییەکی گەورەیە، تاکو ئێستا هیچ توێژینەوەیەکی بابەتانە و زانستانە سەبارەت بە شۆڕشەکانی کورد، بەهەموو تەوەرەکانییەوە نەکراوە و، نووسەری کورد لەبەر گەلێک هۆ، خۆی لەقەرەی ئەم بابەتە گرنگە نەداوە و نایدات. هۆکەشی ئەوەیە، ئازادیی بیروڕادەربڕین، نە لەلایەن ڕژێمەکانی دڕندە و داگیرکەری کوردستان و، نە لەلایەنی ڕێکخراوە و دەسەلاتی ڕامیاریی کورد خۆیەوە، نەبووەتە یاسا و کولتوور و پێڕەوە ناکرێت. لەکۆندا بەهۆی ناهۆشیاریی سیاسی و نەتەوەییەوە، بایەخ و گرنگیی بەنووسینەوەی سەربردە و ڕاپەڕینەکان نەدراون، ئەوڕۆکەش، دەسەڵاتی حیزبی و، نان و گوللە، ڕێگرن لەبەردەم، خستنەڕووی زانستانەی بەسەرهاتی ڕاپەڕینە بێئەنجام و خوێناوییەکانمان. وەنەبێ منیش بەنووسینەوەی چەند ڕووداوێک سەبارەت بە شۆڕشی ئەیلوول، بڵێم کاری توێژینەوەم ئەنجامداوە! لێدوان و نووسین سەبارەت بە شۆڕشێکی گەورەی وەک شۆڕشی ئەیلوول، کە لەقۆناخێکی گەلێک هەستیاری جیهانی و، لە گەرمەی "جەنگی سارد" و، کێشمەکێشی نێوان دوو بلۆکی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاڤا هەڵگیرسا و، سیاسەتی نێودەولەتیی، بەهۆی گرێدراویی داگیرکەرانی کوردستان، بە دنیای دوو جەمسەرییەوە، لەو سەردەمەدا ڕێگەی بە سەرکەوتنی ڕاپەڕینی کوردان و سازبوونی دەولەتێکی کوردی نەدەدا، ئەوەش لە بیرەوەرییەکەی هێنری کیسینگەر (وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی ئەمریکا) بەباشی ڕەنگیداوەتەوە و، دانی پێداناوە، کە

چلۆن کورد و کێشەی کوردیان لەپێناو گەیشتن بە ئامانج و ستراتیژی نەتەوەیی خۆیان بەکارهێناوە (٢٢*). سەرەرای ئەوەش، لاوازبوونی دیپلۆماسی و، ناهۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی و، هەڵنەسەنگاندنی زۆرلایەنی نێوخۆیی ودەرەکی و، گرێدراویی شۆرشەکە بە رژێمی شای ئێرانەوە، پێویستیان بە شیکردنەوەی هورد و، بابەتانە وهەمە لایەنە هەیە.

بێگومان، کاتێک دەتوانین شیکردنەوەیەکی راست و زانستانە بەرامبەر شۆرش، یان بزاڤێکی نەتەوەکەمان، لە قۆناخێکی تایبەت و دیاریکراوی مێژووییدا رەچاو بکەین، کە چاوکانی و پێوانەمان، بەرژەوەندیی نەتەوەیی و ستراتیژی نەتەوەیی بێت. ئەوجا لەو پێداچوونەوە و شیکردنەوەیەدا، هۆکارەکانی هەڵگیرسانی شۆرش، پێکهاتەی بەرێوەبەرێتییەکەی، پێگە و روانگەی چینایەتی و کۆمەڵایەتیی سەرکردەیەتیی شۆرش، ئامانج و بەرنامەی سیاسیی رێبەرانی شۆرش، ئاستی هۆشیاری سیاسی و نەتەوەیی و فەرهەنگیی کۆمەڵگەی کوردەواریی لەوسەردەمەی راپەرینەکەی تێدا بەرێوەچووە، بارودۆخی سیاسیی نێوچەکە و جیهان و گەلێک لایەنی دیکەی نێوخۆیی و دەرەکیی دەگرێتەوە، کە نووسین و ئامادەکردنی هەموو ئەمانە، کاری تاکە کەسێک و دوو کەس نییە و، پێویستی بە کۆمەڵێک مرۆڤی پسپۆر و زانا و نیشتمانپەروەری دڵسۆز هەیە، کە لە نێوەندێکی ستراتیژی نەتەوەییدا کۆ بووبێتنەوە و، بووجەی تایبەتیان بۆ دیاری کرابێ و، لەژێر کارکرد و دەستێوەردانی هیچ حیزب و خاوەن دەسەلاتێکدا نەبن...

**مخابن، زۆربەی زۆری ئەو سەرچاوە مێژووییانەی کە لە پەنجاساڵی رابوردووەوە، لەلایەن کورد خۆیەوە نووسراون، پتر لەدرۆشمدان و، پێداهەڵگوتن دەچن، چۆنکە لەلایەن نووسەرانی سەر بە حیزبەکانەوە نووسراون. لەبەر ئەوە، تاکو ئەم دواییانەش، تاکە سەرچاوەیەکی زانستیی بە زاراوەی کرمانجی نێوەراست، سەبارەت بە بزووتنەوەکانی کورد نووسرابوو، پەرتۆکی "کوردستان و شۆرشەکەی"، لەنووسینی زانا و نیشتمانپەروەری گەورەی کورد، "دوکتۆر جەمال نەبەز" بوو، کە ئەویش بەتایپ و چاپێکی ناڕێک و، لەژمارەیەکی کەمدا بڵاوبووەوە. مامۆستا جەمال نەبەز، لەم چەند ساڵەی دوایی، واتە لەساڵی ٢٠٠٠ی زایینیی بەملاوە، چەند بەرهەمێکی بابەتانەی دیکەی بەنێوی "ئاسنامە و کێشەی ناسیۆناڵی کورد" ، "بیری نەتەوەییی کوردی"، "کۆبەرهەم ژمارە٦" و "کۆبەرهەم ژمارە٧"، بڵاو کردوونەتەوە، کە ئەمانەش لەسەر ئەرکی نووسەر و، بەماندووبوون و شەونخوونی چەند هاوبیر و قوتابیی مامۆستا خۆی، توانرا تایپ و چاپ بکرێن و، لەنێو رۆشنبیران و خوێندەواری کورددا بلاوبکرێنەوە، لەکاتێکدا ئەم کارە، کاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بوو، کە راستەوخۆ ئەرکی لە چاپدان و، بلاوکردنەوەیانی بگرتایەتە ئەستۆی خۆی و، لەلایەن وەزارەتی پەروەردە و رۆشنبیرییەوە، بۆ وانەی قوتابخانە و زانستگەکان، بەنیوی مێژووی سیاسی کورد و شۆرشەکانی، دەستنیشان بکرایەتن، بەڵام مخابن، تاکو ئەورۆ بەرێوەبەرێتیی هەردوو**

حیزبە دەسەلاتدارەکەی باشوور، خۆیان لەقەرەی کاری نەتەوەیی کوردیی، بەشێوەی زانستانە و، بنەڕەتیی نەداوە...

هەرلەو کات و رۆژانەدا کە ساواک و داوودەزگەی سەرکوتی حەمەڕەزاشا، لە رۆژهەڵات راوی پێشمەرگە و شۆرشگێڕانی دەکرد و، لە باشووری کوردستانیش بەهاوکاریی ژمارەیەک لە فەرماندە و بەرپرسانی شۆرشی ئەیلوول، کەوتبوونە وێزە و، گرتن و راوەدوونانیان، جموجوڵێکی خوێندکاری و رۆشنبیریی لە شارەکانی رۆژهەڵات سەریهەڵدا، کە دوو هۆکاری نێوخۆیی و دەرەکیی، دەوریان لەو سەرهەڵدانە رۆشنبیرییەدا هەبوو:

یەکەم، بەهۆی هەڵگیرسانی شۆرشی ئەیلوول ودەنگ و باس و رووداوەکانی باشووری کوردستانەوە بوو کە، هەستی نەتەوەیی لەرۆژهەڵات بووژاندەوە. ئەگەرچی رژێمی حەمەڕەزاشا، هەموو هەوڵێکی دەدا تاکو هیچ جۆرە پێوەندی و زانیاریوەرگرتنێک لەنێوان کوردی باشوور و رۆژهەڵاتدا پێکنەیەت، لەگەڵ ئەوەشدا، هاتوچووی بەردەوامی پێشمەرگەی باشووری کوردستان بۆ شارەکانی رۆژهەڵات و، دواندن و پرسیارکردنی خەڵک- بەتایبەتیی لاوانی رۆژهەڵات لێیان، هەروەها گوێگرتن لە "رادیۆی شۆرش"، کە بەدزی ساواک و سیخوڕەکانی حکوومەتەوە لەنێو ماڵان و لەنێو دوکان و بازار گوێی لێدەگیرا، بەتەواوەتیی ئاگاداری دەنگ و باسەکانی باشووری کوردستان دەبوون. ئەوەش سەرەتایەک بوو بۆ سەرهەڵدانەوەی هەستی کوردایەتی و نەتەوەیی لەشارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان.

دووەم، ئەو بەشە لە چینی خوێندکار و رۆشنبیرانی کورد کە لە زانستگەکانی شارەکانی ئێران – بەتایبەتیی لە تاران دەیانخوێند، ناسیاری و تێکەڵاوییان لەگەڵ بزاڤی رۆشنبیری و خوێندکاریدا پەیداکرد و فێری شێوازێکی نوێی خەبات بوون کە نێوەندەکەی نێو شار و قوتابخانەی شارەکان بوو. ئەم بەشە لە خوێندکار و رۆشنبیرانی کورد، پێکەوە و لەنێو خۆیاندا، شانە و کۆڕوکۆمەڵی سیاسی و رۆشنبیرییان دادەمەزراند، بەڵام بە شوێنپێهەڵگرتن و، لاساییکردنەوە لە چەپی ئێرانی، بەتەواوەتیی لەژێر کارکردی بیری کۆمۆنیستی و ئێرانیگەرێتی دابوون. لەو سەردەمەدا، چینی خوێندکاران و رۆشنبیرانی ئێرانی لەدەرەوەی ولات، لەولاتانی ئۆروپا و ئەمریکا، رێکخراوەیەکی بەهێزی خوێندکارییان پێکهێنابوو بەنێوی **کنفدراسیون جهانی محصلین و دانشجویان ایرانی**. کۆنفیدراسیۆن، دەوری زۆر باشی دەبینی لەخستنەڕووی دیکتاتۆریی حەمەڕەزاشا و، بەردەوام لە پێتەختی ولاتانی ئۆروپادا خۆپێشاندانیان رێدەخست. کۆنفێدراسیۆن هەزاران ئەندامی چالاکی هەبوو، کە هەموو ساڵێک لە ولاتێکی ئۆروپادا کۆنگرەی ساڵانەی دەبەست و، پێنج ئەندام هەڵدەبژێردران بۆ کۆمیتەی بەڕێوەبەرێتیی. هەروەها گۆڤارێکی مانگانەشی دەردەکرد بەنێوی **(١٦ آذر)**. کۆنفێدراسیۆن، لەسەرەتای دروستبوونیدا، هەموو لایەنی هزری و سیاسیی گرتبووەخۆی و، هەموو لایەنەکان بەیەکگرتووییەوە خەباتیان تێدا دەکرد، بەڵام دواتر ناکۆکیی نێوان ماوئیستەکان و،

لایەنگرانی یەکێتیی سۆڤێت و لقە دژبەرەکانی چریکی فیدایی و ...هتد، لەرۆڵ و دەوری کۆنفێدراسیۆنی کەم کردەوە.

بەپێچەوانەی دەرەوەی ئێران، لەنێوخۆدا، بەتایبەتیی لە شاری تاران، بزاڤی خوێندکاریی لەسالآنی ١٩٧٠-١٩٧١ بەملاوە، ساڵ لەگەڵ ساڵ زیاتر پەرەی دەسەند. هەر بەو پێیە، دەزگەی "ساواک" یش گرنگی و بایەخی زۆری بە جموجۆڵی خوێندکاران دەدا و، بەرێگەی سیخوڕەکانییەوە چاودێریی جموجوڵیانی دەکرد و، پاش دەستنیشانکردن و، کۆکردنەوەی زانیاری لەسەریان، ئەوجا بەتاک و بە کۆمەڵ لێیانی دەگرت، کە لەنیویاندا خوێندکاری کوردیشیان چنگ دەکەوت. پاش لێدان و شکەنجەکردنیان لە زیندان، ماوەی زیندانیبوونیان بۆ دەبڕایەوە. کۆمەڵێک لە خوێندکارە کوردەکان کە ناسیاری یەک بوون و، بیروباوەڕی وەکیەکیان هەبوو، لێکدانەبڕان و، بەنهێنیی شانەیەکی رۆشنبیرییان پێکهێنا و، دواتر، **کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستان**- یان دامەزراند. کەسایەتیی ناسراو و، کارگێڕی سەرەکیی ئەم رێکخراوەیە کەسێک بوو بەنێوی **فواد مستەفا سوڵتانی**.

بەم چەشنە، حەمەڕەزاشا، بەهۆشیاری و تێکۆشێنی ساواک و زەبروزەنگی سوپای داپڵۆسێنەرییەوە، هەموو جموجۆڵێکی سیاسی و رۆشنبیری و چەکداریی لە ئێران و لە رۆژهەلاتی کوردستان لەنێو برد و، ئۆپۆزسیۆن و رێکخراوەیەکی سیاسی لە گۆڕەپانەکەدا نەهێڵا و، بەدڵنیای و ئاسوودەییەوە، کوردگوتەنی: "پاڵی لێدایەوە!".

# تووشبوونی حەمەڕەزاشا بە نەخۆشیی "شێرپەنجە" و هەڵوێست و ڕوانگەی هاوپەیمانانی!

## ڕاپەڕینی سەرتاسەری و ڕووخانی یەکجاریی ڕژێمی پاشایەتیی

حەمەڕەزاشا، لەنیوەی ساڵی ١٩٦٩ی زایینیی، لەسەردانێکی بۆ فەرەنسا، بەرێگەی بژیشکەکانییەوە ئاگادار بوو کە تووشی نەخۆشی شێرپەنجە بووە. لەلایەن شا و بنەماڵە و دەستوپێوەندەکانییەوە، بڕیاردرا هەواڵەکە بەنهێنیی بمێنێتەوە، بەلام پاش ماوەیەک، هەواڵەکە لەنیو کۆڕوکۆمەڵی دیپلۆماسیدا بلاوبووەوە و، ئەمریکاییەکان لەساڵی ١٩٧٠ ئاگاداری نەخۆشییە کوشندەکەی شا بوون. نەخۆشییەکەی شا، ساڵ لەگەڵ ساڵ، پتر کاری دەکردە سەر لەش و ڕەوانی. بەوتەی **چارلز کۆگان ئەفسەری پێشووی "سیا"**، قەیرانی ئێران لەوسەردەمەوە سەریهەڵدا، کە هەواڵی تووشبوونی شا بە شێرپەنجە لە لایەن فەرەنساییەکانەوە ڕاگەیەندرا. دیپلۆماتێکی دیکە بەنێوی"دەیڤید لانگ"، کە لەو کات و ڕۆژانەدا، لەبەشی زانیاری و پاراستنی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا کاری دەکرد، دەڵێ: "نەخۆشینی شا، پێویستی بە تێرامانی هورد دەکرد. ئایا دەبوو دەست لەسەر دەست دابنێین و چاوەڕانی ئەوەبین، شا لەنێو نووسینگەکەیدا بمرێ!؟ ڕاستییەکەی ئێمە دەمانزانی شا نەخۆشە، بەڵام بێدەنگ بووین!، لەکاتێکدا دەبوو ڕێگەچارەیەکی گونجاومان ڕەچاو بکردایە!".

**ساڵی ١٩٧٦، جیمی کارتر، نوێنەری حیزبی دێمۆکرات، بوو بە سەرکۆماری ئەمریکا** و، دەستبەجێ ڕایگەیاند: **"سەردەمی دیکتاتۆری و، داگیرکاری و پێشیلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە جیهان، بەسەرچووە و، دەبێ پێشی لێبگیرێت!"**. ساڵی ١٩٧٧، جیمی کارتر دیدارێکی لەگەڵ حەمەڕەزاشا ئەنجامدا و، داوای لێکرد تا پەرە بە مافی مرۆڤ و دێمۆکراسی لە ئێران بدات و، گوشاری کەمتر بخاتە سەر چینی مەلاکان! شا، بەڵێنی بە جیمی کارتر دا، کە پێشنیاز و داخوازییەکانی جێبەجێ دەکات. دوای ئەو دیدارەی شا و کارتر، هەروەها **"سایرۆس ڤێنس" وەزیری دەرەوەی دەوڵەتی جیمی کارتر**، لە مانگی گوڵانی ١٩٧٧ دا، چوو بۆ دیداری شا و، جارێکی دیکە پێشنیاز و داخوازیی دەوڵەتی ئەمریکای سەبارەت بەپێویستیی ئەنجامدانی ڕیفۆرم لە ئێران، بەگوێی شا دایەوە!

بەپێچەوانەی لێکدانەوەی ئێستای دارودەستە و لایەنگرانی ڕژێمی پاشایەتیی، کە دەڵێن: "جیمی کارتر، بوو بە هۆی ڕووخانی ڕژێمی شا!!"، دەوڵەتی کارتر، دژی شای ئێران و ڕژێمی پاشایەتیی نەبوو. دەوڵەتی ئەمریکا، درێژەدانی ڕژێمی سەرکوتکەری شایان بەزیان دەزانی و، دڵنیابوون کە بەردەوامکردنی دیکتاتۆری و ڕێگرتن لە ئازادی و دێمۆکراسی لەلایەن شا و ڕژێمەکەیەوە، نەتەنیا نابێتە هۆی سەقامگیربوونی زیاتری دەسەڵات و حکوومەتەکەی، بەڵکو لەڕووخان نێزیکتری دەکاتەوە. ئەمریکا، هەروەها دژی سیاسەتی مەزنیخوازیی شا لە نێوچەکەدا بوون. حەمەڕەزاشا، کە بە یارمەتی ڕۆژاڤا

هێنرایە سەر تەختی پاشایەتی و، بە کڕینی چەکوچۆڵی مۆدێرنی ڕۆژاڤا، ببووە خاوەنی سوپا و تەکنۆلۆژیای مۆدێرنی جەنگیی، هێندە لەخۆبایی ببوو کە ڕابوردووی لەبیر چووبووەوە و، چاوەڕوان بوو لەریزی ولاتانی گەورە و زلهێزەکانی جیهان، حیساب بکرێت بۆی...

دەولەتی ئەمریکا، بەرێگەی ڕێکخراوەی "سیا" و، کارناسانی سیاسییەوە لەئێران، ئاگاداری پەرەسەندنی شەپۆلی ناڕەزایەتیی کۆمەلانی خەڵک بەرامبەر ڕژێم بوون و، هەستیان بە مەترسی بۆ سەر شا و ڕژێمەکەی کردبوو. لەبەر ئەوە، بەدوای جێگرەوە و، ئەلتەرناتیڤدا دەگەڕان، تا لەئەگەری سەرهەڵدانی پشێوی لە ئێران و، ڕووخانی ڕژێمی شا، بناخەی حکوومەتی داهاتوو دابرێژن. هەروەک بەوتەی جیڤان کۆڵ مامۆستای زانستگەی میشیگان، لەسالانی ١٣٥٥ – ١٣٥٦ی هەتاوییەوە، ئەمریکا بەرێگەی باڵوێژخانەیەوە لە تاران، پێوەندیی لەگەڵ ئەندامانی کۆنی بەرەی ناسیۆنالی ئێران و ئایەتۆڵلاکاندا دەگرت و، زۆر جار هاتوچووی باڵوێژخانەیان دەکرد. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەمریکا بە هیچ جۆرێک لەو باوەڕەدا نەبوو کە ناڕەزایەتیی مەلاکان، بتوانێت کۆسپ و کێشە بۆ سەر دەسەلاتی حەمەڕەزاشا دروست بکات. دیپلۆماتێکی دیکەی ئەمریکایی بەنێوی "چارلز ناس" لەسالانی ١٩٧٤ – ١٩٧٨ سەرۆکی دەستەی کاروباری ئێران بوو. چارلز ناس دەڵێت: "لێکۆڵینەوەکانی کۆمیتەی ئاسایشی ڕێکخراوەی "سیا" سەبارەت بە ئێران، ناڕاست بوون. لەهەموو ڕاپۆرتەکاندا، ئاماژە بە مەلاکان کرابوو کە ناتوانن هیچ مەترسییەک بۆ سەر شا دروست بکەن و، دڵنیابوون کە شا بەهاسانی و بێ کێشە، دەسالی داهاتووش لەگەڵ خەڵکەکەی دەژی". لەنێو ولاتانی ڕۆژاڤا، یەکەم ولاتێک هەستی پێکرد ڕژێمی شا بەرەو ڕووخان دەچێت، دەولەتی بەریتانیا بوو، کە ئەویش بەهۆی مێژوویەکی ١٠٠سالەی پێوەندیی لەگەڵ ئێران و کۆمەڵگەکەی ئێراندا هەیەتی، بەباشی ئاگاداری ڕادەی پەرەسەندنی بێزاریی و لاوازیی سیستەمی پاشایەتیی بوو. ئەوجا دەولەتی ئیسرائیل دوو ساڵ پێش ڕووخانی شا، دڵنیابوون کە شا تەمەنی حکوومەتەکەی بەسەر چووە. ئەمەش لە وتە و ڕاپۆرتی "لابرانی" باڵوێژی پێشووی ئیسرائیل لە تاران دەردەکەوێت، کە لەدیداری لەگەڵ "هێلمز" باڵوێژی ئەمریکا لە تاران، لەساڵی ١٩٧٦ و، لەگەڵ سناتۆری ئەمریکایی بەنێوی "پێرچێت"، باس لە خراپی barودۆخی ئێران دەکات و، دەلێ: "ئێمە پێماننناوەتە سەردەمی دوای ڕژێمی شاوە و، دەبێت خۆمانی بۆ ئامادە بکەین!".

دەولەتی جیمی کارتر، لای ئاشکرابوو کە بە نەمانی ڕژێمی شا، ئەمریکا لەنێوچەکەدا هاوپەیمانێکی گەورە لەدەستدەدا و بەرادەیەکی زۆر، زیان بە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا، لە ئێران و، لەنێوچەکە دەگات، هەروەک دواترگەیاندی. لەبەر ئەوە، بەردەوام داوایان لە شا دەکرد، تا ڕیفۆرم ئەنجام بدات. بەلام شا، وەک هەموو دیکتاتۆرێک، پێشنیازی دڵسۆزانەی کەسانی نێزیک و هاوپەیمانی بە پیلان و فێڵ بۆ لاوازکردنی دەسەلاتی

حسێب دەکرد و، بڕوای بە ڕیفۆرم و گۆڕانکاری و دابەشکردنی دەسەلات و، پرس وراوێژکردن نەبوو. سەرزارەکیی بەڵێنی بە کاربەدەستانی ئەمریکا دەدا، بەڵام تێیداماوبوو، لەچ ڕێگە و بە چ شێوەیەک ڕیفۆرم و گۆڕان بکات. پاش دیدارەکەی سایرۆس وێنس و شا، لە هەموو ئێراندا قاو بڵاوبووەوە، دەوڵەتی واشنتۆن فەرمانیداوە بە شا، تا ڕێ لە بەردەم ئازادیی ڕاگەیاندن و بیروڕا دەربڕیندا بکاتەوە. سەرەنجام، حەمەڕەزاشا، ساڵی ١٩٧٦، لەژێر گوشاری دەوڵەتی ئەمریکا، تارادەیەک لە گوشار و زەبروزەنگی کەم کردەوە، و ڕۆژی ١٦ی مانگی گەلاوێژی ١٣٥٦ (١٩٧٧ی زایینی)، سەرۆکوەزیرانی گوێرایەڵ و، دەستەمۆکراوی بەنیوی ئەمیر عەباس هۆوەیدا، پاش ١٣ ساڵ لابەرێ و، جەمشید ئاموزگار لەجێی دابنێت، کە ئەمیش هەر گوێڕایەڵ و دەستنیشانکراوی شا خۆی بوو. لەرۆژی ٢٥ی گەڵارێزانی ١٣٥٦، لەکاتی سەردانی سەرکۆماری ئەمریکا جیمی کارتر بۆ تاران، خۆپێشاندانێکی بەرین لەلایەن خوێندکارانی زانستگەکانی تارانەوە بەڕێوە چوون، کە لەمیدیای دەرەوە دەنگیدایەوە. سەرۆکوەزیران جەمشید ئاموزگار، نەیتوانی هیچ بەرنامەیەکی چاکسازیی ئەنجامبدات، چۆنکە دەبوو بڕیاری هەر گۆڕان و چاکسازییەک بە فەرمانی شا ئەنجام بدرێت.. شا بۆخۆشی هیچ بەرنامەیەکی ڕۆشن و ئامادەکراوی بۆ ئەنجامدانی ڕیفۆرم نەبوو، هەر ئەوەش لەدواییدا تووشی سەرلێشێواوی کرد و، کۆنترۆڵی حکوومەتەکەی لەدەست دەرهێنا. لەسەر داوای کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتووەکان، شا، ڕێگەی بە کۆمیتەی مافی مرۆڤی جیهانیی دا، تا سەردانی بەندیخانەکان بکەن و، لەنێزیکەوە لەگەڵ زیندانیانی سیاسی بدوێن و، لەگیروگرفتیان ئاگاداربن. هەروەها بە چاودێریکردنی ساواک، ڕێگە بە ڕۆژنامەکان درا، بەرادەیەکی کەم ناڕەزایەتی خەڵک و کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی و نەبوونی ئازادیی سیاسی و ڕۆژنامەگەریی بڵاوبکەنەوە. ئەو بارودۆخە نوێیە، زەوینەی خۆشکرد بۆ دەستپێکردنی دەربڕینی دەنگی ناڕەزایەتیی بەشێوەی ئاشکراتر لەجاران. بەرە بەرە، پەیامەکانی خومەینی و، لەگەڵ بەشێک لە ڕوانگە و هەڵوێستەکانی، بەشێوەی سیپارە و، نامیلکە لەلایەن مەلاکانەوە بەنێو خەلکدا بڵاوبوونەوە.

خۆپێشاندانی خوێندکارانی زانستگەکان، تین و گوڕێکی زێتری وەرگرت. ڕۆژی ١٧ی بەفرانبار ڕۆژنامەی **(اطلاعات)** ی سەر بەرژێم، وتارێکی چاپکرد و، تێیدا بە ئاشکرا گاڵتە و سووکایەتیی بە ئایەتوڵا خومەینیی کردبوو. دوو ڕۆژ دواتر، خەڵکی شاری ئایینیی قۆم بە هاندان و بەشداریی ڕاستەوخۆی مەلاکان خۆپێشاندانێکی گەورەیان لەدژی شا بەڕێوەبرد. هێزەکانی پۆلیس و سوپا، هێرشیان کردە سەریان و، ژمارەیەکی زۆریان لێکوشتن و، بەسەتان کەسیشیان ڕەوانەی زیندانەکان کرد. ئەوجا لەرۆژی ٢٩ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٦ی هەتاوی، (١٩٧٧ی ز) لە **"چلەی کوژراوانی قۆم"** دا، لەشاری تەورێز خەڵکێکی زۆر بە هاندان و دەسپێشخەریی مەلاکان، ڕژانە سەر شەقامەکان و،

چەندین بانک و بینای دەوڵەتی و، سینەما و، چەند دوکانێکی خواردەمەنیی ئەلکۆلیشیان ئاگر تێبەردا. شەوی ڕووداوەکە، شا لەسەر تەلەفزیۆن قسەی کرد و، وێڕای سەرکۆنەکردن و هەڕەشەکردن لە خۆپێشاندەرانی تەورێز، گوتی: (مانگ تیشک دەهاوێژێ و، سەگیش پێی دەوەڕێت!. شا هەروەها گوتی: "ئێمە، ئێران بەرەو دەرگەی "شارستانییەتی مەزن" دەبەین و، پێویستە هەموو ئێرانییەک لەپێناوی سەرکەوتنی ئێراندا لە (حزب رستاخیز) دا کۆببێتەوە.

لەچلەی کوژراوانی شاری تەورێز و، لە ڕۆژی ١٩ی خاکەلێوەدا، لەتاران و یەزد و مەشهەد و شیراز، خۆپێشاندان بەڕێوەچوون.

بەرە بەرە خۆپێشاندان و مانگرتن، وەک ئاگروپووش هەموو شارەکانی ئێرانی تەنییەوە. میدیای دەرەوە، بەتایبەتی ڕادیۆی BBC بەشی فارسییەکەی، هەموو ڕۆژێک هەواڵی ڕووداوەکان و مانگرتن و خۆپێشاندانی شارەکان و، نێوەندەکانی خوێندکاری و ئابووری و کۆمەڵایەتیی، بەهوردی بڵاودەکردەوە. لەبەر ئەوە لەسەرتاسەری ئێرانەوە گوێی لێدەگیرا. ڕادیۆی BBC، ڕۆڵێکی گەورەی لە ڕێخستنی خۆپێشاندانەکاندا هەبوو، چۆنکە، کاتێک لەشارەکان خەڵک گوێیان لێدەگرت، ئاگاداری وتە و پەیامی تازەی ئایەتوڵڵا خومەینی و، دەنگوباسەکان و خۆپێشاندان و هەواڵی ژمارەی کوژراو و برینداری شارەکانی دیکە دەبوون، ئەوجا لە مزگەوت و گۆڕەپانی شارەکان کۆدەبوونەوە و، ڕێپێوان ڕێدەخرا و، شاڵاو بۆ سەر بانک و داوودەزگەکانی حکوومەت دەستپێدەکرد. ڕۆژی ٥ی خەرمانانی ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٨ز)، شا جەمشید ئاموزگاری لابرد و، کەسێکی بەنێوی شەریف ئیمامی دانا. بەڵام خۆپێشاندان برانەوەی بۆ نەبوو. مانگی خەرمانان، ڕژێم لە تاران و شارە گەورەکان، ڕێبەندی هاتوچۆ (منع التجول) ی دانا. خەڵک بێگوێدانە بڕیاری سوپا، ڕژانە نێو شەقامەکانەوە و، لە "گۆڕەپانی ژاڵە" لە تاران، لەڕۆژی ١٧ی خەرمانان، لەئاکامی تەقەو دەستڕێژی گوللەی پۆلیس وسەرباز، بەدەیان کەس کوژران و برینداربوون. ڕۆژی ١٢ی ڕەزبەر، دەوڵەتی عێراق، لەسەر داوای حەمەڕەزاشا، ئایەتوڵڵا خومەینی لە عێراق کردە دەرەوە و، خومەینی بەرەو فەرەنسا ڕۆی.

حەمەڕەزاشا، کاتێک بەتەواوەتیی ئاگاداری بارودۆخی سامناکی دەسەڵات و چارەنووسی ڕژێمەکەی بوو، لەڕۆژی ١٥ی گەڵاڕێزانی ١٣٥٧ی هەتاوی، هاتە سەر تەلەفزیۆن و، داوای لێبووردنی لە خەڵک کرد و، گوتی: "پەیامی ئێوەم پێگەیشت!". ئەوجا بەڵێنی ڕیفۆرم و گۆڕانکاری بە خەڵک دا، هاوکات، دەوڵەتێکی تازەی لە ژنەراڵەکان پێکهێنا بەسەرۆکایەتیی ژنەراڵ غوڵامڕەزا ئەزهاری، ئەوجا لە تەلەفزیۆن و میدیاوە دەستکرا بەهەڕەشە و گوڕەشەکردن لە خەڵک و، لەوانەی نیازی ئاژاوە و پشێوییان هەبێت، کە بە توندترین شێوە سزادەدرێن، بەڵام تازە کار لە کار ترازابوو و، چوارسووچی دەسەلات وحکوومەتەکە لە گرێژەنە دەرچووبوو. کۆمەڵانی خەڵک، بێگوێدانە هەڕەشەی

فەرماندەکانی سوپا، خۆپێشاندان و هێرشیان بۆ سەر نێوەندەکانی لەشکری و کۆمەڵاتەتیی توندوتیژتر کرد. کاتێک حەمەڕەزاشا، لە کارکردی دەوڵەتی سەربازییش ناهومێد بوو، ئەوجا وەک دوارێگەچارە، رێیدا بە کەسایەتییەکی دژ بە خۆی و، ئەندامێکی کۆنی بەرەی ناسیۆناڵی ئێران، بەنێوی شاپوور بەختیار، (۲۳*) تا دەوڵەتێکی تازە لە لایەنگرانی دیمۆکراسی و سیکۆلار پێکبهێنێت. لێ شا ئەو هەنگاوەی زۆر درەنگ هەڵگرت، چونکە ئایەتوڵڵا خومەینیی، بەرێگەی مەلاکان و پێرەوانییەوە توانیبووی لەماوەی چەند مانگێکدا، رێبەرێتیی بزاڤی جەماوەریی بەتەواویی بخاتە ژێردەستی خۆیەوە. لەبەر ئەوە، بەختیاریش، نەتەنیا نەیتوانی بە وتە و گفت و بەڵێن بۆ چاکسازیی، پێش بە شەپۆلی "خومەینیزم" بگرێت، کە لەماوەیەکی کەمدا بە ملیۆنان لایەنگری پەیداکردبوو، بەڵکو لە رووی سیاسیشەوە، زیانی گەورەی لە کەسایەتیی خۆی دا، چونکە کۆمەڵانی خەڵک، نێزیکبوونەوە و هاوکاریی هەرکەسێکیان لەگەڵ شا، بەنیشانەی خیانەت دەدایە قەڵەم. هەرئەوەش بوو هێشتا دەوڵەتەکەی بەتەواوەتیی دانەمەزراندبوو، کە لە هەموو ئێرانەوە، دروشمی "شاپور بەختیار، نوکر بی اختیار" (شاپوور بەختیار بەردەستی بێدەسەلات) بەرز بووەوە.



شاپور بەختیار دوا سەرۆکوەزیری رژێمی شا

رۆژی ۲۲ی بەفرانبار، شا بریاریدا لە ئێران نەمێنێت و، کۆمیتەیەکی پێکهێنا بەنێوی "شورای سلطنت" کە لەنەبوونی خۆیدا لە ئێران، کاروباری وڵات و حکوومەت ببات بەرێوە. رۆژی ۲۲ی بەفرانبار شا و شاژن بە چاوی پڕ لە ئەسرینەوە، لەنیو خەم و پەژارەی کۆمەڵێک لە ژنراڵەکان و، دەستوپێوەندەکانی، لە فرۆکەخانەی تارانەوە بەرەو وڵاتی میسر باڵی گرتەوە. لەپێشدا دەیویست بەرەو ئەمریکا و، وڵاتانی ئۆروپا بچێت. سالانی زۆر و لەسەردەمی دەسەلاتیدا خزمەتی زۆری بە بەرژەوەندیی رۆژاڤا — بەتایبەتی ئەمریکا گەیاندبوو. چاوەروان بوو بە گەرمییەوە پێشوازی بکرێت، بەڵام لەنێو سەرۆکەکانی جیهان، ئەوە تەنێ ئەنوەر سادات سەرکۆماری میسر بوو، پەنای دا و، ئامیزی بۆ کردەوە، هۆکەشی ئەوە بوو، حەمەڕەزاشا لە سەردەمی دەسەلاتیدا یارمەتی دارایی بە میسر کردبوو.

شا ئیدی ئێرانی نەدییەوە و، لە ڕۆژی ٢٧ی جۆنی ساڵی ١٩٨٠ کۆچی دووایی کرد و، تەرمەکەیان لە مزگەوتی "رفاعی" لە وڵاتی میسر ناشت.

گەلانی ئێران، بەهەموو چین و توێژێکییەوە، بە ڕوانگە و ئامانجی سیاسی و درۆشمی جیاواز، لەدژی ڕژێمی شا ڕاپەڕین. سوپای ئێران، کە حەمەڕەزاشا بەدەیان ملیارد دۆلاری لەپێناودا سەرف کردبوو، پێێوابوو، بە ئاماژە و فەرمانێکی، نەتەنیا خەڵکێکی ڕەشوڕووتی نارازیی سەرجادە و شەقامەکان، لەشەو و ڕۆژێکدا لەنێودەبات بۆی، بەڵکو هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەراستیشی بۆ ڕادەماڵێت، جگە لە لەشکرگەی "گارد جاویدان" و،



ئەنوەر سادات و، شاژنی ئێران و نێزیکانیان لە دەوری تابووتی حەمەڕەزاشا لە وڵاتی میسر!

"باخی شا" لە تاران، لەهەموو ئێراندا، بەشێوەیەکی چاوەڕواننەکراو بێلایەن مایەوە و، لە کوشتن وبڕینی خەڵک دەستی پاراست و، لە زۆر شار و شارۆچکە، بەهەزاران سەرباز و سەردەستە و تەنانەت ئەفسەریش، بەنیشانەی دەربڕینی هاودەنگییان لەگەڵ خەڵک، بەچەکی دەستیانەوە، تێکەڵ بە زەریای کۆمەڵانی ڕاپەڕیو، لەدژی شا و حکوومەتەکەی بوون. هەر لەسەرەتای دەستپێکردنی خۆپێشاندانەکانەوە، مەلاکان سەرپەرشتی و ڕێخستنی خۆپێشاندانەکانیان لەسەرتاسەری ئێران، خستەژێر سەرپەرشتی و کۆنترۆڵی خۆیانەوە و، مزگەوتەکانیان کرد بە نێوەندی هاندان و ڕێخستنی خۆپێشاندانی جەماوەریی. ئەوجا مەلاکان، لەسەرتاسەری ئێران، "کۆمیتەی ئیسلامیی" یان دامەزراند و، خوێندنەوەی درۆشمەکان و، بڵاوکردنەوەی ڕاگەیاندراوە و، کات و بەرنامەی خۆپێشاندانەکانیان بەتەواوەتیی گرتەدەستی خۆیان. ئەوەش، خۆئامادەکردنێکی بە بەرنامە بوو، شانبەشانی بەرەوپێشبردنی خۆپێشاندانەکان، بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەلاتی سیاسی و کۆمەلایەتیی لەداهاتوو، ئەنجامدەدرا.

## ڕۆژهەڵاتی کوردستان،
## لەدوایین ساڵی تەمەنی ڕژێمی پەهلەویی!

بارودۆخی سیاسیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەتایبەتیی لە ستانەکانی سنە و ورمێ، بە بەراورد لەگەڵ ستانەکان و شارەکانی ئێراندا جیاواز بوو. ئەگەرچی مزگەوتەکانی کوردستانیش، وەک شارەکانی ئێران، کرابوون بە نێوەندی کۆبوونەوە و، باس و لێدوانی سیاسی و ڕێخستنی خۆپێشاندانی جەماوەریی، بەڵام، هەرلە سەرەتاوە، ڕۆشنبیران وکۆمۆنیستەکان، ڕیزی خۆیان و مزگەوتی خۆیان لە ئیسلامیستەکان جیاکردەوە. لەهەندێک لەشارەکانی کوردستان، کەسایەتییەکی ئاینی سوننە، بەنێوی **کاک ئەحمەد موفتیزادە** کە دانیشتووی شاری سنە بوو، نوێنەرێتی و سەرپەرشتیی بەشێک لە موسڵمانانی کوردی دەکرد کە سەریان لە سیاسەت دەخورا. ئەحمەد موفتیزادە، هەر لەسەردەمی ڕژێمی حەمەڕەزاشاوە، پێوەندیی نێزیکی لەگەڵ ژمارەیەک لە ئایەتۆڵڵا و مەلا شیعەکاندا هەبوو. ئەحمەد موفتیزادە، بەلاساییکردنەوە و، وەرگرتنی ڕێنوێنی لە مەلا شیعەکان، دووبنکەی سیاسی و چەکداریی لەنێوچە سوننەکانی کوردستاندا دامەزراند، بەنێوی **"مکتب قورئان" و "کۆمیتەی ئیسلامیی"**. یارمەتیی دارایی و مووچەی مانگانەی ئەم دوو بنکە ئیسلامییە، ڕاستەوخۆ، لەلایەن ئایەتۆڵڵاکان و مەلاکانی شیعەوە دابیندەکرا و، بەڕێگەی ئەحمەدی موفتیزادە، بە کۆمیتەی شارەکاندا بلاودەکرایەوە. هاوکات، کەسایەتییەکی ئاینی نیشتمانپەروەر بەنێوی **مامۆستا شێخ عێزەدین حسێنی لە شاری مەهاباد**، لەماوەیەکی کەمدا بە ڕێگەی دەرکردنی ڕاگەیاندراوە و، بەهۆی نواندنی هەڵوێستی کوردانە و، شۆڕشگێڕانەیەوە، وەک سەرۆکێکی سیاسی و ئاینیی لە کوردستان جێی خۆی کردەوە . پاش ڕووخانی ڕژێمی شا، شێخ عێزەدین حسێنی کرا بە سەرۆکی شاندی کورد بۆ وتووێژ لە گەڵ دەوڵەتی نوێی ئێران.

چەپەکان و لایەنگرانی بیری کۆمۆنیستیی لە کوردستان، لەزۆربەی شارەکانی ستانی سنە و ورمێ، نێوەندێکیان بەنێوی **جمعیت دفاع از آزادی زحمتکشان (کۆمەڵەی پارێزگاریکردن لە ئازادیی زەحمەتکێشان)** دامەزراند. هەردوو بەرەی سیاسیی لە کوردستان، واتە "کۆمیتەکانی"ی سەر بە ئیسلامیستەکان و "جمعیت"ی سەر بە کۆمۆنیستەکان، تێدەکۆشین بۆ بەدەستەوەگرتنی کاروباری سیاسی و کۆمەلایەتیی لە شارەکانی کوردستان و، دژی یەک کاریان دەکرد. پاش ئازادبوونی ژمارەیەک لە ئەندامانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان لە گرتووخانەکان، بەتایبەتیی دوای ئازادبوونی **فواد مستەفا سوڵتانی** لە زیندانی شاری سنە، لە چەند مەڵبەندێکی کوردستان — لە **مەریوان و سنە و سەقز** و ... هتد، **یەکێتیی جۆتیاران** سازکرا. دواتر، "جمعیت" و "یەکێتیی جۆتیاران"، ڕۆڵی سەرەکییان لە پێکهێنانی ڕێکخستن و هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵەدا گێڕا. بەشیک لە ئەندامان و چەکدارەکانی "کۆمیتەکانی ئیسلامیی"، لەدوای ڕووخانی شا، هاوکارییان لەگەڵ مەلاکانی ئێران درێژەپێدا و، لەکاتی هێرشی سوپا و پاسدارانی

ئیسلامیی ئێران بۆ سەر کوردستان، خیانەتیان لەگەڵی خۆیان کرد و، بوون بە "جاش". زۆربەی ئەندامانی "جمعیت" یش کە خۆیان لەبەرەی چەپدا دەبینییەوە، دواتر بوون بە پێشمەرگە، یان تێکەڵ بە رێکخستنی نهێنیی حیزبەکانی نەیاری رژێم بوون ....

لەم پێوەندەدا، حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، کە ساڵانێکی دووروودرێژی، بە خەباتی دژوار و سەختەوە تێپەڕ کردبوو، بێگومان لەهەلێکی وادەگەڕا، تا سەرلەنوێ بێتەوە مەیدان و، ژیانی رێکخراوەیی دەستپێبکاتەوە. وەک پێشتر ئاماژەمان کردپێی، بەهۆی هێرشی ساواک و سوپا بۆ سەر ئەندامان و رێکخستن و هێزی پێشمەرگەی حیزب، زەبرێکی کاری وگەورەی لێدرابوو. بەجۆرێک کە لەنێوخۆی وڵات، رێکخستن و ئەندامانی نهێنیی لەدەست دابوو. ئەو بەشە لە ئەندامانی حیزب کە لەسەردەمی شۆرشی ئەیلوول و دوای رووخانی شۆرش، خۆیان تەسلیم بە رژێمی شا کردبووەوە، وازیان لە خەبات و کاری سیاسی و حیزبی هێنابوو و، بەکار و ژیانی ئاساییەوە سەرقاڵ بوون. لەلایەکی دیکەشەوە، سەرکردەیەتیی حیزب لەو سەردەمەدا، لە ئورۆپا دەژیان، یان لە بەغدا و، دوور لە رۆژهەڵاتی کوردستان ژیانیان دەبردەسەر. لەبەر ئەوە لەکاتی پەرەسەندنی خۆپێشاندانی سەرتاسەریی گەلانی ئێراندا، حیزبی دێمۆکراتی کوردستان، زۆر درەنگ توانی خۆی لەشارەکاندا رێکبخاتەوە. گیروگرۆی سەرەکیی حیزبی دێمۆکرات لەوەدابوو، هەر لەدوای رووخانی کۆمارەوە، تا سەردەمی شۆرشی ئەیلوول و پاش هەرەسهێنانی شۆرش، کە لە باشووری کوردستان و لە ئۆروپا و لە گەڕەکی "کەڕادە" ی شاری بەغدا دەژیان، لەباتی ئەوەی، بە روانگەیەکی نەتەوەیی و کوردستانییەوە، تێبکۆشن بۆ پێگەیاندن و پەروەردەی سیاسی و هزری خۆیان و ئەندامانیان، شانە و رێکخستنی نهێنیی لەشار وگوندەکان دروست بکەن، تا لە ئەگەری سەرهەڵدانەوەی بارودۆخێکی سیاسیی گونجاو، بەئامادەیی تەواوەوە بێنەوە مەیدان و، بەلێوەشاوەیی و ئەزموون و، لێزانییەوە کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتیی وڵاتەکەیان بگرنەدەست، زۆر مخابن هەموو ئەو ساڵانەیان بە شەڕ و ناکۆکیی نێوخۆیی و، دژایەتیکردنی یەکدییەوە تێپەڕکرد. ئەوە بوو کاتێک رژێمی حەمەڕەزاشا، لەنێوچوو، سەرکردەیەتیی حیزب، بەسەر بارودۆخێکدا کەوت، کە بەهیچ شێوەیەک خۆی بۆ ئامادە نەکردبوو. چوار کادری تێگەیشتوو و پەروەردەکراوی نەبوو کەبتوانن کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتیی شارەکان بگرنەدەست. حیزب تەنانەت هیچ لێکدانەوەیەکی راست و بابەتانەی، سەبارەت بە سەرهەڵدانی قەیرانی سیاسی وکۆمەڵایەتی و ئابووریی ئێران، لە پاش هەڵبژاردنی "جیمی کارتر" بۆ سەرکۆمارێتیی ئەمریکا نەبوو. لەمێشکیاندا نێوبانگی دەسەلات و ترس و شەوەزەنگی رژێمی پەهلەوی، بەرادەیەک چەسپابوو، کە تەنانەت پاش ئەوەی راپەرینی گەلانی ئێران، سەرتاسەری شار و نێوەندە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی ئێرانی گرتبووەوە، کەم کەسیان ئامادە بوون، بگەڕێتەوە بۆ رۆژهەڵات و، کاری حیزبی ئەنجام بدەن و، خەڵک

ڕێکبخەنەوە. چۆنکە لەوباوەڕەدابوون، ڕژێمی شا، بەرادەیەک بەهێز و خاوەن دەسەڵاتە، کە خۆپێشاندانەکان بەهاسانی سەرکوت دەکا و، وەک ساڵانی پێشووتر، دەست بە گرتن وکوشتن ولەسێدارەدان دەکاتەوە. لەمبارەوە، کاک عەبدوڵڵا حەسەنزادە ئاوای نووسیوە:

"…. ئەوەی ڕاست بێ تەنیا کەس کە بەبێ قەید وشەرت ئامادە بوو بگەڕێتەوە نێوخۆی وڵات و کاری حیزبی بکا خوالێخۆشبوو سید رسوول دهقان (سەید ڕەسووڵ بابی گەورە) بوو. ئەو هەر لەبەهاری ۱۳۵۷ دا بەتاقی تەنیا گەڕایەوە کورستانی ئێران و بۆ ماوەی زیاتر لە دوومانگ لەناوچەکانی مەهاباد و نەغەدە و پیرانشار لەنێو خەڵکدا کاری کرد. … هاوڕێیانی دیکە دوو بەش بوون. بەشێک ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بوون کە بەڕاستی زۆر بەکەمی خۆیان لە کاری عەمەلی دەدا. بە جۆرێک کە هەتا ئاخر و ئۆخری پاییزی ۱۳۵۷ نەگەڕانەوە کوردستان. بەهەموو ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی حەوتوویەک لەنێوخۆی ولاتدا نەبوون…."
(پەرتۆکی نیو سەدە تێکۆشان لاپەڕە ۱۰۹).

لەسەروبەندی ڕووخانی ڕژێمی شا و، لەگەرمەی خۆپێشاندانەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، هەموو جۆرە درۆشمێک دەدران و، زۆربەی درۆشمەکانیش نابابەتانە و نازانستانە بوون. بۆ وێنە، ڕۆژێکیان لەشارێک بەهەزاران کەس کەوتنەسەر جادە و، کوڕی دوکاندارێک، کاتێک ریزی خەڵکەکە لەبەردەم دوکانەکەیانەوە تێدەپەڕین، بەدەنگی بەرز هاواری کرد: "سەرمایە بۆ دوکاندار!"، چەند هەزار کەسێکیش بەدەنگی بەرز درۆشمەکەیان دووپاتکردەوە، لەنێو دوکانەکەشەوە کاورای دوکاندار قیراندی: "دەک بە قوربانی دەنگتان بم، هەر ئەوە بڵێنەوە!!". درۆشمی کۆمۆنیستی و، ئیسلامی و ئاڵای کۆمۆنیست و ئیسلام و زەرد و سۆر و کەسک و داس و چەکوچ هەڵدەدران، بەڵام ئاڵای کوردستان و، درۆشمی نەتەوەیی، نێوی لە کوولەکەی تەڕیشدا نەبوو. لە هێندێک لە شارەکان، بەڕێگەی دۆستانی نێزیکی سەرکردەیەتی و لایەنگرانی سەر بە یەکێتیی نیشتمانیی کورستانەوە، گەلێک درۆشم دەکەوتنە سەر زارانەوە لە دژی پارتی و بارزانی و "قیادە موقت"، بێئەوەی خەڵکەکە بزانن، ج ئامانجێک لە پشت ئەو درۆشمانەوەن و، لە سوود و بەرژەوەندیی کێ دەدرێن. ئەوەش لە ڕەوتی خۆیدا ڕۆژهەڵاتی کوردستان و، بزاڤە ساوا و کەمئەزموونەکەی، لە ناکۆکییەکەوە وەردا، کە زۆر بە زیانی یەکڕیزیی کورد و بەرژەوەندییەکانی تەوا بوو…

شای ئێران، لە ڕووی ناچارییەوە، بۆ کەمکردنەوەی ئاستی نارەزایەتیی خەڵک، بڕیاریدا گیراوانی سیاسی لە زیندانەکان ئازاد بکات، بەڵام پاش گەڕانەوەی هەر زیندانییەک بۆ زێد و شاری خۆی، لەلایەن جەماوەرێکی زۆرەوە پێشوازی لێدەکرا و، هاوکات دەبوو بە خۆپێشاندان و درۆشمدان لەدژی شا. دژایەتیکردنی گەیشتبووە رادەیەک کۆمەڵانی خەڵک، بەبێ ترس و سڵکردنەوە، جنێو و قسەی سووکیان بە شا و بنەماڵەی دەدا و، داوای ڕووخانی ڕژێمەکەیان دەکرد و، هەڵیاندەکوتایە سەر بانکەکان و نێوەندەکانی

خزمەتگوزاری و، دواتریش بەرە بەرە هێرش و تاڵانکردن و سووتاندن بۆ سەر بنکە و نێوەندەکانی پۆلیس و سەربازگەکان دەستپێکرد.

لەو بارودۆخەدا، لەنێو هەموو لایەنە سیاسییەکاندا، بەچەپ و راست و دێمۆکراتەوە، تەنیا چینی مەلاکان بوون کە هەر لەسەرەتاوە بەشێوەیەکی رێکخراو و، پلاندارێژراو، هێدی هێدی، رووی داخوازیی خەڵک و، دروشمەکانیان بەلای بیروباوەڕی ئیسلامیدا سووڕاندەوە و، بە راگەیاندراوە و، بەرێگەی مزگەوتەکانەوە، خەبات و هەوڵی بەردەوامیاندا، بۆ ناساندنی زیاتر و گەورەکردنەوەی کەسایەتیی ئایەتوڵڵا خومەینی لەنێو خەڵکدا، بۆ ئەوەی وەکو رێبەر و پێشەوایەکی موسڵمان و دڵسۆز و راستینە، باوەڕی پێ بهێنن. ئایەتوڵڵا خومەینیش لە پاریسەوە پەیتا پەیتا، نامە و راگەیاندراوەی دەگەیشتە دەستی مەلاکان و، بەرێگەی لایەنگرانییەوە، لەهەموو ئێراندا بڵاودەکرانەوە.

خومەینی لە پەیامەکانیدا، بەڵێنی چارەسەرکردنی کێشەکانی کۆمەڵگە و، داهاتوویەکی گەش و پڕهومێد و سەربەخۆی بەگوێی گەلان و کۆمەڵانی رەشوڕووتی ئێراندا دەدا. گوندی "نۆفل لۆشاتۆ" ی نێزیک پاریس، بوو بە نێوەندی سەرپەرشتی و رێبەرێتیکردنی راپەڕینی سەرتاسەری گەلانی ئێران. پرۆپاگەندەی میدیای دەرەوە و، مەلاکان لەنێوخۆ، سەبارەت بە کەسایەتیی گەورە و ئاسمانی و بێگەردی ئایەتوڵڵا خومەینیی، کە نەترسانە و، بەراشکاویی، حەمەڕەزاشا و رژێمەکەی کردبووە نیشانە و، دەیگوت: **"چاوی لەماڵی دنیا و دەسەلات نییە، پاش نەمانی رژێمی پەهلەوی کە بەکرێگیراوی بێگانەیە، خۆی لە سیاسەتەوە وەرنادا و، بەکاری نوێژ و پەرستکاریی خۆیەوە سەرقاڵ دەبێ! ئەم باب وکوڕە (مەبەستی رەزاشا و حەمەڕەزاشا بوو! — ن.)، ئێرانیان وێران کردووە و، ئێمەیان سەرشۆڕی بێگانە کردووە. دەبێ ئەم رژێمە نەمێنێت و ...!"** یەکەم جاربوو خەڵکی ئێران گوێیان لە قسەی لەم چەشنە دەبوو، لەبەر ئەوە، گەیشتن بە هەموو هیوا و ئاوات و ئامانجێکیان لە گەڕانەوەی خومەینیی بۆ ئێران و، لە کەسایەتی و هزر و رامانی خومەینیدا دەدیت. جگە لە خەڵکی ئاسای و رەشوڕووتی ولات، هەروەها مامۆستایان، رۆشنبیران و، نووسەران و تەنانەت کۆمۆنیستەکانیش، بێ ئاوڕدانەوە و ئاگاداربوون لە روانگە و بۆچوونەکانی لە "کشف الاسرار" و نووسراوەکانی دیکەی، شوێن بەڵێنی و دروشمەکانی خومەینی کەوتن.

رۆژی ١٢ی رێبەندان، ئایەتوڵڵا خومەینی گەڕایەوە بۆ ئێران و، بە فرۆکەی هەلیکۆپتەر چوو بۆ گۆڕستانی **بهشت زهرا** لە تاران و، پەیامێکی توندی لەدژی حکوومەتی لەرزۆکی حەمەڕەزاشا بڵاوکردەوە. خومەینی هەروەها هێرشی کردە سەر دەوڵەتی بەختیار و داوای کردلێی بەزووترین کات دەوڵەتەکەی هەڵوەشێنێتەوە و، گوتی: **"من دولت تعین می**

**كنم! من تو دهن اين دولت مى زنم!"  (ئەز دەوڵەت دادەنێم، ئەز لە دەمی ئەم دەوڵەتە دەدەم!).**

بە دەیان ملیۆن جەماوەری ڕاپەڕیوی ئێران کە لە ڕۆژان و حەفتەکانی سەرەتای خۆپێشاندانەکاندا، بۆ وەدەستهێنانی "نان و کار  و ئازادی" هاتبوونە سەر جادە و شەقامەکان، پاش چەند مانگێک و، لە ڕۆژانی نێزیک بە ڕووخانی ڕژێمی شادا، شەوانە دەچوونە سەربانی خانوو و باڵەخانەکانیان، تا لەنێو مانگدا وێنە و سیمای خومەینی ببینن!! ئەوەش پێشاندەری ڕاستییەک بوو کە نە ئەمریکا و ڕۆژاڤا و، نە چەپ و سیاسەتکارانی نێوخۆی ئێرانیش، نەیانتوانیبوو بەشێوەیەکی زانستانە و بابەتانە، نێوەرۆکی کۆمەڵگەی ئێران هەڵسەنگێنن و، بیناسن، بەڵکو ئەوە تەنیا مەلاکان بوون کە بەهۆی پێوەندی و ژیانی بەردەوام و سەتان ساڵەیان لەنێو ئەو کۆمەڵگەی تێیدا دەژیان، ئاست و ڕادەی هۆشیاری سیاسی و فەرهەنگی و تێگەیشتوویی خەڵکەکەی خۆیان دەناسی و، زۆر باش دەیانزانی چۆن  و بە چ ڕێگەیەکەوە،  بیانخەنە خزمەتی ئامانجی سیاسی و بەرژەوەندیی خۆیانەوە..

مانگی ڕێبەندان، خۆپێشاندان لە سەر شەقام و جادەکانەوە، گوێزرایەوە بۆ تەقە و لێکدانی چەکداری و هێرشبردن بۆ سەربازگە و نێوەندەکانی پۆلیس.  لەم مانگەدا، هەموو ڕۆژێک بەسەتان هەزار خەڵکی چەکدار و بێچەک، لەشارەکانی ئێران و، لە ڕۆژهەلاتی کوردستان، هێرشیان دەبردە سەر  پێگە و سەربازگە گەورەکان و نێوەندەکانی پۆلیس.

سەرەنجام ڕاپەڕینی بێوێنە و مێژوویی گەلانی ئێران، گەیشتە ئەنجام و، لەڕۆژی ٢٢ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی (١٩٧٩ی زایینی)، تەخت و بەختی ڕژێمی پاشایەتیی تێکەوە پێچرا و، لەنێو چوو. بە نەمانی شا و ڕژێمەکەی، شادی و خۆشی هەموو ئێرانی گرتەوە. چینی مەلاکان بە سەرۆکایەتیی ئایەتوڵڵا خومەینی، کە هەر لەسەرەتاوە دروشم و بەرنامە و ستراتیژێکی دەستنیشانکراویان هەبوو، پاش نەمانی ڕژێمی حەمەڕەزاشا، بەپەلە کەوتنە هەوڵ بۆ دارشتنی چوارچێوەی کۆمارێکی نوێ، کە بەپێی یاسا و نەرێتی سەرەتاکانی ئیسلام بچێت بەڕێوە. بەو جۆرە، لە ساڵانی کۆتایی سەدەی بیستەمدا، کۆمارێکی بنچینەگری ئیسلامیی – شیعە، بەسەرۆکایەتیی ئایەتوڵڵا خومەینیی، لە ئێران دامەزرا و ئەوەش، بوو بە سەرەتایەک بۆ سەرهەڵدانی گەلێک ڕووداو و گۆڕانکاریی نوێ و گرنگ و مێژوویی، لەنێوچەکە  و لەجیهان ....

# سەرچاوە

(١*) و (٢*) و (٣*) و (٤*) – پەرتۆکی ئێران و جیهان (لە مەغۆلەوە تا قاجارییە)، بەشی (سەفەوییەکان و، بنەچە و ولاتیان) – نووسینی: "دوکتۆر عەبدولحسێن نەوایی"

(٥*) – لەبەڵگەنامەکانی بەریتانیا F O 371 LEP35069 ڕێکەوتی ١٢ی مارچی ١٩٤٣/ رەشەممەی ساڵی ١٣٢١ی هەتاوی.

(٦*) – گۆڤاری کاوە، چاپی بەرلین، ژمارە ١٢ (پانزەی سیپتەمبەری ١٩١٦ی زاینی، لاپەڕە٢ و ٤).

(٧*) – لەبەڵگەنامەکانی بەریتانیا F O 371 LEP35069 ڕێکەوتی ١٢ی مارچی ١٩٤٣/ رەشەممەی ساڵی ١٣٢١ی هەتاوی.

(٨*) – پەرتۆکی "دادگە"، لاپەڕە (٥٠) نووسینی ئەحمەد کەسرەوی، چاپی یەکەم ساڵی ١٣٢٥ی هەتاوی (١٩٤٥ی زاینی).

(٩*) – اسناد تاریخی جنبش کارگری/سوسیال دموکراسی و کمونیستی ایران جلد ٣ صفحه ١٦٨ و ١٦٩.

(١٠*) – ئەحمەد کەسرەوی ساڵی ١٢٦٩ی هەتاوی بەرامبەر بە ساڵی ١٨٩٠ی زاینی، لە گەڕەکی "هەمکاوار" لەشاری تەورێز، لەبنەماڵەیەکی ئاینی هاتووەتە دنیاوە. خوێندنی سەرەتایی لە تەورێز تەواو کردووە. لەتەمەنی ٢٢ ساڵیدا بووە بە مامۆستای زمانی عەرەبی. هەروەها زمانی ئینگلیزیشی بەباشی زانیوە. دواتر فێری زمانی "ئێسپرانتۆ" ش بووە. ماوەیەک فەرمانبەر بووە لە وەزارەتی داد. پاشان بە سەرۆکی دادگەی شاری زەنجان دیاریکراوە. لەو شارە،بەهۆی دەستێوەردانی مەلاکان لەکاروباری دادپرسی و کێشە کۆمەڵایەتییەکانەوە، بەرەنگاریان بووەتەوە. ماوەی ساڵێک سەرۆکی دادگەی ستانی خوزستان بووە. لەوکاتەدا "شێخ خەزعەل" سەرۆک عەشیرەتی گەورەی عەرەبەکان لە باشووری رۆژاڤای ئێران، خاوەندەسەڵات و موڵکداری گەورەی ئەو نێوچەیە بوو. شێخ خەزعەل کە دژی دامەزراندنی هێزی چەکدار و مووچەخۆری دەوڵەتی نێوەندیی

بووه، لەخۆزستان (عەرەبستان)، کەسرەوی و فەرمانبەرەکانی دادگە، ناچار دەکات، خوزستان بەجێبێڵن و، بەرەو تاران بگەڕێنەوە. ماوەی ١٠ ساڵ لەتاران و شارەکانی دیکەی ئێران سەرۆکایەتیی دادگەی بەدەست دەبێت. ماوەیەکیش بووەتە پارێزەر. ساڵی ١٣٠٨ی هەتاوی (١٩٣٩ی ز) کراوە بە مامۆستای بەشی زمان و مێژوو، لە زانستگەی تاران. کەسرەوی کە ماوەی چەندین ساڵ، شارومەڵبەندەکانی ئێران گەڕابوو، لەنێزیکەوە لە کێشە و هۆکارەکانی دواکەوتوویی ئێران ئاگاداردەبێت. ئەوە بوو لە ساڵی ١٣٢٠ ی هەتاوی (١٩٤١ی زاینی) کۆمەڵێکی رۆشنبیریی لەتاران دادەمەزرێنێت و، رۆژنامەی "پرچم" دەبێت بە ئۆرگانی کۆمەڵەکەی. لە رۆژنامەی "پرچم" دا، دەستدەکات بە وتارنووسینەوە لەدژی داوونەریتی کۆن و رۆڵی مەلاکان لە دواهێشتنەوەی کۆمەڵ. هێندەی پێناچی، نێوی کەسرەوی بەهەموو لایەکدا بڵاودەبێتەوە و، خەڵکێکی زۆر، دەبنە دژ، یان لایەنگری. لەساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی، تەقەی لێدەکەن، بەڵام ناکوژرێت. مەلاکان و موسڵمانانی توندڕەو، بەمەبەستی هاندان و وروژاندنی خەڵک لەدژی، تاوانی قورئان سووتاندن دەدەنە پاڵی.

کەسرەوی جگە لە نووسینی وتار لە "پرچم"، کە خۆی سەرنووسەری دەبێت، گەلێک بەرهەمی مێژوویی و سیاسی و کۆمەڵایەتی و بابەتی رەخنەگرانەی بڵاوکردووەتەوە، کە بەشێکی بریتین لە: "ئاین"، "سەبارەت ئیسلام)"، "بیخوێننەوە و، هەڵیسەنگێنن"، "سەبارەت بە ئەدەبیات"، "فەرهەنگ چییە"، فەرهەنگ، یان فێڵبازی!؟"، "سەبارەت بە رەوان"، "دین ودنیا" ، "پاشاکانی بێ ناو و نیشان"، "مێژووی شۆرشی مەشرووتەی ئێران"، "مێژووی پێنج سەت ساڵەی خوزستان"، "مێژووی ١٨ ساڵەی ئازەربایجان"، "مێژووی شێر و خۆر"، "شێخ سەفییەدین و رەگەز و بنەچەی"، "مێژووی دەمنە و قلیان"، "مشعشعیان"، "دروستبوونی ئەمریکا"، "شیعەگەرێتیی" و، "بەهاییگەری، شیعەگەری و، سۆفیگەرێتیی". جگە لەم پەرتۆکانە، دەیان وتار و نووسراوەی دیکەی لە گۆڤارەکانی عەرەبی و فارسیدا بلاوکردووەتەوە. کەسرەوی هەروەها زمانی فارسی و ترکیی ئازەری، عەرەبی و ئینگلیزی و ئەرمەنی و، ئەلفوبێ و زمانی "پەهلەوی" یشی زانیوە. کەسرەوی لە تەمەنی ٥٧ ساڵیدا، لەنێو ژووری دادگە و، بەنەخشەی مەلاکان و بەهاودەستیکردن لەگەڵ کاربەدەستانی

حکوومەتی ئێران،لەلایەن نەواب سەفەوی و، ئەندامانی دیکەی ڕێکخراوەی **"فیدایییەکانی ئیسلام"** ەوە تیرۆرکرا.

(١١*) – **"انقلاب مشروطه" (شۆڕشی نوێخوازیی)** ساڵی ١٢٨٥ی هەتاوی بەرامبەر بە ١٩٠٥ – ١٩٠٦ی زاینیی، لەسەردەمی حکوومەتی موزەفەرەدین شای قاجار خرایە سەرپێ. سەرەتا ڕاپەڕین لە تارانەوە سەریهەڵدا و، بەرە بەرە هەموو شارەکانی ئێرانی گرتەوە. شۆڕشەکە، لەوەوە سەریهەڵدا کە شاکانی قاجار و دەسەڵاتدارانی ئێران، بەتەواوەتیی کەوتبوونەژێر کارکردی سیاسەتی وڵاتانی بێگانەوە. دوەڵەتەکانی بەریتانیا و، ڕووس، سامان و داهاتی ئێرانیان خستبووە ژێردەستی خۆیانەوە و، گرانی و هەژاری و، برسێتیی، بڕستی لە خەڵک بڕیبوو. سەرباری ئەوانەش، سیستەمی دەرەبەگایەتیی، ڕێی لەبەردەم هەرجۆرە پێشکەوتنێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووریی ولاتدا گرتبوو. شۆڕشەکە لەلایەن بەشێک لە رۆشنبیران و، بازرگانانی پێشکەوتنخواز، کە دیمۆکراسی و پێشکەوتنی ئۆروپا و، ولاتانی وەک بریتانیا و فەرەنسایان لە نێزیکەوە دیتبوو، هەروەها، لەلایەن ژمارەیەکی کەم لە مەلاکان و، کۆمەڵانی هەژار و رەشوڕووتی شارەکانەوە هەڵگیرسا. ئامانج و داخوازیی هەر یەک لەو چینانە جیاواز بوو. حکوومەتی ئێران، سەرەتا ملی بۆ هێندێ گۆڕان و ڕیفۆرمی سیاسی وکۆمەڵایەتیی دانەواند، بەڵام دواتر بە هاودەستی و پیلانی هاوبەشی حکوومەتی ئێران و، دەوڵەتەکانی ڕووس و بەریتانیا، شۆڕشەکە سەرکوتکرا و، خەلکێکی زۆر کوژران و، سەرلەنوێ حکوومەتی قاجار و چینەکانی دەسەڵاتدار، زوڵم و زۆردارییان بۆ سەر کۆمەڵانی بەلەنگاز و بێدەرەتان دەستپێکردەوە.

(١٢*) – **باغ شا (باخی شاه)** – نێوی کۆشکێکی پاشایەتیی سەردەمی حکوومەتی قاجارەکان بوو لە تاران. ئێستەش شوێنەکە بەو نێوەوە هەرماوە و، لەسەردەمی رەزاشا و حەمەڕەزاشا، کرا بە لەشکرگەی کۆماندۆ و هێزی تایبەت.

(١٣*) – **"سید مجتبی میرلوحی"** ناسراو بە نەواب سەفەوی، کوڕی سەید جەواد لەساڵی ١٣٠٣ی هەتاوی (١٩٢٤) لە گەڕەکی **"خانی ئاباد"** لە شاری تاران هاتۆتە دنیاوە. لەتەمەنی ١٧ ساڵیدا دەچێتە نەجەف و، ماوەی چوارساڵ لە قوتابخانەی ئاینیی نەجەف دەمێنێتەوە و، پاش وەرگرتنی دەستووری فتوای کوشتنی نووسەری بەنێوبانگ ئەحمەد کەسرەوی، لەلایەن **"ئایەتوڵڵا شێخ**

عەبدولحسێنی ئەمینی" یەوە، بەرەو ئێران دەگەڕێتەوە. پاش گەڕانەوەی بۆ ئێران، لەگەڵ ئایەتوڵڵا شێخ محەمەدی تاڵەقانی پێوەندیی دەگرێ و، لە نەخشەی کوشتنی کەسرەوی ئاگاداری دەکاتەوە. ئایەتوڵڵا شێخ محەمەد تاڵەقانی، چوارسەت تمەن پووڵی پێدەدا، تا دەمانچە و فیشەکی پێبکڕێت. نەواب پاش کوشتنی ئەحمەد کەسرەوی، دەگەڕێتەوە بۆ نەجەف و، لەلایەن ئایەتوڵڵاکانی دانیشتووی نەجەفەوە پێشوازییەکی گەرمی لێدەکرێت. دواتر دەگەڕێتەوە بۆ ئێران. ساڵی ١٣٢٤ی هەتاوی بە پرس و راوێژ لەگەڵ ئایەتوڵڵا کاشانی، رێکخراوەی "فیداییەکانی ئیسلام" دادەمەزرێنێ. فیداییەکانی ئیسلام، چەندین کاربەدەستی گەورەی ئێرانیان تێرۆرکرد. دواجار هەوڵی کوشتنی سەرۆکوەزیران (عەلا) یان دا بەڵام سەرنەکەوتن و، گیران و، لە رێکەوتی ١٣٣٤/١٠/٢٥ (١٩٥٥ی زایینی)، نەواب سەفەوی و، دوو لە هاوڕێیانی لە زیندانی "قزڵ قەلعە" لەسێدارە دران.

(١٤*) – ئایەتوڵڵا شێخ عەبدولحسێنی ئەمینی ، خەڵکی تەورێز بوو، بەڵام زۆربەی ژیانی خۆی لە شاری نەجەف و کەربەلا بردە سەر. ماوەی چل ساڵ تەمەنی، لەروانگەی خۆیەوە بە لێکۆڵینەوەی راستی و رەوابوونی شیعەوە بردە سەر و، ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی لە پەرتۆکێک بەنێوی "الغدیر فی الکتاب و السنە و الادب" دا نووسی، ئەم پەرتۆکە، سەرچاوەیەکی بایەخدارە بۆ پێڕەوانی شیعە و بەنێوی (دائرە المعارفی شیعە)، ەوە بووە بە وانەی قوتابخانە ئاینییەکان. سەرچاوە: (تیرۆرکردنی کەسرەوی، لاپەڕە ١٩)، نووسینی ناسر پاکدامن.

(١٥*) – لەبەڵگەنامەکانی بەریتانیا F O 371 LEP35069 رێکەوتی ١٢ی مارچی ١٩٤٣ – ١٩٤٦/ رەشەممەی ساڵی ١٣٢١– ١٣٢٥ ی هەتاوی

(١٦*) – بیرەوەرییەکانی تاج الملوک (ژنی رەزاشا و دایکی حەمەڕەزاشا)، سەرەتا لە سایتی "پیک نێت" دا بڵاوکرایەوە، پاشان وەک پەرتۆکیش بڵاوکرایەوە. تاجلملووک،دەیان ساڵ لە نێزیکەوە ئاگاداری هەموو جۆرە، رووداو و ئالوگۆڕەکانی سیاسیی نێوخۆی ئێران بوو. پێوەندیی گەرم و دۆستانەی لەگەڵ دەیان رێبەر و سەرکۆماری وڵاتان و، کاربەدەستانی نێوخۆیی و دەرەکییەوە هەبووە. لەروانگەی خۆیەوە، کەسایەتیی و، پێوەندیی سیاسی و،

هەڵسوکەوتی هەموویان – بە ئەندامانی بنەماڵەکەی خۆشییەوە، بەشێوەیەکی ڕاست و ڕەوان و، بێ پێچ و پەنا خستووەتەڕوو. ئەوەش وایکرد کە نەوە و بووک و تەنانەت کچەکانیشی لەخۆی تووڕە و زیز کرد. تا کار گەیشتە جێیەک، کاتێ لە نیویۆرک کۆچیدوایی کرد، ماوەی چەندین ڕۆژ تەرمەکەی لە ساردخانەی بیمارستانی نیویۆرک مابووە و، کەسوکاری قەرەی نەدەکەوتن. دایکی ژنەکەی حەمەڕەزاشا،کە ئەویش بیرەوەریی خۆی نووسیوە، لەلاپەڕەی ٥٠٦ ی بیرەوەرییەکانیدا لەو بارەوە نووسیویەتی:

"تاج لملووک، پاش مردنی، تەرمەکەی لەسەر زەوی مایەوە و، هیچیەک لە ئەندامانی بنەماڵەکەی، ئامادە نەبوون، مەسرەفی ناشتن و بەخاک ئەسپاردنی بگرنە ئەستۆی خۆیان. ئەوەبوو هاوسەری شا (فەرەح) لە پاریسەوە، پێنج هەزار دۆلاری نارد بۆ "غولامڕەزا ولیعهد" (کوڕە گەورە و، جێنشینی باوکی) تا بینێژن، بەڵام غولامڕەزا پێنج هەزار دۆلارەکەی لرفدا بۆخۆی و،نەیکردە سەرفی ناشتنی دایە گەورەی. لە ئەنجامدا، شارەداری نیویۆرک، بەنێوی ژنە هەژار و، بێکەس ناونووسیان کرد و، بەبێ تابووت و، بێئەنجامدانی هیچ ڕێوڕەسمێک، لەگەڵ تەرمی چەندین کەسی ئەڵکۆلی و، تووشبووی مادە سڕکەر کە مردبوون، لە نێو گۆڕێکی گەورەی بەکۆمەڵدا چاڵکرا".

(١٧*) – نازنێوی **"ئایەتۆڵڵا"** لە ئێران، یەکەم جار، لەلایەن پاشای مەغۆل بەنێوی **"ئەلجایتۆ"** بەکارهات. ئەلجایتۆ، بەڕێگەی زانایەکی شیعە بەنێوی **"مەلا حەلی"** یەوە بوو بە موسڵمانی شیعە و، نێوی خۆی گۆڕی و، نێوی **"سوڵتان محەمەد خودابەندە"** ی هەڵبژارد. **ئەوجا سوڵتان محەممەد، نێوی خوازراوی ئایەتۆڵڵای لەسەر مەلا حەلی دانا.** بەڵام بەکارهێنانی ئەم وشەیە، بۆ ماوەیەکی زۆر بەکار نەهێنرا. هەروەها وشەی **ئاخوند** لە دوو وشەی **آقا**، کە دواتر بووە بە (ئا) ی مەغۆلی و، وشەی **(خوند)**، لە وشەی **(خوێندەوار) ی کوردییەوە** وەرگیراوە. ئەم دوو وشە مەغۆلی و کوردییە، تێکهەڵکێشی یەک کرا و، وشەی ( ئاخوند) ی لێداتاشرا و، لەوە بەدواوە، لەنێو کۆڕو وکۆمەڵی ئاینیی بە تایبەتی و، کۆمەڵگەی ئێران بەگشتیی، بوو بە نازنێوی مەلاکان و زانایانی ئاینی و، وشەی ڕێزلێنان لە گەورەتر. بۆ وێنە، ئێستاش لەنێو فارسدا دەڵێن **"ئا غولامرەزا" (آقا غولامرضا)، "ئا تەقی" (آقا تەقی). وشەی "خوند" یش وەک گوترا لە وشەی (خۆنەوار، یان خوێندەوار) ی کوردییەوە وەرگیراوە.**

لەسەردەمی ئیمپراتۆریی سەفەوییەکان، پاشاکانی سەفەویی، نازناوی" شێخ الالسلام" یان بەنێوی مەلای شارە گەورەکان زیاد کرد. ئەوجا لەسەردەمی قاجارەکان، نازناوی "حجت الاسلام" بوو بە باو. وشەی "مەلا" کە لەنێو کورددا باو بوو، لەزەمانی سەفەوییەکاندا بوو بە پێشنێوی پێشنوێژی مزگەوتەکان و زانایانی ئاینیی. لە زەمانی حکوومەتی قاجارەکان، بەتایبەتیی لەسەردەمی شۆرشی مەشرووتەدا، مەلا گەورەکان و، زانایانی ئاینی، کە خۆیان لەئاستی پێشەوای ئاینیدا دەبینی، نێوی "مەلا و ئاخوند" یان بۆخۆیان بەکەمزانی و، سەرلەنوێ وشەی ئایەتۆڵلا قوتکرایەوە و، چەند مەلایەکی شیعە بە پلەی ئایەتۆڵا گەیشتن. ئەوجا نێوی مەلا و ئاخوند هەرمایەوە و، بەو کەسانە دەگوترا، کە لەرووی زانست و زانیاری ئاینییەوە لە پلەو ئاستێکی نزمتردا بوون. سەید محەممەد برووجردی، یەکەم کەسێک بوو کە لەسەردەمی حکوومەتی حەمەڕەزاشا، نازنێوی "آیت اله عظمی" ی پێدرا. لەگەڵ رووخانی رژێمی حەمەڕەزاشا و، بەدەسەلاتگەیشتنی مەلاکان، ئەو مەرج و پێوانە قورسانەی بۆ دیاریکردنی پلە و نازنێوی "ئایەتۆڵلا"، کە پێشتر لەبەرچاودەگیران، نەمان و، کاربەدەستان و، مەلا گەورەکان، لە شەوورۆژێکدا هەموویان بوون بە ئایەتۆڵلا.

(١٨*) – تحلیلی از شرایط اجتماعی روستایی ایران، ص ٢ و ص ٦١، تهران سال ١٣٥٧.

(١٩*) – ئەسەدوڵلا عەلەم، لەدایکبووی شاری "بیرجەند" سەر بەستانی خوراسان بوو. پاش تەواوکردنی خوێندن لە زانستگەی کشتوکاڵیی شاری "کەرەج"، بوو بە ستانداری ستانی بەلوچستان و سیستان. بنەماڵەی عەلەم لای بنەماڵەی شا ناسراو بوون و، باوکی عەلەم، کاتی خۆی خزمەتی زۆری بە رەزاشا کردبوو. ئەسەدوڵلا عەلەم، لەو نێزیکایەتییە کەڵکیوەرگرت و، خۆی لە شا نێزیک کردەوە. ساڵی ١٣٢٩ (١٩٥٠) بوو بە وەزیری کشتوکاڵ و، دواتر بوو بە وەزیری نێوخۆ. پاش سەرهەڵدانی دژایەتیی نێوان ئینگلیز و شا لەگەڵ دوکتۆر موسەدق، ئەسەدوڵلا عەلەم، پشتی لە شا نەکرد. ساڵی ١٣٤١ ی هەتاوی (١٩٦٢ی زاینی)، لەلایەن شاوە کرا بە سەرۆکوەزیرانی ئێران. عەلەم، زۆر باش دەیزانی چۆن دڵی شا رابگرێ. لەبەر ئەوە بە پێچەوانەی موسەدق و ئەمینی (سەرۆکوەزیرانی پێشوو)، هیچ کارێکی بەبێ پرس و ئیزنی شا ئەنجام نەدەدا.

**لە نامەکانیدا، یان لەکاتی رووبەڕوو بوونەوەی لەگەڵ شا، بەنێوی "پیشوای مقتدرمن" نێوی دێنا. شا پتر لە هەرکەسێک بڕوای بە عەلەم دەکرد. عەلەم، جگە لە ئەنجامدانی کار و ئەرکی حکوومەتیی، هەروەها ئەرکێکی گرنگی دیکەشی لەلایەن شاوە پێسپێردرابوو!! ئەو ئەرکەش ئەوە بوو، خانوویەکی نهێنی و شاراوەی بۆ شا ئامادە کردبوو و، دوور لە چاوی خەڵک و، شاژن و، دەستوپێوەندەکانی، کچ و ژنی جوان و لەباری دەبردە خانووەکەوە و، "سایە خدا و شاهنشا آریامهر" یش، چەند سانێک لە گەڵیان رایدەبوارد. بەڵام، پاش ماوەیەک، "فەرەح" (شاژن) بەمە دەزانێ و، لەپێش چاوی کۆمەڵێک کاربەدەست و، دەستوپێوەندی کۆشکی شا، بە زللە، لە "عەلەم" دەدا و، قسەی سووکی پێدەڵێت!**

**تاج الملووک سەبارەت بە (عەلەم) دەڵێ: "عەلەم، سەر بە ئینگلیز بوو. ئەوەشی نەدەشاردەوە و، بە ئاشکرا، بە شای دەگوت: "راوێژکاری نێزیکی دەولەتی بریتانیایە و، لە شاژنی بەریتانیا، نیشان و نازنێوی "سێر" (Sir) و، "لۆرد" (Lord) ی پێبەخشراوە!". عەلەم، مانگی نەورۆزی ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی (١٩٧٨ی ز)، بەهۆی تووشبوونی بە شێرپەنجەی خوێن، ساڵێک پێش رووخانی رژێمی پەهلەویی، لەتاران کۆچیدوایی کرد.**

**(٢٠*) – "مقدمەای بر انقلاب اسلامی" (لاپەڕە ٢٤٠ و ٢٦٤)، نووسینی: دوکتۆر سادق زیباکەلام.**

**(٢١*) – لە بیرەوەرییەکانم، نووسینی: کەریمی حیسامی (بەرگی سێیەم، لاپەڕە ٩٤ کۆپلەی ١ و ٢ و ٤. لاپەڕە٩٧ بەندی الف و ب، لەدەقی بەیاننامە فارسییەکە وەرگیراوە).**

**(٢٢*) – "کارەساتی کوردەکان" نووسینی: هێنری کیسینگەر (وەزیری دەرەوەی پێشووی ئەمریکا). سەباحی غالیب ساڵی ١٩٩٩ی زایینیی، لە ئینگلیزییەوە کردوویە بەکوردی.**

**(٢٣*) – شاپوور بەختیار، بەرەگەز کورد و، لە بنەماڵەی سەرۆک خێڵەکانی نێوچەی بەختیارییە. بەدرێژایی مێژوو، هۆزەکانی بەختیاری، هەوڵی پاراستنی خۆیان و خاکەکەیان داوە و، بەرەنگاری دوژمنان وداگیرکەران بوونەتەوە. سەت**

و بیست ساڵ لەمەربەر، لەشەڕ و لێکدانی نێوان بەختیاری و سوپای ئێرانی قاجاریدا، باپیری شاپوور بەختیار بەنێوی "ضل السلطان" کوژراوە. لەسەردەمی شۆرشی "مشروطه" دا، هۆزەکانی بەختیاری بە سەرۆکایەتیی "عەلی قولیخان سەردار ئەسعەد و نەجەفعەلی خان، کە دواتر بوو بە سەرۆکوەزیرانی ئێران، رۆڵی بەرچاویان گێڕاوە.

کاتێک رەزاشا بەدەسەڵات گەیشت، بەلاساییکردنەوە لە ئەتاترکی سەرۆکی ترکان، هەوڵیدا بەزووترین کات دەولەتی ناسیۆڵی فارس پێکبێنێت. ئەوە بوو هێرشی بۆ ئەو نێوچانە دەستپێکرد کە راستەوخۆ لەژێر دەسەڵاتی حکوومەتی ئێراندا نەبوون و، لەنێوچەکەی خۆیاندا سەربەخۆ بوون. پاش شەڕ و شۆڕێکی گەورە و گران کە چەندین مانگی خایاند، ساڵی ۱۳۱۳ی هەتاوی راپەڕینی بەختیاری بە گوللە وباروت نوقمی خوێنکرا و، بەهەزاران کەس کوژران و، فەرماندەکانی سوپای ئێران، بەهۆی دڕندەیەتییان نازنێوی "قەساوی لۆڕستان" یان پێدرا. ئەوجا رەزا شا، ئەندامانی بنەماڵەی سەرۆک هۆزی بەختیاری، لەوانە باوکی شاپوور بەختیاری لەسێدارە دا.

شاپوور بەختیار، لەکاتی دەستپێکردنی بزاڤی دژە کۆلۆنیالیستی لەلایەن دوکتۆر موسەدقەوە، بوو بە ئەندامی بەرەی ناسیۆنالی ئیران. پاش کودەتاکەی دژ بە موسەدق، لەلایەن رژێمەوە چەندین جار گیرا و، جارێکیان ماوەی سێ ساڵ لە زیندان مایەوە.

شاپوور بەختیار، ئەگەرچی بەرەگەز کورد بوو، بەڵام لەرووی بیروباوەڕەوە، ناسیۆناڵیستێکی ئێرانی بوو، بڕوای تەواوی بە پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێران هەبوو. رۆژی ١٦ی بەفرانباری ۱۳۵۷، بوو بە سەرۆکوەزیرانی رژێمی شا و، ماوەی ۳۷ رۆژ ئەو پۆستەی بەدەست بوو. چەند رۆژێکی مابوو بۆ سەرکەوتنی یەکجاریی شۆرشی ئیسلامیی، خۆی شاردەوە و، لەلایەن ئەندامانی بەرەی ناسیۆناڵ و دۆستانییەوە، توانی خۆی بگەیەنێتە ئۆروپا. شاپوور بەختیار، سەرەنجام، لەرۆژی ٦ی ئەگوستی ساڵی ۱۹۹۲ی زاینی، لەلایەن تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە ولاتی فەرەنسا لەنێو ماڵەکەی خۆی تێرۆرکرا.